# هێوری

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

**میلان کۆندێرا**

# هێوری

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

**ئەدیب نادر**

ناوی کتێب: هێوری – ڕۆمان
نووسینی: میلان کۆندێرا
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئەدیب نادر
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٧٥
پیت لێدان: سانا تەحسین + کوردستان کەیفی
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + سەباح ئیسماعیل + تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەهەند سەرتیپ + بەسۆز هیمداد
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٠٩٢ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

نووسین لەسەر مەدارەکانی هەسارەیەکی تر!

«ئەوەی کە ناتوانێت هیچ لە سێ هەزار ساڵ هەڵێنجێ ئەوە لە دەستەوە بۆ دەم دەژیت..»

گۆتە

ڕەنگە نووسین دەربارەی میلان کۆندێرا کارێکی بێ کێشە بەندیی و سانا نەبێت، چونکە بەر لە هەموو شتێك دەمانخاتە بەردەم شێوە نووسینێکەوە کە بەمانا ترادیسیۆنییەکەی مامەڵە لەگەڵ داهێناندا ناکات و لە دنیاکەیدا دەق دەکاتە ئاوێتەیەکی سەیر و عاجباتی لە واقیع و خەیاڵ و خەونە سەرومەڕەکانی مرۆڤ و بەش بەشکردنی دیار و ئاشکرای ئاسۆکانی ژیان و پێوەندییە دنیاییەکانی. لە ئەزموونی ئەودا کردەی نووسین دەرچوونە یان بەزاندنی سەرجەم ڕێسا باوەکانە و لە پانتاییی تێکستەکانیدا ئەوەی بەدی دەکرێت دەبێتە مایەی حەپەسان و وا لە وەرگر دەکات نەتوانێ بیئاخنێتە ئەو قاڵبەوە کە پێشوەخت پێی ڕاهاتووە. یەکێکی تریش لەو مەسەلە بایەخدارانەی کە خوێنەر بەرووبەری داهێنانەکانییەوە شەتەك دەدات ئەو پرسیارانەیە کە ئەو تەرحیان دەکات و تایبەتن بەخوێنەر، ئەو هاوبەشێتییەو ئەو ستایلە فرە جیاکار و دانسقەیەی کە بە گۆشەنیگای خۆی لە قاوغێکی ئیبداعیدا ئاشنای دەکات، ئەو پابەندییە سەر سامکەرە بەرجەستە دەکات کە تەنیا شاکارەکان وەدی دەهێنن.

خوێندنەوەی کۆندێرا، هەندێ جار هەستی ئەوە دەڕسکێنێت کە ئەم کەڵەنووسەرە قاڵدرمەیەکی تازەی داهێناوە و شێوازێکی تەواو جیاوازی بۆ سەرکەوتن بەسەریدا دۆزیوەتەوە و ئەو شێوازە ئاساییە نییە کە ئێمەی خوێنەر بەجۆرێکی میکانیکییانە ڕاهاتووین ئەنجامی بدەین، بۆ شرۆڤەکردنیشی وێ ناچێت دەربڕینێك شك بەرم کە لە گەشتەکاندا بە دنیای بێ تانوپۆی کۆندێرادا دەستگیرۆیی خوێنەر بکات، چونکە قەناعەتم تەنیا بەوەیە کە ئەو ڕاڤەکارییە دەکەوێتە ئۆباڵی دەقەکان و هیچی تر. میلان کۆندێرا، کە لە ساڵی ١٩٢٩دا لە چیکۆسلۆڤاکیا لە دایك بووە و هەر لە ساڵی ١٩٧٥یشەوە لە فەرەنسادا سەقامگیرە، خاوەن شۆرەتێکی لە چاڵش بەدەر و بێ سنوورە و چەندین ڕۆمانی بەناوبانگی هەیە کە بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان پەرچڤە کراون، لەوانە ڕۆمانەکانی: گاڵتە، عەشقە پێکەنیناوییەکان، ژیان لە شوێنێکی تردایە، ئاهەنگی ماڵئاوایی، کتێبی پێکەنین و لەبیرچوونەوە، نەمری، ڕۆشنایی لە تامڵبەدەری بوون، هێوری و.. لە شانۆنامەکانیشی: کلیلەکان، جاك و سەروەرەکەی و.. هەروەها لە نووسینە نافیکشنەکانیشی ″ناداستانییەکانی″ کتێبی هونەری ڕۆمان و کتێبی پەیمانە شکاوەکانن.. کە بێگومان ناوبانگێکی جیهانیی ئەوتۆیان بۆ دەستەبەر کردووە بەدەر بێت لەوەی کە پێداویستیی بەپێناسەی زیاتر هەبێت. ڕۆمانی ″هێوری″یش یەکێکە لەو دەقانەی کە کاراکتەرێکی جوان و لەیادنەچووی هەیە لە نێو فیکشنەکانیدا و یەکەمین ڕۆمانێیەتی کە بەزوبانی فەڕەنسی و پاش نزیکەی پێنج ساڵ لە نووسین ناوبڕ وەرگرتن بەرهەمی هێناوە و ڕۆمانێکی کۆنترۆڤێر شەڵێتی ″جیدالیی″ و دەشێت گەلێك خوێندنەوەی هەمەجۆر و وتووێژی جیدی هەڵبگرێت. ئەم خوێندنەوەیەش هەوڵێکە بۆ تیشك خستنە سەر هەندێ بڕگەی ناو ڕۆمانەکە و سەرنجدان لە وردەکارییە سەیرەکانی، بەمەبەستی زانینی ئەوەی چۆن چارەسەری ئەو چەردە سەبڕژێکتە بایەخدارە دەکات کە ئینتەرتواین ″تێکئاڵان″ێك لە

ناوەوەدا پێك دەهێنن. ئەگەرچیش ئەو لە ڕاستیدا دەیەوێت لە هێورییەوە بدوێت، بەڵام هێوری بەرەو باکگراوندی ڕۆمانەکە پاڵ دەنێت و خێرایی دەکاتە پاڵەوانی سەرەکی و دەیهێنێتە رووکار و پێشەوە، هەر وەکو لە دەقەکەیشدا بەم شێوەیە تۆخ دەبێتەوە: ″کاتێك کە شتەکان بەخێرایی ڕوودەدەن، هیچ کەسێك ناتوانێت لە بارەی هیچ شتێکەوە دڵنیا بێت..» تەنانەت ″لە بارەی خۆیشییەوە″ دڵنیا نابێت و ئەمەیش بەشێنەیی دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو هاوکێشەیەی کە بەم شێوەیە دەقەکە بەرهەمی دەهێنێت: ″پلەی خێرایی ڕاستەوخۆ لەگەڵ زەبر و تینی بیرچوونەوە دا هاوڕێژەیە″. خۆ دانە دەست ئەم خێراییەش کە دواتر بە ″شەیتانی خێرایی″ ناوزەدی دەکات لە تایەکەی تری هاوکێشەکەدا کاراکتەر بەبیرچوونەوە دەبەخشێ و بەمەیش بیرکردنەوە کەسێتیی خۆی ون دەکات و لاواز و کاڵ دەبێتەوە و بەیەکجاریش گڕی ئەو یادەوەرییە دەکوژێنێتەوە کە مێژوو تێیدا ئەرشیف کراوە.

لە سەرەتاوە ڕووناکی ناکەوێتە سەر تاقە ڕووداوێك، بگرە بەچەند لایەکدا پەل دەهاوێت و پەلاماری هەندێ شتی تریش دەدات کە چاوەڕوان نەکراوانە و بێ ئەجێندایەکی پێشینە لە ژیان و دەوروبەری کاراکتەرەکاندا لە پرۆسەی ڕوودانن.

کۆندێرا تانوپۆی ئەم ڕۆمانەی لە چەند بەسەرهات و دوو چیرۆکی پەرەلێلرۆیشتوودا بنیات ناوە و بەتێڕامانێکی ڕواڵەتییانە لێکدابڕان و مەوداداریی نیشان دەدەن و کەچی بەکرۆك و ناواخن وابەستەییەکی کۆنکریتانە لە بەینیاندا هەیە و هەر لە خاڵی دەستپێکیشەوە بەخۆشڕەویی ڕێگەی ڕسکاندنی ڕووداوێکی تۆکمە و یەکگرتوو دەگرنە بەر و وردە بەسەرهاتەکانیش دەبنە پاڵپشتکەری بەرکەماڵێکی جوان و ئەو چێژ و لەزەتە بەوەرگر دەدەن کە هەموو دەقێکی داهێنەر و سەرکەوتوو، بەپلەی یەکەم، وەزیفە و خواست و ئاواتییەتی. کۆندێرا ئەو کاراکتەرە

بەرجەستانەی کە ڕووداوە سەرەکییەکان دەرسکێنن، بە جووڵانەوەیەکی فـانـتـازیـانـە بـەو ڕابـردووە دێرینـەوە پـابـەند دەکـات کـە بـووەتـە بـنـاغـەی دەسـتـکـەوتـە مـرۆیـیـیـەکـانـی ژیـانـی ئـەمـڕۆی ڕۆژاوا و دواسا، وەکـو سیحربازێك هەنووکە دەکاتە شارە مێروولەیەك و تۆڕی شتەکانی تێیدا دەبەستێتەوە و ئەوانیشی تێیدا قووت دەکاتەوە وەك بڵێی لە خەوێکی هێجگار خۆش بەخەبەریان بهێنێتەوە. گشت ئەو سەبژێکتانەی کە ئەم تێکستە دەیانگرێتە خۆی برێتین لەو ڕەهەندە دینامیکییانەی پانتاییی ئێستامان دەڕووشێنن، مەنگییەکانی دەشڵەقێنن، ستاتیکەکانی دەبزوێنن و بـانـگـەشە بـۆ پـڕۆتـێستـۆ و نـاڕەزایـی دەربـڕیـن دەکـەن دەربـارەی ئـەو ژینگەیەی کە تێیدایـن و داوای هەوڵدانمان لێ دەکەن بۆ ئەوەی وەکو ئیندیڤیدواڵ ئاستی ڕۆحی و ژیانی خۆمان بەرز بکەینەوە و تەرح و خوێندنەوە بۆ ئەو "تابۆ"یانە بکەین کە هەتا ئێستایش وابەستەی مرۆڤن و ڕەنگە تا دواڕۆژێکی دووریش هەر وابەستەی بمێننەوە. جگە لەمانەش دوان لـە ڕەهـەنـدە سـتـاتـیـکـەکـانـیش لـە مـیـانـەی دەربـڕینـی بـزووتـنـەوە مێژووییەکان و سەرکۆنەکردنی ئێستا و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەوسا "ڕابردوو"دا، دەگاتە ئەو سەرەنجامەی کە مرۆڤی خاوەن کەلەپوورێکی مێژوویی سەربەرزکەر بۆچی ئاوها پاسیڤانە بەرامبەر قەتیس مانی شـتـەکـان دۆش دامـاوە؟ بـۆچـی وای لـێ هـاتـووە بـێ هـەڵـوێسـتـانـە لـە ڕووداوەکانی دنیا ڕادەمێنێ؟ بۆچی هێندە تەوەزەلیی بەرۆکی گرتووە؟ ئەگەر تەنیا چرکەساتێك لە شتەکان تێ بفکرێت ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە هـەمـوو ئـەوەی کـردوویـەتـی «بـەتـایـبـەتـی دوای بـزووتـنـەوە و شۆڕشە مەزنەکان» گۆڕینی شەقڵەکان بووە و هیچی تر.. هەر شەقڵەکان ئاوا کراونەتەوە، کەچی ڕۆح.. جەخار! خەراباتە و مرۆڤ هیچ کۆششێکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی نەکردووە.

بۆ گەلێك هاووڵاتی ئەوروپایی شتێکی ڕمۆك نییە کە لەپڕێکدا بێزاری و

یەکنەوایی و ڕۆتینییەتی ژیان دەیکەن بەخاوەنی بڕیارێکی ئەوتۆ کە دەستبەجێ خۆی فڕێ بداتە نێو ئۆتۆمبێلەکەی و بەنیازی گەشتێك کە کاتییانە لەو کەش و بایەی کەبینی دەگرێ دووری بخاتەوە، دەکەوێتە ڕێ، بڕیارێکی ئاواش دەبێتە دەستپێکی ڕۆمانی "هێوری" و گێڕەرەوە کە نووسەر خۆیەتی "هەروەکو دواتر لە بۆتەی دەقەکەیشدا ئاماژە بەوە دەدرێت و دەردەکەوێت" و ڤێرای هاوسەری دەکەونە ڕێ و بەرەو ئاواییەکانی دەوروپشتی پاریس داژۆن، بەو هیوایەی لە فەزایەك بەهرەمەند بن پڕ بێت لەهێوری و لەسەرخۆیی و ئاسوودەیی، هەر بەڕێگەوە ئاماژەکردن بەمەترسیداربوونی جادەکان وەکو مەسەلەیەکی جیدی دێتە گۆڕێ و ڕووبەڕووی ئەو تراژیدیایەمان دەکاتەوە کە ستاتیستیکی ساڵانەی ئەوانەی بەڕووداوی هاتوچۆ لە فەڕەنسادا دەمرن دەخەنە بەرچاو و لەوێوە هاودژی لەگەڵ تایتلی "ناوونیشان" ڕۆمانەکە بەرجەستە دەبێت و شیرازەی دەقەکەمان بۆ دەچنێت و تا کۆتایی بەردەوام دێتە ناو دیمەنەکانەوە – وەکو ئەوەی خەون یاخۆ خەیاڵ یان دەرچوون لەو واقیعە قێزەونە و چرکەساتە یەکنەوا و بێ کۆتاییەکانی دووری خستبنەوە – و ئەو نیگەرانییە بەردەوامەش وەکو ڕاستییەك بەرهەم دەهێنێتەوە کە بەهۆی ئەو ئاژۆتنە بێباك و بەکەیف و خۆشی گەمارۆ دراوە وە سەرەنجامگیرن. جێ مەبەست شاتۆیەکە پاش تێپەڕینی زەمەنێکی درێژ بەسەر ئەتیکێتە کۆنەکاندا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و بوونەتە ئوتێل، "واتە هەر هەمان شتن و تەنیا ناوەکانیان گۆڕاوە!" گێڕەرەوەیش ئەو مێژووەی تێدا زیندوو دەکاتەوە کە ئەو ڕووداو و جموجووڵەی چیرۆکی یەکەم دەگرێتە خۆی و ئێستای لەگەڵدا دەبەستێتەوە کە گۆڕەپانی چیرۆکی دووەمە و درێژەی ژیانێکە لە دوای کۆمەڵێك وەرچەرخانی گەورەی مێژوویی دەستی پێ کردووە و بەردەوامیی هەیە. کۆندێرا لەو قەبارە بچووکەی ڕۆمانەکەدا دەیەوێت

ئـەوەمـان پـێ ڕابـگـەیـەنـێت کـە زۆر گـۆڕانـکـاری بـەسەر خـووڕەوشت و مـۆراڵـمـانـدا نـەهـاتـووە و تـەنـیـا ڕەهـەنـدە مـاتـەریـاڵـیـیـەکـانـی ژیـانمـان وەرچـەرخـانـی گـەورەیـان بـەسەردا هـاتـووە، ئـەگـیـنـا وەکـو مـرۆڤ هـێشتـا دووریـن و تـەریب نین لـەگـەڵ ئـەو پـێشوەچـوونـەی کـە مـادە بـۆ خـۆی بـەرزەفـتـی کـردووە. ئـا لـێرەوەیـە کـە زەمـەن خـۆی بـەرجـەستـە دەکـات و ڕەهـەندەکانی شایـانی شەرعییەت وەرگرتن دەبن.

جێگەی ڕووداوەکان تەنیا یەك جێگەیە و گێڕەرەوەی حیکایەتەکەیش تێڕوانینێکی باڵندانەی هەیە ″نەك بە سەر شوێندا بەڵگرە بەسەر ڕووبەری ئەو زەمەنەی کە بەر لە شۆڕشی فەرەنسا دەست پێ دەکات و هەتا کۆتاییی سەدەی بیستەم درێژە دەکێشێت″. تێمەی گشتیی دەقەکە، خۆشەویستی پێکی دەهێنێت و ڕابردوویەك لە هەنووکەدا سوباتی خۆی جێ دەهێڵێت کە بەزەمەنێکی پتر لە دوو سەد ساڵ مەودا وەردە گرێت، بەڵام بە شێوەیەك خۆی دەخولقێنێتەوە کە لە ناواخندا تێهەڵکێش بن و لە مابەینی موتەعالی و بوودەڵەییدا جێگۆڕکێ بکەن. لێرەیشدا هاوکات، هەروەکو لە دەقەکانی کۆندێرا چاوەڕوان کراوە، دیارخستنێکی بەشکۆ و ئەنالیزەیەکی سامناکی بـوونـگـەرایـی خـۆی دەنوێنـێ و مـرۆڤ بـریـتـییـە لـە چـەردەیـەك هـەست و خـواستـی ڕەوا و هـەوڵـدانێکی سەرشەقـانـە بـۆ بـەدیـهـێـنـانـیـان، بـەڵام ئـایـا هـەرگیز دێنە دی؟

بەشێوەیەکی گشتی لە زۆر شوێندا ئەم ڕۆمانە پۆشاکی ژۆرناڵەکانی گـەشتـکـەرێك لـەبـەر دەکـات و لـە زۆر شوێـنـی تـریشدا هـاوجـۆریـی لـەگـەڵ ″وتـار″دا پـەیـدا دەکـات و لـە پـاڵ بـیـرۆکـەی بـنـچـیـنـەییی دەقـەکـەدا کـە هێورییە- خێرایی و لە پاڵ بە ئاگابوون و حەزەریشدا- لاف لێدان و خۆ دەرخستن- پـێکـەوە گرێ دەدرێن و ئـەم ئـێلـیـمـەنـتـانـەیش چـەشنـی چـەند کلیلێکی زۆر گرینگ خۆیـان بۆ تێگەیشتن لە ژیانی ئێستا و ژیان بـەگشتی لـە دنـیـا هـاوچـەرخـەکـەمـاندا پـێشکێەش دەکـەن و بـاس لـە خـەڵـکـانێکەوە

دەکەن کە ئەستەمە لە ناویاندا پاڵەوانی سەرەکی هەڵبژێررێت، چونکە هەموویان لە پەراوێزێکەوە سەریان هەڵداوە و لە نێو جوغزی ئەم ژیانەیشدا پاڵەوانی ڕاستەقینەن و ناکرێت "ئیختیزال" بکرێن و بخرێنە پەراوێزی یەکترەوە یاخۆ بخرێنە پەراوێزی پاڵەوانێکەوە کە ڕۆشناییيەکی زۆر یاوەریەتی و لێی بەهرەمەندە.

زۆر جار کۆنسێنترەی "ترکیز" خوێنەر شەباقەی تێ دەکەوێت و بەسەر گشت چەمکە گرینگەکانی ژیاندا پەراگەندە و دابەش دەبێت: خۆشەویستی، لەخشتەبردن، سێکس، موراڵ، ئاین، توندوتیژی، چاکسازی، تابو، چێژ و لەزەت، دۆستایەتی، ڕابردوو و ئێستا، گاڵتە، ڕۆژئاوا و ناڕۆژئاوا، ئەفریقا، دیموکراسی، هێدۆنیزم، بەرەڵلایی، تۆتالیتاری، گەمارۆ، خیانەت، درۆ، بێ باوەڕی.. ڕاستگۆیی و... تێهەڵکێش کردنی دوێنێ و ئەمڕۆ و تەنانەت دەتوانین بڵێین سبەینێش... کە بەڕاستی دوای ئەو هەموو پەرتبوونەیش، خوێنەر دەتوانێت ستایشی خۆی بەرامبەر بەو جیهانبینییە دەربڕێت کە لە قووڵاییيەوە سەرچاوەی گرتووە و لەم دوو توێیەدا گوزارشتی لێ کراوە.

بێگومان، با جارێکی تریش بگەڕێینەوە سەرەتا و بڵێین گێڕەرەوە بەمەبەستەوە خوێنەر پەلکێشی نێو بیروباوەڕە بەنێەگەتیڤ تەرجەمەکراوەکەی ئەپیکۆری ئەمڕۆی ئەوروپا دەکات و لە چەمکی ڕۆحی و خواستە بالاکان دای دەبڕێت و بەلەزەت و چێژبینییەوە عەودالی دەکات، ئاماژەکردنی سەرپێییش بە "مارکیزدی ساد" و ئاهەنگەکانی "ئۆرجی– عەیش و نۆش و هاوجێبوونی بەکۆمەڵ" و گرتنی سەرەداوی هەندێك ئەزموونی لابەلای نێو ڕۆمانەکە شایەدحاڵی ئەوەن کە کۆندێرا گوزارشتێکی ڕاستگۆ و واقیعیانەی دوا دەیەی سەدەی بیستەمی ڕۆژاوا دەکات و ئەو مانایەش بەوشەی خۆشەویستی دەبەخشێت کە لە هەنووکەی ئەوروپادا باوە و دەرەنجامی ئەو بێ بەند و باری و عەیش و

نـۆش و تـەركـیـزكـردنـە سەر سۆدۆمـیـیـەیـە "لـەوات" كـە یـۆتـۆپـیـای ئەپیكۆرییەكان كەوتووەتە ژێر مەرحەمەتی و بەپەتایەكی وتووێژ هەڵگر و خـەتـەرنـاكـی وەكـو ئـەیـدزەوە هـەڕەشەیـەكـی جیدییـانـەی بـەنێوەندە مرۆییەكە بەخشیوە كە بێ شك دۆزینەوەی چارەسەری گرانبەهایە و كاتێكی زۆر و ئیرادە و خواستێكی پەیگیر و خۆ تەرخانكردنێكی تەواو دڵسۆزانەی پێ دەوێت. جگە لەمانەش هەموو، كێشە و گرفتە مۆدێرنەكانی تریش دەخاتە ژێر مایكرۆسكۆبی تێڕامان كە هەندێكیان وەكو ڕیكلام بۆ ئامانجی سیاسیی تەسكبین بەكار دەبرێن و هەندێكیشیان هەوڵ دەدرێت بـەچـەنـد هـەزار گـونـیـە بـرنـج و دانـەوێڵـەیـەك چـارەسەر بـكـرێن!! كـە لـە هەقیقەتدا فاكتەرەكانیان زۆر لەوە قووڵترن كە بەو سادەییە – دەشێ بڵێین دەستئەنقەستە – سەودایان لەگەڵدا بكرێت و بیر لە چارەسەرێكی ڕادیـكـاڵـیـیـانـەی عـەقـڵانـیـی بـەدەر لـە بـەرژەوەندییـە یـەك لایـەنـیـیـەكـان نـەكـرێتـەوە. بـێگـومـان نـاڕاسـتـەوخـۆش پـەنـجـەنـومـا بـۆ دەرەنـجـامـی ئـەو سیـاسەتـە تـاك بـەرژەوەنـدخـوازانـە دەكـات كـە ڕۆژاوا هـەر لـە سەردەمـی كـۆڵـۆنـیـالـیـزمـەوە بـەرامـبـەر بـەنـاڕۆژاوایـیـیـەكـان پـراكـتـیـزەیـان دەكـات و بەهەندێ گاوگەردوون و خێرەومەندییش مەحاڵە بنبڕی ئەو كێشانە بكات كە زۆربەی كات دەستكردن و یەخەی ئەو جیهانانە دەگرن كە زەمانێكە ئـاستیـان بۆ پلە سێ داگیراوە و چەقیـان پێ بەستراوە.

ئینجا كێشەی چیكۆسلۆڤاكیای پاش ساڵی ١٩٦٨ و داگیركردنی لە لایەن یەكەتیی سۆڤیەتی جارانەوە لە بیر ناچێت و دەیخاتە نێو بۆتەی چیرۆكێكی تری لاوەكی "كە بێگومان پایەی لە نێو دەقەكەدا لە چیرۆكە سەرەكییەكان كەمترنییە و بەپێچەوانەوە ئاوڕدانەوەیەكی زۆر گرینگە لەو ئیپۆكە شپرزەیە" كاریگەرەوە كە تەرحی كۆژانەكانی یەك خێزان دەكات و ڕەهەندێكی پان و بەرینتری دەداتێ و دەیكاتە نومایندەی كۆمەڵگەیەك، كە ئەویش خێزانەكەی چێخۆرپیپسكییە "زانا چیكییەكە" كە لەو سەروبەندەدا

چـی بـەسەر  دێت و چـــــۆن دوای بـــــیست ساڵ لــــە کۆنفرانسی ئـێنـتـۆمـۆلـۆجیستـەکـانـدا "زانـا مـەگـەزنـاسەکـان" بـەشێوەیـەکی زرنگـانـە مێژوویەك لە ڕێگەی بەرچاوخستنی ئەو کاراکتەرەوە بەرجەستە دەکات و هـەوڵ دەدات ئـەو مـوعـانـاتـە نـەمرانـە ڕابگرێت... چـونکـە هـەر تـەنـیـا بـەو نـەمـریـیـەی مـوعـانـات دەتـوانـێت لـەبـیـرچـوونـەوەی خـۆی بـبـەزێـنـێت. چارەسەریش بۆ ئەم گرفتە بێ شك بەپلەی یەکەم مانەوەیەتی لە زاکیرەی نەوەکان و بەراوردکردن و تێکۆشانە بۆ دوورکەوتنەوە لەو دیسپۆتیزمانەی تەنیا دواکەوتن و داپلۆسین و ئەو موعاناتانە بەرهەم دەهێنن کە مێژووی مرۆڤایەتییان لێوانلێو کردووە. کاتێکیش کە نۆرە دێتە سەر ئەو، لە بری ئەوەی لێکۆڵینەوە پێنج لاپەڕەییەکەی گیرفانی دەربکات و بیخوێنێتەوە – کـە بـرێتـیـیـە لـە دەرەنجامـی دۆزینـەوەی جۆرە مـەگـەزێك و بـەرز ڕاگرتـنـی بەشدارییەکەی خۆی لە بواری ئەم زانستەدا – وەلێ جۆرە هەستێکی غەوارە دای دەگرێت و وەکو زانایەك خۆی لە بیر دەچێتەوە و وەکو مرۆڤێك ئازار و کلۆڵییـەکـانی ئـەزمـوونـەکـەی خۆی دەگێڕێتـەوە. کتـوپڕ سەرنجەکانی نێو هۆڵەکە سەرجەم بەسەر ئەو چرکەساتە مێژووییەدا هەڵدەنیشن، بەڵام دواتر کە تەوقە و دەستخۆشیی لێ دەکرێت و دەیەوێ بابەتی قسەکانی درێژەیـان هـەبێت، ڕۆژاواییەکان پاشەکشەی لێ دەکەن و چەندین جار لـەوە ئـومـێدبـڕی دەکـەن کـە ڕستـەیـەکی پێشینـەی نـاتـەواوی خـۆی تـەواو بکات، بێگومان ئەمەیش لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە ڕۆژاوا خاوەنی ئەو تـەعـالی و کـەبـریـائـەیـە کـە تـەنـانـەت بـەرامـبـەر بەتوێژێکی ئینتیلیجنسیای نــاڕۆژئـاوایـی ئـامـادەیـی ئـەوەی نـیـیـە کـە گـوێگـر بـێت، بـگـرە  هـەمیشە ویستویەتی و دەیەوێت قسەکەری سەرەکی بێت و تەنیا گوێ لە خۆی بگیرێت نەك بەپێچەوانەوە. دواتریش تیشکێکی بەراوردکارانە دەخاتە سەر مۆڕاڵی هەر دوو لا، ئەویش کاتێ کە ئەو ئافرەتە سپیپۆشە "ئیماکیوولاتا" کە بەنییەتی خۆکوژی دەچێتە نێو حەوزەکە و دڵدار و هاوجێیەکەشی "وێنە گرەکە" کەوتووەتە سەر ئەژنۆ و هاوار و هەڵڵا دەکات و دەگریەت،

زانا چیکییەکە، تەنیا کەسێکە – بەشانازییەوە – خۆی دەهاوێتە ناو ئاوەکەوە و بیر لە ڕزگارکردنی دەکاتەوە. سەرباری ئەو هەوڵە ئاکارییەیش لەگەڵ وێنەگرەکەدا دەستەویەخە دەبێتەوە "بەبێ ئەوەی نیازی ئەوەی هەبێت شەڕ دامەزرێنێ". وا دیارە لە میانەی ئەم دیمەنەوە، کۆندێرا، دەیەوێت ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێت کە ڕۆژاواییەکان "ڕێز لەو بڕیارە دەگرن کە تاك بۆ دواییهێنان بەژیانی خۆی، دەیدات" بەڵام بەهاکانی ئەوانی تر ڕێزگرتنە لە خودی ژیان – لەبەر بینین و تاقیکردنەوەی ژیانێکی ئاڵۆز و پڕ ئازار و چەرمەسەری و سەرەڕای ناخۆشییەکانیشیان ستایشی زیندەگی دەکەن و ناهێڵن هەرەس بهێنێت. ئەمە بەراوردێکی ناوازەیە بۆ جیاکارکردنی ئەو ئاوتسایدەرانە "بێگانانە"ی کە چوونەتە دنیاکەی ئەوان و کەللەشەقانە هەوڵی ئەوە دەدەن خۆیان لە دنیای پەراوێز دەرباز بکەن و بچنە دنیای ڕاستەقینەی ڕۆڵ بینین و کاریگەربوون "کە تەقریبەن هەموو ئامارژەکان ئەوە دەسەلمێنن کە تەقەللایەکی پەرەلێڵە لەگەڵ مەحاڵدا".

دوای ئەمەش ئایا ئامارژەدان بەدوو چاکسازی گەورەی سەدەکانی ناوەڕاستی وەکو جۆن هەس و مارتین لۆسەر، ڕاستەوخۆ ئیشارەیە بۆ فیداکارییەکانی دنیای کریستیانییەت و ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەستی هێناوە، یان شتێکی تەواو جودایە؟ ئایا بێ ئاگایی لە مێژوو و دراماکانی ئەوە دەگەیەنێت کە قەدر و پێزانین لە دیدی نەوەکانی ئەمڕۆدا مانای نییە و ئەو دەستکەوتانە نابینن یان بەشێوەیەك تەماشایان دەکەن وەکو ئەوەی هەر لە ئەزەلەوە لە بەردەستدا بووبن و پێداویستی بەخۆبەختکردن و قوربانیدان لە ئارادا نەبووبێ؟ ئایا ئەمە بێ مانایی ڕابردووە بۆ ئەوان و پەیوەست نەبوونە بەئایندە و بەرپرسیاریەتی ویژدانی و ژیاریی بەرامبەر بە نەوەکانی داهاتوو؟ ئایا ئەمە دەربڕینی بێ هەویاییەکی موتڵەقە بەرامبەر بەنەوەیەکی پاسیڤی مێژووی مۆدێرنی ئەوروپا؟ یان نەوەی ئەمڕۆ "نەوەی دوای مۆدێرنە و گلۆبەلایزەیشن" دەخاتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوە؟

دواتر لە کۆتاییی ڕۆمانەکەدا درك بەوە دەکەین کە چی تر دوو چیرۆکە سەرەکییەکە پەرەلێل نین، چونکە ئەو کاتەی کە "پیاوە جلوبەرگ کەوناراکە" واتە شێڤالێرەکە، دێتە ناو دیمەنی لاپەڕەیەکی مێژوویی کاڵبووەوە و لەگەڵ ڤینسینتدا بەخێرایی پێك دەگەن و فاکتی پێك گەیاندنی چارەنووسی حیکایەتەکان بەرجەستە دەکەن. لێرەدا کارامانە دابڕانی بەسەرهاتەکان و زەمەنە دووورودرێژە دوو سەدەیییەکەیش هەڵدەوەشێتەوە و بەجووڵانەوەیەکی هۆشمەندانە ڕستەی "هەموو شتەکان درێژەیان هەیە"مان دێتە بەرگوێ، ئەوسا دەرك بەوە دەکەین کە لێك دابڕان پەیڤێکی کاڵە و ڕابردوو و ئێستا و دواڕۆژیش پێوەندییەکی دیالەکتیکیی پتەویان پێکەوە هەیە و هەرگیز دابڕاو نین و لێرەیش بەدواوە ئەو شتانە دووپات دەبنەوە کە بەر لە دوو سەدە ئەنجاممان داون، بەڵام بیریان لێ ناکەینەوە، چونکە دوای "شەیتانی خێرایی" کەوتووین و بیرکردنەوەیش واتە جیدی بوون، کە "ڤێرا" جەختی لەسەر دەکاتەوە و بەڕزگارکەر و سەنگی مەحەکی لە قەڵەم دەدات بۆ دۆزینەوەی بەهای نوێ و گۆڕینی ئەو کولتوورە ستاتیکەی کە بەدرێژاییی سەدەکان وەکو مۆتەکە مرۆڤی لەوە دابڕیوە کە بەپایە و ئاستێکی ئینسانیی بەرزتر بگات. لە سۆنگەی ئەوەیشدا کە مرۆڤ عاشقی ماتێریاڵ بووە، موجەڕەدە لە هەستە مرۆڤایەتییەکان و تەنانەت بووەتە هۆی ئەوەی خۆیشی لە بیر بکات. ڕەنگە هەر ئەمەیش وای کردبێ کە کۆندێرا لە چەند شوێنێکی تێکستەکەدا کاراکتەری ژیانی ڕۆژاوا لە فۆرمێکی ئەوتۆدا بەرجەستە بکات کە تابیر کردن بێت لەوەی: "بیر لەم ساتە بکەرەوەو بەس، سبەینێ نییە، جەماوەر "یاخود کۆمەڵگە" نییە، هەرکەسە و بەئاڕاستەیەکدا مل دەنێت، کەس بەکەس نییە" و ڕووناکی بخاتە سەر ئیندیڤیدوا لیزمێك کە بوعدی بەرپرسیاریەتیی لێ ونە و هەموو شتەکانیشی لە بەختەوەریی تاکەوە سەرچاوە دەگرن.

لێرەدا پێویستە بەخێرایی ئاماژە بۆ ڕووداوە لابەلاکانی تریش بکرێت

که خۆیان لەم بەسەرهاتە پێداگرانەدا دەبیننەوە: "لێکچەری سێکس و ئۆرگازمی ژنە ئەمریکییەکە، پرسی سەماکارەکان و جۆدۆی مۆراڵی کە مەبەستی جێ و پایە وەرگرتنە لە ڕێگای توانا و داهێنانەوە، ماژەرای ئەیدز و کێبەرکێی نێوان بێرك و دوبێرکس، مەرگی منداڵە ڕەشوڕووتەکانی سۆماڵ، دکتۆر ئێچ و پێشێلکراویی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەیدا، پۆنتیڤین و دەنکەکەی و کیژە تایپیستەکە، کیسنگەر و ئافرەتە ڕۆژنامەوانەکە، ڕاگیری و هەڵبژاردنی وشە هاوبەشەکانی میان چەپەکان و جەختکردن لەسەر تێرمی ڕووتی، چیرۆکی ئۆرجییەکە، مێشکی بەلیبیدۆ لە وتاوی ڤینسینت و تێشکانی لە کاتی ئەداکردندا، دواندنی ئەندامەکەی ڤینسینت، پەیوەندی ئیماکیولاتا لەگەڵ بێرکدا، هەڵخەڵەتاندنی شێڤالێرەکە و ڕەواندنەوەی گومانی مێردەکەی مەدام دی تی لە مارکیزە عاشقەکەی، باسکردنی چامەکەی ئەپۆلینەیر، ئاماژەکردن بەهەلومەرجی بەشەریی لە نێو وتووێژەکانی ڤینسینت و پیاوە قات لەبەرە کەشخەکە، ڕووداوەکەی مابەینی ئیماکیولاتا و وێنەگرەکە، ڕێپێوانی چەپە ئەڵمانەکان،..." کە بینای ڕۆمانەکە بەهێزتر دەکەن و هەڵوێست و سێنتەمێنتالێتی ڕۆژگاری نوێمان بۆ بەرجەستە دەکەن و لە نێوانی فیکشن و خەیاڵ و واقیعدا دەمانگوێزنەوەو گرینگترین ماژەراکانی ژیانمان بۆ ڕنووس دەکەن کە ئەویش "خۆشەویستی"یە و هەموو شتەکانی تریش هەر لەوەوە سەرچاوە دەگرن و پێکەوە بەند دەبن. ئەگەر بشمانەوێت بەگوزارەیەکی کاریگەرانە و پڕ دیقەت ئێکسپرێسی کەسیەتیی ئەم ڕۆمانە بکەین، ئەوا دەکرێ بڵێین ڕۆمانێکی لاقرتێ ئامێز و ساتیریکەڵە و ئەو پرسیارەمان ئاراستە دەکات کە ئاخۆ ئەو هەماهەنگی و ڕیتمە لەسەرخۆ و هێور و مەسئوولانەیەی جارانمان کوانێ و بۆچی گۆڕا و لەپڕا خێرایی و پەلەکردن جێیان گرتەوە؟ کە ئەمە گومان هەڵنەگرە بەرەو هیچ ئامانجێکی لەوە باشترمان نابات و لەو چێژ و لەزەتە

ڕاستەقینەیە  بێبەریمان دەکات کە پێویستە لە ژیانەوە هەڵی گوێزین.

دواجار دەمێنێتەوە ئەوە بڵێم کە فۆرم و وشەکانی ئەم ڕۆمانە لە خودی ژیان زیندووترن و بەرپرسیارن لەوەی کە تەرحی دەکەن و کاریگەرییەکی ئەفسووناویی گەورەیان لە دوو توێی خۆیاندا حەشار داوە و بەبوارێکی جیاکار و دانسقەی ئافراندن ئاشنامان دەکەن کە حەوجەی بەخوێندنەوەی جودا و کەشف و دۆزینەوەی تازە هەیە و ڕەنگیشە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە هەوڵێك بێت بۆ خوڵقاندنەوەی تێکستی نووسەرێکی جیدی لە ڕەحمی زوبانەکەماندا کە ئەویش بێ شك کارێکی بارگاوییە بەکێشەبەندییەکی ناهەموار و پێویستی بە ئاگاییەکی زۆر هەیە بۆ هێشتنەوەی شێوازی ڕەسەن و هەستە شیعر ئامێزەکەی و هەروەها بەزیندوویی پاراستنی ڕۆحییەتەکەی هەتا دواجار لە ئەدەبەکەی ئێمەیشدا ببێتە بەشێکی جیانەبووەوە و کاریگەر لە گەیاندنی کەلەپووری مۆدێرنەی میللەتانی تر و موتوربەکردنیان لەگەڵ کەلەپووری کەم بەرهەمی لەم جۆرەی ئەمڕۆمان.

ئەدیب نادر – لەندەن

٢٠٠٧/١٠/٢٥

## ١

لەپرێکدا ئارەزووی ئەوەمان تێ گەڕا کە ئێواریّ و شەویش لە شاتۆیەکدا[١] بەسەر بەرین. چەندەها لەو شاتۆیانە ئێدی لە فەرەنسادا بوونەتە ئوتێل: چوارگۆشەیەك بوو لە سەوزایی کە لە نێو کشانی دزێوییەکی قاقڕدا ون بووبوو، پارچە زەوییەکی بچکۆلانە بووکە جێگەی پیاسە و درەخت و باڵندەکانی ناو تۆڕی پانوپۆڕی شارێگەکان بوو. من داژۆم و لە ئاوێنەکەی پشتەوە سەرنج دەدەم ئۆتۆمبێلێك لە دوامەوەیە. گلۆپی بچکۆلانەی دەستەچەپی دەچریسکێتەوە و سەراپای ئۆتۆمبێلەکەیش شەپۆلی سەبرسواویی دەردەپەڕێنیّ. شوفێرەکە چاوی لە هەلێك بڕیوە هەتا تێم پەڕێنێت، چاو بۆ ئەو ساتە دەگێڕیّ، هەروەکو چۆن شەهێنێك چاو بۆ پاسارییەك دەگێڕێت.

"ڤێرا"ی هاوسەرم دەڵێت: "هەموو پەنجا خولەکێك لە فەرەنسا کەسێك لەسەر جادەکاندا دەمرێت". تەماشایان کە، ئەو هەموو شڕوشێتانەی کە پێ بەپێ لەدەوروبەرمانەوە بەخێرایی هەڵپە دەکەن، ئەمانە هەر ئەو خەڵکەن کاتێك کە لە بەرچاویاندا پیرێژنێك لە شەقامەکەدا دزی لیّ دەکرێت، خۆپارێزی و بێدەنگی دایاندەگرێتەوە. چۆن چۆنی کاتیّ کە

---

(١) Chateau: کۆشکی لادێیی فەرەنسی. کۆشکی دەرەبەگی لە فەرەنسا.

لەودیو سوکانەکەوەن هیچ باکێکیان نییە؟ ئەی دەتوانم چی بڵێم؟ لەوانە یە بەتەنیا بتوانم ئەمە بڵێم: ئەو پیاوەی کە بەسەر ماتۆڕەکەی خۆیدا نوشتاوەتەوە هەر تەنیا دەتوانێ تەرکیز بکاتە سەر چرکەساتی ئێستاکانەی دەرپەڕینی خۆی، لە نابەینی ئەو ساتۆکەیەشدا بەگیر دێت کە لە ڕابردوو و ئایندەش دابڕاوە، لە بەردەوامبوونی زەمەنیشەوە دەرکێشراوە، لە دەرەوەی زەمەندایە، بەوتەیەکی تر لە حاڵوباری شەیداییدایە[۲] ئا لەو حاڵەتەدا ئاگای لە تەمەنی خۆی، لە ژنەکەی، لە منداڵەکانی، لە نیگەرانییەکانی نین و، هەر لەبەرئەمەشە ترسی نییە، چونکە سەرچاوەی ترسەکە لە دوارۆژدایە و ئەو کەسەیش کە لە دوارۆژ ڕەها بوویێت هیچی نییە لێی بسڵەمێتەوە.

خێرایی شەقڵی ئەو شەیدایییەیە کە شۆڕشی تەکنیکی بەمرۆڤی بەخشیوە. وەکو لە ڕوودا وەستانی ماتۆڕلێخوڕێکیش، کەسە ڕاکردووەکە سەرومڕ لە نێو جەستەی خۆیدا ئامادەیی هەیە، هەتا هەتاشە دەبێت لە بارەی برینەکانیەوە، لە بارەی داهێزرانیەوە ڕامێنیت، کاتێ کە ڕادەکات هەست بە قورسایی خۆی و تەمەنی خۆی دەکات، لە هەموو ئان و ساتێکیش پتر دەربارەی خودی خۆی و سەردەمی ژیانی خۆی ئاگادارە. ئەمانە هەمووی دەگۆڕێن، ئەو کاتەی کە مرۆڤ نوێنەرایەتیی توانای خێراییی ئەو مەکینەیە دەکات: هەر لەو ساتەوە، ئیدی جەستەی خودی ئەو دەکەوێتە دەرەوەی پرۆسەکەوە و، خۆی دەداتە دەست ئەو خێراییە نا-تەنییە، نا - کەرەستەیییە[۳] ی کە خێراییەکی پەتییە، خودی ئەو خێراییە خێرایی شەیدایییە ئەو بێ هەست و خوستییە ساردوسڕەی تەکنۆلۆجیا لەگەڵ بڵێسەکانی شەیداییدا. یەکانگیرییەکی سەیر و

(۲) Ecstasy: نەشئەی باڵای مەستبوون. وەجد و نەشوەی عیشق. تین و تاو و شەیدایی.

(۳) نا - جەستەیی، نا - مادی.

عاجباتين. ژنێكی ئەمەریكی بەر لە سی ساڵم وەبیر دێتەوە، بەشێوازە توند و تیژ و پابەندبووەكەیەوە، جۆرە ئەپاراتچێكێكی[٤] شەهوەت ئەنگێز بوو، لێكچەرێكی[٥] "تیۆرییانەی وەرسكەری" لە بارەی ئازادیی سێكسییەوە[٦] دامیٚ، ئا ئەو پەیڤەیش كە پەی دەر پەی لە ئاخاوتنەكەیدا دەهاتە گۆڕێ پەیڤی "ئۆرگازم"[٧] بوو، ژماردم: چل و سێ جار هاتەگۆڕێ. بیروباوەڕی ئۆرگازمیش، یوتیلیتاریانیزمە[٨] و هاوێژراوەتە ناو ژیانی سێكسییەوە، كارابوونە بەرامبەر بەتەوەزەلی، جووتبوونە و وەك كۆسپێكی لیٚ كراوە و پێویستە هەرچی زووتر بۆ گەیشتن بەتەقینەوەی شەیدایی تیٚ پەڕێنرێت، كە تاقە ئامانجی ڕاستەقینەی جووتبوونە و تاقە ئامانجی ڕاستەقینەی گەردوونیشە.

لەبەرچی كەیف و سەفای هێوربوون ڕەوییەوە؟ ئاه، هێواش ڕەوكارانی پارساڵ بۆ كویٚ ڕۆیشتن؟ بۆ كویٚ چوون پاڵەوانی گەڕۆكی گۆرانییە میللییەكان، بۆ كویٚ چوون ئەو پەرتەوازانەی كە لە ئاسیاوێكەوە بۆ ئاسیاوێكی تر دەڕۆیشتن و لە ژێر ئەستێرەكاندا جیٚ خەوی خۆیان ڕادەخست؟ داخۆ پیٚ بەپیٚ لەگەڵ تولەرێگەكاندا، لەگەڵ مێرگوزار و ڕووتەڵانەكاندا، لەگەڵ سروشتدا ڕەوینەوە؟ پەندێكی چیكی هەیە بەمیتافۆرێك[٩] وەسفی ئەو تەمەڵییە بەلەزەتەیان دەكات: «ئەوانە

---

(٤) Apparatchik نوێنەر یا خۆ ئەندامی ئاسایش و سیخوڕیی حزبێك. ئەندامی هەر پارتێك كە ڕێبازی دامودەزگا سیاسییەكەی پیادە دەكات. دەسیسەكەر.

(٥) Lecture وانە دانەوە. موحازەرە.

(٦) Sexual Liberation

(٧) Orgasm چڵەپۆپەی لەزەتی زایەندی.

(٨) Utilitarianismسوود گەرایی. فەلسەفەیەكە باوەڕی بەكەڵكمەندیی شت هەیە نەك جوانییەكەی. ستایشكردنی زۆرترین خێر و خۆشی بۆ خەڵك. مەنفەعەگەرایی.

(٩) Metaphor مەجاز. خوازە.

چاویان بڕیوەتە پەنجەرەکانی خوا.» ئەو کەسەش کە لە پەنجەرەکانی خوا ڕامابێت بێ تاقەت نابێ، شادمانە. بەڵام لە دنیاکەی ئێمەدا، تەوەزەلی بووەتە ئەوەی هیچ شتێك ئەنجام نەدەیت، کە ئەوەیش شتێکی تەواو جیاوازە: کەسێك کە هیچی نەبێت ئەنجامی بدات کەسێکی نائومێدە، بێزارە، هەمیشەش بەدوای ئەو چالاکییەدا عەوداڵە کە نییەتی.

دەروانمە ئاوێنەدواوەبینەکە: هێشتا هەر هەمان ئۆتۆمبێلە کە لەبەر جمەی ترافیکە بەرەو ئێمە هاتووەکە نەیتوانیوە تێ مپەڕێنێت. لەوێ لە تەنیشت شوفێرەکەدا ئافرەتێك دانیشتووە. ئاخۆ بۆچی پیاوەکە شتێکی قۆشمەی بۆ ناگێڕێتەوە؟ ئاخۆ بۆچی دەستی ناخاتە سەر چۆکی؟ لەجیاتی ئەوەیش، شوفێرەکەی پێشەوەی خۆی جنێوباران دەکات؛ چونکە بەخێرایییەکی هێند گونجاوەوە ناڕوات و، هەروەها بەبیری ئافرەتەکەیشدا نایەت هەتا دەست بەشوفێرەکەدا بماڵێت، بەڵام بەهزر لە پشت سوکانەکەوە لەگەڵیدایە و بێگومان ئەویش بەلەعنەتم دەکات.

هەروەها گەشتێکی دیکەشم بیر دەکەوێتەوە، کە لە پاریسەوە ڕووەو دەرەوەی پاریس بەرەو شاتۆیەکی لادێیی کرابوو، کە پتر لە دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستا ڕوویدا بوو، گەشتەکەی مەدام دی تی(١٠) و ئەو شێڤالێرە(١١) جحێڵەی کە لەگەڵیدا ڕۆیشتبوو.

یەکەمین جار بوو کە ئاوا لە یەکترەوە نزیك ببنەوە و، ئەتمۆسفیری بەئاڵۆشیی دەربڕین هەڵنەگری دەوروبەریشیان لە خودی هێوریی ئەو هاوئاهەنگییەوە هەڵدەقوولا: ڕاژەنراو بەهۆی جووڵەی گالیسکەکەوە، هەردوو جەستەکە سەرەتا بەنائەنقەست بەریەك دەکەوتن و دواتریش بەدەستئەنقەست، ئینجا ئە ئاوا سەر گوزەشتەکە دەست پێ دەکات.

---

(10) Madame de T

(١١)Chevalier شۆڕەسوار. سوارچاکی فەڕەنسی. نزمترین پلەی شازادەی فەڕەنسییە.

٢

ئـا ئـەمـە ئـەوەیـە کـە نـۆڤـێلاکـەی[١٢] ڤـیـڤـان دینـۆن[١٣] دەیگێڕێتەوە: جێنتڵمـانێکی بیست ساڵانە، شەوێك بۆ شانۆ دەچێت.

"نە نـاوی براوە و نە نـازنـاوی، وەلێ من وەکو شێڤالێرێك بۆی دەچم" لە لۆجەکەی[١٤] تـەنیشتیدا خـانمێك دەبـیـنـێت نـۆڤـێلاکـە هـەر تـەنیـا پـیـتـی یـەکـەمـی نـاوەکـەی بـەدەسـتـەوە دەدات: "مـەدام دی تـی"، هـاوڕێی ئـەو کۆنتێسـەیـەیە[١٥] کـە دۆسـتـەکـەی شێڤـالـێرە. خـوایشت دەکـات کـە پـاش نومـایشەکە بۆ ماڵەوە بەڕێی بخات. سەرسام ئا بەم دەستپێشکەرییە بێ پێچ و پەنـایە و، لەوەیش بترازێ دەستەپاچەی ئەوەیە کە دڵخوازەکەی مەدام دی تی دەناسێت، کە مارکیزێکی[١٦] دیاریکراوە و "هەرگیز پەی بەنـاوەکەی نابەین، چونکە چووینەتە نێو دنیای پەنهانئامێزییەوە، کە نـاوی تێدا نییە" ، شێڤالێرە سەرسوڕماوەکە لە نێو گالیسکەکەدا خۆی لە تەنیشت خانمە دڵفڕێنەکەدا دەبینێتەوە. دوای ڕۆیشتنێکی بێ ناڕەحەتی و خـۆش، گـالیسکـەکـە لـە ئـاوایییـەکـەدا، لـەبـەر ئـەو پـێپلـیکـانـەیـەی بـەردەم شاتۆکەدا دێتە ئێستگرتن، کە مێردەکەی مەدام دی تی بەگرژ و مۆنییەوە پێشوازییـان لێ دەکات. هەرسێکیـان لە کەشێکی مڕومۆچ و کڕوکپدا شێو دەکەن، ئەوسا مێردەکە ئیزن دەخوازێت و هەردووکیـان سەربەخۆ بەجێ دەهێڵێت.

---

(١٢) Novella کورتە ڕۆمان.

(13) Vivant Denon.

(١٤) ئەو جێگەیەی لە شانۆ و سینەمادا بۆ خێزان جیا کراوەتەوە و دەورەی گیراوە.

(15) Comtesse.

(١٦) Marquis بەگزادە، خانەدان.

ئینجا شەوەکەیان دەست پێ دەکات: شەوێك چەشنی تریپتیکێك(۱۷) شەوێك هەروەکو گەشتێکی سێ قۆناغی شەقڵ دەگرێت: یەکەم، لە باخچەکەدا پیاسە دەکەن، پاش ئەوە لە نێو پەڤیلیەنەکەدا(۱۸) سێکس دەکەن، دواجاریش، ژوورۆچکەیەکی پەنامەکی شاتۆکەدا لە سێکسکردن بەردەوام دەبن. لە بەرەبەیان لێك جیا دەبنەوە. شێڤالێرەکە لە نێو ونگەی دالانەکاندا پێی ناکرێت ژوورەکەی خۆی بدۆزێتەوە، دەگەڕێتەوە نێو باخچەکە و بە واق وڕماوییەوە بەو مارکیزە بەرخورد دەکات، ڕێك ئەو پیاوەیە کە ئەو دەزانێت دۆستی "مەدام دی تی"یە. مارکیزەکە، کە دەمودەست گەیشتووەتە نێو شاتۆکە، بەڕووخۆشییەوە پێشوازیی لێ دەکات و هۆکاری دەعوەتە ئەسرارئامێزەکەی پێ ڕادەگەیەنێت: مەدام دی تی پێداویستیی بەپەردەیەك بوو، هەتاکو "مارکیزەکە" لە لایەن مێردەکەوە گومان لێ نەکراو بمێنێتەوە. بەوەش کەیفساز بوو کە فرتوفێڵەکە سەری گرتبوو، مارکیزەکە دەکەوێتە سەرزەنشتکردنی شێڤالێرەکە، کە وای لێ کردبوو تاکو پەیامی تا بڵێی خەنداوەرانەی عاشقێکی ساختە بەجێ بگەیەنێت. لە سۆنگەی شەوی عەشقبازییەوە پڕزە لێبڕاو، پیاوە تولازەکە لە گالیسکەیەکی چکۆلانەی دووچەرخەدا بەرەو پاریس دەڕوات، کە لە لایەن مارکیزی سوپاسگوزارەوە ئامادە کرابوو. ناونراو Point de Lendemain (نۆ تومۆرۆ)(۱۹) نۆڤێلاکەیەوە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ۱۷۷۷دا بڵاو کرایەوە، ناوی دانەرەکەشی "لەبەرئەوەی لە ناو جیهانیی پەنهان ئامێزداین" بەشەش پیتی لوغزئامێزی.M.D.G.O.D.R جێی گیرابووەوە، کە ئەگەر ئارەزوو بکرایە، ئەوا دەتوانرا ئاوها بخوێنرێتەوە:

---

(۱۷) triptych ئەو تابلۆ سێ پارچانەی لێك دەدرێن و وەك یەك تابلۆ پیشان دەدرێن.

(۱۸) Pavilion چادری زۆر گەورە. چەرداخی نێو باغچە. سەیوان.

(۱۹) No Tomorrow بێ سبەینێ. سبەینێ نییە. بێ بەردەوامی.

"مسیوو (Monsieur Denon, Gentilhomme Ordinaire du Roi) دینۆن، جێنتڵمانی بەردەستکەری پاشا" ئینجا لە چاپێکی ئێجگار ورد و بەتەواوەتی نەناسراودا هەمدیسان لە ١٧٧٩دا بڵاو کرایەوە و ساڵی دواتریش بەناوی نووسەرێکی دیکەوە بڵاو کرایەوە. چاپێکی دیکەی تریش لە ساڵی ١٨٠٢دا بڵاو کرایەوە و، لە ساڵی ١٨١٢یشدا، هەر بەبێ ناوی دانەرە ڕاستەقینەکەیەوە بڵاو کرایەوە، پاش نیو سەدە پشتگوێ خستنیش جارێکی تر لە ساڵی ١٨٦٦دا بڵاو کرایەوە. ئیدی هەر لەو کاتەوە ئیحتوبارەکەی بەڤیڤان دینۆن بەخشرایەوە و، بەدرێژایی ئەم سەدەیەیش بێ لێ بڕ ناوبانگەکەی گەشەی کرد. ئەمڕۆیش لە میانی ئەو کارە ئەدەبییە بەرچاوانەدا دێتە ئەژمار، کە چاکترینن بۆ نواندنی هونەر و ڕۆحییەتی سەدەی هەژدەم.

٣

لە زوبانی ڕۆژانەدا، زاراوەی "هێدۆنیزم" (٢٠) کە ئەگەر بەدڕەفتارییەکی بێ چوون و چەرا نەگەیەنێت، ئەوا بۆ ژیانێکی شەهوەتپەرستانە مەیلی ئەیمۆراڵییەك(٢١) دەگەیەنێت. بێگومان ئەمە ناڕاست و دیقەت هەڵنەگرە، چونکە ئەپیکۆری یەکەمین تیۆریستی مەزنی خۆشی و لەزەت، حاڵیبوونێکی ئێجگار گومانداری لەمەڕ ژیانی بەختەوەرەوە هەبووە: خۆشی و لەزەت نادیاریەتیی دەرد و ڕەنجکێشانە. کەواتە دەرد و ڕەنجکێشان بیرۆکەی بنچینەییی هێدۆنیزمە: یەکێك تا ئەو ڕادەیە خۆشحاڵە کە بتوانێت خۆی لە دەرد و کۆژان لابدات، لەبەرئەوەیش کە خۆشی و لەزەتەکان زۆر جار بەدبەختییەکی پتر دەهێنن، وەك لەوەی

(٢٠) Hedonism فەلسەفەی ڕابواردن و خۆشی و لەزەتپرستی. مەزهەبی لەزەتبردن.
(٢١) A moral گوێنەدان بەڕەوشت و چاك و خراپ لێك جیا نەکردنەوە. لە ڕەوشت بەدەربوون.

خۆشی و شادی بهێنن، ئەپیکۆریش هەر تەنیا ئەو خۆشی و لەزەتانە پێشنیاز دەکات کە ژیرانە و میانڕەو بن. حیکمەت و دانایی ئەپیکۆری زەمینەیەکی میلانکۆلیی هەیە: مرۆڤی بۆ نێو جیهانی کوێرەوەری تووڕدرا و ئەوە دەبینێت کە تاقە بەهای دیار و پشت پێ بەستراو خۆشی و لەزەتە، هەر چەنێ بێ بایەخیش بێت، خۆی دەتوانێت: لە قومە ئاوێکی ساردا، لە تەماشاکردنێکی ئاسماندا "تەماشاکردنی پەنجەرەکانی خوا"، لە نەوازش و ماچکردنێکدا هەستی پێ بکات. میانڕەو بێ یان نا، خۆشی و لەزەتەکان هەر تەنیا هینی ئەو کەسەن کە دەیانچەرپێنێت، فەیلەسووفێکیش بەبیانووی زەمینەداربوونی هێدۆنیزم لە نێو خوددا دەتوانێت ڕەخنەی لێ بگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بەوشێوەیەی کە من بەدی دەکەم، خاڵی لاوازی هێدۆنیزم ئەوە نییە کە خودپەرست بێت، بەڵکە "ئاه، بریا هەڵە بوومایە!"بەداخێکی زۆر گرانەوە، لەوەدایە کە یۆتۆپیانەیە: لە ڕاستیشدا من لەوە بە شکم کە هەرگیز بتوانرێت هێدۆنیستێکی ئایدیالی "نموونەیی" بەدی بهێنرێت: بەداخەوە ئەو جۆرە ژیانەی کە بۆ ئێمە پەیجۆری دەکات لەوانەیە لەگەڵ سروشتی ئادەمییانەدا ناتەبا بێت.

هونەری سەدەی هەژدە خۆشی و لەزەتی لە تەمومژی قەدەغەکردنەکانی مۆراڵەوە[٢٢] هەڵێنجا، بۆیە ئەو چوارچێوە زەینییەی هێنایە ئاراوە کە پێی دەڵێن: "لیبەرتاین" [٢٣] و، لە نەقاشییەکانی[٢٤] فراگۆنارد و واتییۆو[٢٥] لە نێو لاپەڕەکانی دی ساد[٢٦] و کریبیلۆنی

(٢٢) Moral ڕەوشت. ئاکار.

(٢٣) Libertine پەیڕەونەکردنی هیچ بیروباوەڕێکی ئاینی و ڕەوشتی. بەرەڵایی و بێ بڕوایی.

(٢٤) کاری شێوەکاری .

(25) Fragonard and wattea

(26) Marquis De Sade

بچکەلانە[٢٧] یاخۆ چارڵز دوکلۆسدا[٢٨] ڕەنگ دەدەنەوە. لەبەرئەوە ڤینسنیتی[٢٩] هاوڕێی جحێڵم ئەو سەدەیە دەپەرستێ و ئەگەر پێی بکرێت پرۆفایەلّی[٣٠] مارکیز دی ساد وەکو باجێك[٣١] لە بەرۆکی خۆیدا دەپۆشێت، من لەگەڵ ستایشەکەی ئەودام، بەڵام ئەوەشی دەخەمە سەر "بێگومان بەبێ ئەوەی ببیسترێم" کە مەزنی و بەهای ڕاستەقینەی ئەو هونەرە بریتی نییە لە پڕوپاگەندەیەك بۆ هێدۆنیزم، بەڵکو بریتییە لە خودی ئەنالیزەکە[٣٢] ی. ئەمەیش ئەو هۆیەیە کە وام لێ دەکات ڕۆمانی[٣٣] پێوەندییە خەتەرناکەکانی شۆدەر لۆس دی لاکلۆس[٣٤] بەوە لە قەڵەم بدەم، کە یەکێك بێت لە ڕۆمانە مەزنەکانی مێژوو.

کاراکتەرەکانی هەر تەنیا بەبەرزە فتکردنی خۆشی و لەزەتەوە سەرقاڵن. سەربارى ئەوەیش هێدی هێدی خوێنەر لەوە دەکەوێتە حاڵیبوون کە بەرزەفتکردنی خۆشی و لەزەت لە خۆشی و لەزەتەکە خۆی زیاتر پەلکێشیان دەکات. ئەوە ئارەزوویەك نییە بۆ خۆشی و لەزەت، بەڵکو ئارەزوویەکە بۆ ئەو سەرفرازییەی کە بۆ ئەوە دنەیان دەدات. ئەمە ئا ئەوەیە کە لە سەرەتاوە وا بەدیار دەکەوێت، کە ئەو گەمە بێ شەرم و شکۆ و شادمەندەیە، کە هەستپێنەکراوانە و حەتمییانە بۆ کێبەرکێی نێوان ژیان و مردن دەگۆڕێت. بەڵام ململانێ چ پێوەندییەکی بە هێدۆنیزمەوە

(27) Crebillon the younger

(28) Charles Duclos

(29) Vincent

(٣٠) Profile وێنەیەك کە لەلاوە گیرابێت. فۆتۆیەکی جانبی.

(٣١) badge نیشانە

(٣٢) analysis: ڕاڤەکاری. شیکردنەوە.

(33) Les Liaisons dangereuses

(34) choderlos do Laclos

هەیە؟ ئەپیکۆر نووسیویەتی: «پیاوی بەئاوەز بەدووی هیچ چالاکییەکدا ناگەڕێت کە بەکێشمە کێشوە پێوەست بێت.» فۆرمی نامە نیگارانەی ڕۆمانی Les Liaisons dangereuses هەر بەتەنیا ئەو کارڕاییە تەکنیکییە نییە، کە بکرێ بەسانایی بەیەکێکی تر جێگەی بگیرێتەوە. فۆرمەکە خۆی لە خۆیدا ڕەوان و پاراوە و ئەوەمان پێ دەڵێت هەرچی شتێك کە کاراکتەرەکان چەشتوویانە لە پێناوی ئەوەدا چەشتوویانە بۆ ئەوەی بیگێڕنەوە، بۆ ئەوەی بیگەیەنن، بۆ ئەوەی کۆمیوونیکەی(٣٥) پێ بکەن، بۆ ئەوەی پێی لێ بنێن و بینووسنەوە. لە دنیایەکی وەکو ئەمەیشدا، کە هەموو شتێکی تێدا ڕادەگەیەنرێت، ئەو چەکەی کە هەم زۆر بەئاسانی چنگ دەکەوێت و هەم زۆریش کوشندەیە: کەشفکردنە. ڤالمۆنت(٣٦)ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە بۆ ئەو ژنەی کە دڵی فریو داوە ئەو نامەی ماڵئاواییە دەنێرێت کە نغرۆی دەکات. خانم مارکیزە دی مێرتیوێڵ(٣٧)ی هاوڕێشیەتی کە وشە بەوشەی بەم نووسیوەتەوە. پاشان بەهۆی تۆڵەسەندنەوەوە، ئافرەتەکەی مێرتیوێڵ نامەیەکی تایبەتمەند و نهێنیی ڤالمۆنت بەخەنیمەکەی پیشان دەدات، ئەمیش بۆ دوئێلێك(٣٨) داوەتی دەکات و ڤالمۆنت دەمرێت. پاش مردنەکەی نامە نیگارییەکی گیانی بەگیانی لە مابەینی ئەم و مێرتیوێڵدا ئاشکرا دەبێت و مارکیزە خانم بەسووك و ڕیسوایی و بێزراوی و دوور خراوییەوە کۆتایی بەدوا ڕۆژەکانی ژیانی دەهێنێت.

هیچ شتێك لەم ڕۆمانەدا پەنهان ئامێز نامێنێتەوە بەتایبەتیش بۆ دوو کەس، هەریەکەش وێ دەچێت لە ناواخنی قاقڵەجنۆکەیەکی ئێجگار

---

(٣٥) Communicating تەماس گرتن. پێوەندی بەرقەرارکردن. ئیتیساڵکردن.

(36) Valmont

(٣٧) Marquise de Merteuil ئەم نازناوە تایبەتە بەئافرەت.

(٣٨) duel شمشێربازی موبارەزە.

بەزایەڵە هەڵبکات، کە گشت پەیڤێکی چرپێنراویش تێیدا دەنگ دەداتەوە، دەنگەکە هەڵدەئاوسێت و دەبێتە کۆمەڵە سەدایەکی زەبەند و بێ کۆتا. کاتێك کە بچکۆلانە بووم، خەڵك پێیان دەوتم ئەگەر گوێچکەماسییەك لەسەر گوێچکەمدا دابنێم ئەوا گوێبیستی زەمزەمەی دێرینی دەریا دەبم. هەر بەهەمان شێوە، هەموو وشەیەکی واژەکراوی نێو دنیای لاکلۆسیش هەتا هەتایە هەر دەبیسترێ. ئاخۆ ئا ئەمەیە سەدەی هەژدەم؟ ئاخۆ ئا ئەمەیە بەهەشتی بەشۆرەتی خۆشی و لەزەت؟ یان تۆ بڵێی مرۆڤایەتی هەمیشە لە نێو گوێچکەماسییەکی ئاوەها بەزایەڵەدا ژیا بێ بێ ئەوەی پێی زانیبێ؟ مەسەلەکە هەر چییەك بێت، ئەگەر قاقڵەجنۆکەیەکی زرینگەداریش بێت ئەوا هەر ئەو جیهانەی ئەپیکۆر نییە، کە تێیدا دەستووری بەپەیرەوکەرانی خۆی دا کە: «هەر بەپەنهانئامێزیی بژین!»

٤

ئەو پیاوەی کە لە پشت دێسکی(٣٩) پرسگەی ئوتێلەکەدایە پیاوێکی بەنەزاکەتە، بەنەزاکەتترە لەو خەڵکەی کە بەزۆری لەبەر دێسکی پرسگەکاندان. کە وەیادی هاتەوە ئێمە بەر لە دوو ساڵ لێرە بووینە، کەوتە ئاگەدارکردنەوەمان لە شتگەلێکی زۆر کە لەوساوە گۆڕاون. هۆڵێکی کۆنفراسیان بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەی هەمەچەشن ئاوەدان کردووەتەوە و مەلەوانگەیەکی بێ وێنەیشیان بنیات ناوە. بۆ بینینی حەوزەکە لاپرەسەن بووین، لۆبییەکی(٤٠) پڕ پەنجەرەی گەورە گەورەی ڕووناکمان بڕی کە دەینۆڕییە پارکەکە. لە سووچی ئەوپەڕی لۆبییەکەدا پێپلیکانەیەکی بەرین بەرەو حەوزەکە شۆڕ دەبووەوە، کە حەوزێکی گەورە و کاشیکراو بوو، ساپیتەیەکی شووشەییشی هەبوو. ڤێرا وەبیرمی دەهێنێتەوە کە: «جاری

(٣٩) desk مێز یان کاونتەری پێشوازیکردن لە ئوتێلدا.

(٤٠) Lobby ساڵۆنی گەورەی چاوەڕوانی ئوتێل.

پێشوو ئا لێرەدا گوڵستانێکی بچکۆلانە هەبوو.»

لە نێو ژوورەکەماندا هەندێك دەحەسێینەوە و ئەوسا بۆ پارکەکە دەچین کە چیمەنی سەوزی تەلانەکانی تا ڕووباری سین(٤١) دانگەڕێزە دەکا. هەموو شتێك ناوازەیە، شیفتە دەبین، بڕیار دەدەین پیاسەیەکی دووردرێژ بکەین. دوای چەند خولەکێك بەدەم ڕێگەکەوە ناگەهان شاڕێیەکی پانوپۆڕی تژی لە ترومبێلە تیژ تێپەڕەکان دەردەکەوێت و دەگەڕێینەوە. شێو نایابە و هەموو کەسێکیش خۆی بەڕێکوپێکی پۆشتە کردووە، وەکو بڵێی ڕێز و ستایشی ئەو وەختە تێپەڕیوانە بگرن، کە یادەوەرییەکانیان ئا لێرە لە بنمیچەکەدا لەنگەر دەگرن. لە تەنیشتمانەوە کەپڵێك لەگەڵ هەردوو منداڵەکەیاندا دانیشتوون. یەکێك لە منداڵەکان بەدەنگی بەرز گۆرانی دەڵێت. پێشخوانەکە بەسینییەکەوە بەسەر مێزەکەی ئەواندا دەچەمێتەوە. دایکەکە پەیگیرانە چاوی تێ دەبڕێت، تاکو وای لێ بکات شتێکی دڵخۆشکەر لە بارەی ئەو منداڵەوە بڵێت کە بەهۆی تەماشاکەرانییەوە لێوانلێو بووە لە خودی خۆی(*) لەسەر کورسییەکەی خۆیدا ڕادەوەستێ و بەدەنگی بەرز گۆرانیی دەڵێت. خەندەیەکی خۆشنوودانە لەسەر ڕوخساری باوکەکەدا بەدیار دەکەوێت. بۆردۆی(٤٢) ناوازە، مراوی، شیرنەمەنی "کەنهێنیی پیشەییی ئەم چێشتخانەیەیە" من و ڤێرایش بەخۆشنوودی و ئاگاوە دەمەتەقێ دەکەین. دوای ئەوەش، لە ژوورەکەی خۆماندا بۆ ساتێك تەلەفزیۆنەکە هەڵدەکەم. ئەوەتانێ، کۆمەڵێ منداڵی تر، بەڵام ئەمجارەیان ڕەشپێستن و لە سەرەمەرگدان. مانەوەمان لە شاتۆکەدا لەگەڵ ئەو ماوەیەدا هاوکاتە کە بۆ چەندین حەوتوو هەموو ڕۆژێك منداڵەکانی ئەو نەتەوە ئەفریقییەیان نیشان دەدا کە ناوەکەی لە بیر کرا بوو "هەر هەموو

(41) Seine.

(*) واتە غروور دای گرتووە.

(٤٢) Bordeaux : جۆرە شەرابێکی فەرەنسییە.

ئەمانە بەر لە نزیکەی دوو یاخۆ سێ ساڵ ڕوویان دابوو، چۆن چۆنی مرۆ دەتوانێت ئەو هەموو ناوانەی وەبیر بێتەوە!″ و بەهۆی شەڕی ناوەخۆیی و قاتوقڕیشەوە خاپوور کرابوو. منداڵەکان لەڕ و لاواز و تاقەتپڕووکاو بوون، هەتا بۆ دوورخستنەوەی ئەو مێش و مەگەزانەیش کە بەسەر سیمایەکانیانەوە دەگەڕان بێ تین و تاقەت بوون. ڤێرا پێم دەڵێت: «ئەی داخۆ هیچ خەڵکێکی بەساڵداچوویش لە و وڵاتەدا نییە کە لە گیانەڵادا بێت؟» نا، نا، ئەوەی کە دەربارەی ئەو قاتوقڕییە زۆر سەرنجڕاکێش بوو، ئەوەی وای لێ کردبوو کە لە نێوان ملیۆنەها قاتوقڕیی تردا بێ هاوتا بێت، کە لەسەر ئەم زەمینەدا ڕوویان دابوو، هەر ئەوە بوو کە تەنیا و تەنیا منداڵانی دروێنە دەکرد. لەسەر سکرینەکەدا[٤٣] قەت کەسێکی گەورەمان نەدیت دەرد و ئازار بچێژێت، سەرەڕای ئەوەیش هەموو ڕۆژێك بەوردی تەماشا و چاودێریی هەواڵەکانمان دەکرد، بۆ ئەوەی ئەو دیاردە بێ پێشینەیە ساغ بکەینەوە.

بۆیە تەواو سروشتیی بوو کە نەك گەورەکان بەڵکو منداڵەکان دژی ئەو دڵڕەقییەی بەساڵداچووەکانیان سەرپێچی بکەن و پێ بەپێی هەموو تایبەتمەندیەتییە خۆڕسکەکانی منداڵان، ئەو کامپێنە[٤٤] بەنێوبانگە دەست پێ بکەن، « مناڵەکانی ئەوروپا برنج بۆ مناڵەکانی سۆماڵ دەنێرن.» سۆماڵ! بێگومان! ئەم دروشمە شۆرەتدارە ئەو ناوە سەرنگوونکراوەی هێنایەوە یادم. ئای چەند جێی داخە کە سەراپای ئەو کاروبارە بیر چووەتەوە! چەندین کیسە برنجیان کڕی، چەندین کیسەی بێ شومار. دایك و بابان کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو هەست و سۆزە جیهانییە یەکگرتووەی کە لە منداڵە بچکۆلەکانیاندا هەبوو، بۆیە پارەیان بەخشی و هەموو داموودەزگاکانیش کەوتنە کۆمەککردن. برنج لە

(٤٣) Screen شاشە.

(٤٤) Campain حەملەی ″ڕاگەیاندن، هەڵبژاردن، سوپایی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، بازرگانی... هتد″.

قوتابخانەکاندا کۆ دەکرایەوە، بۆ بەندەرەکان دەگوێزرایەوە و لەو کەشتییانەدا بار دەکرا کە بەرەو ئەفەریقا دەکەوتنە ڕێ و هەموو کەسێکیش تاقیبی داستانی شکۆداری برنجی دەکرد. دەستبەجێ دوای نیشاندانی وێنەی سەرەمەرگیی منداڵەکان، شاشەکە لە لایەن کچۆڵەی بچووکی تەمەن شەش و هەشت ساڵانەوە دادەگیرێتەوە، هەروەکو گەوران جلوبەرگیان پۆشیوە و هەر هەمان شێوازی هەڵسوکەوتی دڵبەرانەی بەتەمەنەکانیان هەیە، ئۆی چەند جوانە، چەند کاریگەرە، چەند عەنتیکەیە، کاتێك کە منداڵان وەکو گەورەکان ڕەفتار دەکەن، کچان و کوڕانی بچکۆلانە ماچی دەمی یەکدی دەکەن، ئینجا پیاوێك دێت ساوایەکی لە باوەشدا هەڵگرتووە و لەگەڵ ئەوەی کە باشترین ڕێگە بۆ شۆردنی ئەو دابییە[٤٥] بۆ بینەران ڕوون دەکاتەوە کە دەمودەست کۆرپەکەی پیسی دەکات، ژنێکی شۆخ و شەنگ نزیك دەکەوێتەوە، دەمی دەکاتەوە و زمانێکی لە ڕادەبەدەر شەهوەت ورووژێن دەردەهێنێتە دەرەوە و ئینجا دەینێتە نێو زاری لە ڕادەبەدەر میهرەبانی زەلامەکەوە. ڤێرا دەڵێت: «کاتی خەوە» و تەلەفزیۆنەکە دەکوژێنێتەوە.

٥

ڕاکە ڕاکی منداڵە فەرەنسییەکان بۆ بەهاناچوونی هاوڕێ ئەفریقییە بچکۆلەکانیان هەمیشە سیمای بێرکی ئینتێلێکتواڵم[٤٦] وەبیر دەهێنێتەوە. ئەوانە ڕۆژگارە شکۆدارەکانی ئەو بوون. هەروەکو چۆن زۆرجار حاڵوبار لەگەڵ شکۆداریدا ئاوایە، شکۆدارییەکەی ئەمیش لە لایەن نوشوستییەوە ڕێی بۆ خۆش کرابوو. دە کەواتە با بیهێنینەوە یاد: لە هەشتاکانی سەدەکەی خۆماندا، جیهان دووچاری درمی نەخۆشییەك بوو

(٤٥) Nappy: حەفازە. دابی.

(٤٦) Intellectual Berk واتە "بێرکی" بیرمەند. "بێرکی" ڕۆشنفکر. بێرکی ڕووناکبیر.

کە بە **ئەیدز** AIDS ناودێر کرا و لە میانەی پێوەندیی زایەندییەوە گوێزرایەوە، کە لە سەرەتادا بەگشتی لە نێو هاوجنسخوازەکاندا بڵاو بووەوە. بۆ بەگژداچوونی ئەو فەناتیکانەش کە پەتاکەیان وەکو سزایەکی ڕەوای ئیلاهی دەبینی و خۆیان لە نەخۆشەکان دەپاراست، وەك بڵێیت ئەوان تاعوونیان هەڵگرتبێ، هەندێك لە لێبووردووەکان بەدەربڕینی ڕۆحی برایەتی هەستان و ڕەنجیان بۆ ئەوە دا کە دەری بخەن هیچ خەتەرێك لە هاودەمیکردنی نەخۆشەکاندا نییە. ئاوایش ڕێککەوت کە دوبێرکسی[٤٧] ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی و بێرکی ئینتێلێکتواڵ لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی ئەیدزداردا لە خارنگەهێکی ناوداری پاریس فراوینیان کرد، کاتی نانخواردنەکەیش لە کەشێکی لەبار و کەیفسازدا بوو، نەبادەیش بۆ خستنە ڕووی نموونەیەکی چاك هیچ فرسەتێك لە کیس بدات، نوێنەر دوبێرکس داوای لە کامیراکانی وێنەگرتن کردبوو لە ئان و ساتی شیرینی خواردندا بێنە ژووری. ئەو دەمەی کە لە سەر کۆسپەی ڕێستورانەکەدا بەدیار کەوتن، ئەو بەرزەپێ هەستا، لە یەکێك لە نەخۆشەکان نزیك بووەوە و لە کورسییەکەیەوە بڵندی کردەوە و ماچی نێو دەمی کرد، کە هێشتاکێ سەرشاری چۆکلێت مووس[٤٨] بوو. بێرك بەوە سەرسام بوو دەستبەجێش لەوە گەیشت، هەرکە وێنەی گیرا و بوو بەفلیم، کە ئیدی ماچە مەزنەکەی دوبێرکس نەمریی دەستەبەر دەکات، بۆیە هەستایە سەرپێ و بەسەختییەوە لەوە تێ فکری داخۆ ئەویش بچێت کەسێکی ئەیدزدار ماچ بکات. هەر لە یەکەمین قۆناغی تێ فکرینەکەیەوە ئەو وەسوەسەیەی ڕەتکردەوە چونکە لە قووڵایی ناخی خۆیدا بەتەواوی لەوە دڵنیا نەبوو کە تەماسگرتن لەگەڵ زاری نەخۆشێکدا نەخۆشییەکە ناگوازێتەوە. لە قۆناغی دوای ئەوەیشدا، بڕیاری ئەوەی دا کە بەسەر

---

(47)Duberques

(٤٨) Chocolate mousse جۆرە شیرینییەکە.

هشدارییـەکـەی خـۆیـدا سەر بـکـەوێت، ئـەوەی لـێك دەدایـەوە کـە گـرتـەی مـاچـەکـەی شایـانـی ئـەو سەرچڵـیـیـەیـە، کـەچـی لـە قـۆنـاغـی سێیـەمدا بـیـرۆکـەیـەك لـە ڕۆیشتن بـەرەو دەمـێکـی سێرۆپـۆزەتیڤ[٤٩] گـلـی دایـەوە: ئەگەر ئەمیش دەمی پیاوێکی بیمار ماچ بکات، ئەوا نایکات بەهاوتای دوبـێرکس، بـەپـێچـەوانـەوە، دادەبـەزێنـرێتـە ئـاستـی لاسایـیکـەرەوەیـەك، پـەیرەوکـەرێك و کـۆیـلـەیـەکیش، کـە بـەهـۆی ئـەم چـاولـێکـەرییـە خێرایەوە ناوبانگێکی زیاتریش دەخاتە سەر شکۆی پیاوەکەی تر. بۆیە بڕیاری ئۆقرە گرتنی دا و گەوجانە کەوتە خەنینەوە. بەڵام ئەو چرکەساتانەی دڵـەڕاوکـێ زۆری لـە سەرکـەوت، چـونـکـە کـامـیـراکـان لـە وێ بـوون و لـە هـەواڵەکانی شەویشدا، سەرلەبەری خەڵکی فەرەنسا هەرسێ قۆناغەکانی دڕدۆنگییان لە سەر ڕوخساریدا خوێندەوە و ژێرەکییانەیش پێی پێکەنین. ئە ئاوا حیکایەتی ئەو منداڵانەی کە گونیە برنجەکانیان بۆ سۆماڵ کۆ دەکردەوە دەقاودەق لە کاتی گونجاودا بەهانایەوە هاتن. ئەویش هەموو هـەلێکی دەقۆستەوە بۆ ئەوەی خەڵك بداتە بەر قسەی نەستەقی وەکو: «هەر تـەنیـا منـداڵـەکـان لـە ڕاستگۆییدا دەژین!» ئـەوسا بـۆ ئـەفریقـا ڕۆیشت و کارێکی وای کرد کە بەتەنیشت کیژۆڵەیەکی ڕەشپێستی بچکۆلانەی لە سەرەمەرگدا بوو، وێنەی بگیرێت کە دەموچاوی بەمێش و مەگەز داپۆشرا بوو. وێنەکە لە سەرپاکی جیهاندا شۆرەتی پەیدا کرد، گەلێك لەوەکەی دوبێرکس بەشۆرەتتر بوو کە ماچی نەخۆشێکی ئەیدزدار دەکات، چونکە منـداڵـێك لـە سەرەمـەرگـدا، ئـێجـگـار بـایـەخـدارتـرە لـە گـەورەیـەك کـە لـە سەرەمەرگدا بێت، ئەمەیش هەقیقەتێکی ڕوون و ئاشکرا بوو کە لەو کاتەدا لە بیری دوبێرکس بەلەسە بووبوو. بەڵام پیاوەکە خۆی بەبۆرخواردوو لە قـەڵـەم نـەدا. چـەنـد ڕۆژێك پـاشتـر لـەسەر شاشەی تـەلـەفـزیـۆنـدا وەکـو

(٤٩) Seropositive بـوونـی ڤـایرۆس لـە زەرداوی خـوێندا. تـووشبـوو بـەڤـایرۆسی نەخۆشی "بەتایبەتی ئەیدز".

پەیڕەوکارێکی کریستیەن دەرکەوت، دەیزانی کە بێرك ئەیتەئیستە[٥٠] ئەمەیش ئایدیای ئەوەی پێ بەخشی کە لەگەڵ خۆیدا مۆمێك بهێنێت، کە چەکێکە هەتا بێ ئیمانە کەللەشەقەکانیش لە بەردەمیدا سەر دادەنەوێنن، لە کاتی دیمانە تەلەفزیۆنییەکەیدا لە گیرفانییەوە دەری کێشایە دەرێ و دایگیرساند، بەمەبەستی ناپاکانەی ئەوەوە کردی کە لەکە بداتە پاڵ بایەخدانی بێرك بەزەویوزاری ئێگزۆتیکییەکان[٥١] ئینجا دەربارەی منداڵە بەلەنگازەکانی خۆمان کەوتە ئاخاوتن، لەمەڕ منداڵی کلۆڵی گوندەکان و ئەوپەڕی قەراخ شارەکانی خۆمان ئاخاوت و داوای لە برا هاووڵاتییەکانی خۆی کرد هەریەکە و بەمۆمێکەوە بێنە نێو جادەکانەوە بۆ ڕێپێوانێکی گەورە بەسەرانسەری پاریس، وەکو نیشانەی پشتیوانیکردن لە منداڵە چەوساوەکان، ئینجا "بەسەرکوتکردنی کەیفخۆشییەکەی خۆی" داوەتێکی تایبەتمەندانەی بۆ بێرك بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی بێت و لە پێشی پێشەوەی خۆپیشاندانەکە لەگەڵیدا بچێتە ڕیزەوە. بێرك ئیختیاری ئەوەی هەبوو کە: یا دەبێ بەهەڵگرتنی مۆمێك لە ڕێپێوانەکەدا بەشداری بکات، وەك ئەوەی کوایەربۆی[٥٢] دوبێرکس بێت، یاخۆ بەرکەنار بێت و خۆی بداتە دەم مەترسیی لۆمەبارییەوە. ئەمە ئەو تەڵەیە بوو کە دەبووایە بەکردەوەیەکی کتوپڕ و جەربەزانە لێی دەرباز بێت: بۆیە بڕیاری ئەوەی دا کە ڕاستەوخۆ بەفڕۆکە بۆ وڵاتێکی ئاسیایی بڕوات، کە خەڵکەکەی لە شۆڕشدا بوون و لەوێشدا بەهاواری بەرز و ئاشکرای خۆی پشتگیری لە چەوساوە و ستەملێکراوان بکات، بەڵام مخابن جوگرافیا قەتاوقەت سەرنجی ئەوی ڕانەکێشاوە، چونکە گێتی بۆ ئەو بەسەر فەرەنسا و نا-فەرەنسادا دابەش کرابوو، بەهەمووی ئەو هەرێمە پێوەرانەشیەوە هەمیشە لێی تێك دەچوو، بۆیە لە وڵاتێکی تردا لە فڕۆکەکە

(٥٠) atheist: بێ باوەڕ، بێ دین، مولحید.

(٥١) Exotic: شوێنی سەیر و نامۆ. شوێنی سەرنجڕاکێش و عاجباتی.

(٥٢) Choirboy: کوریژگەیەك کە لە تیپی سروود خوێندنی کلێسەدا بێت.

دابـەزی، کـە تـا بـڵـێی ولاتـێکـی بـێ سەروسەدا و ئـاسوودە بـوو، فـرۆکـەخـانـە شاخـاویـیـەکـەی بـەفـر دای گـرتـبـووەوە و هـەمـوو خـزمـەت گـوزارییـەکـانـیش ڕاگیرابوون، دەشبووایە ئا لـەوێ بمێنێتەوە و هەشت ڕۆژ چاوەڕوانیی فڕۆکەیەك بێت، هەتاکو برسی و ئەنفلەوەنزا ڕەتاندوو بۆ پاریس بیگێڕێتەوە.

پۆنتیڤین(٥٣) وتی: «بێرك شا– گیانبەخشی سەماکارانە».

چەمکی سەماکار هەر تەنیا لە لایەن دەستەیەکی بچکۆلانەی برادەرەکانی پۆنتیڤینەوە ناسراوە و داهێنانی بێ هاوتای خۆیەتی، بەداخیشەوە –ڕەنگە– هـەرگـیـز بـۆ کـردنـی بـەکـتـێـبـێك پـەرەی پـێ نـەدات، یـاخـۆ نـەیکـاتـە بـابـەتی سیمپۆزیایەکی(٥٤) نێودەوڵەتی. بەڵام گوێ بە ناوبانگی جەماوەری نادات، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە ئاواڵەکانی بەسەرنج پێدانێکی سەیر و بێ پایانەوە گوێی بۆ شل دەکەن.

٦

پۆنتیڤین دەڵێت: هەموو سیاسەتمەدارەکانی ئەم ڕۆژگارە، لە ناخیاندا بـەشێکـی بـچـکـۆلـە لـەو سەمـاکـارە هـەیـە و هـەمـوو سەمـاکـارەکـانـیش لـە سیاسەتەوە گلاون، کە ئەمەیش بەهەرحاڵ، نابێ وامان لێ بکات بەهەڵە یەکێکیان بەیەکێکی تریان تێ بگەین. سەماکار لەوەدا لە سیاسەتمدار جـودایـە کـە عـەودالـی دەسەڵات نـیـیـە، بـەڵـکـو عـەودالـی شکـۆمـەندییـە، حەزەکەیشی بۆ ئەوە نییە، ئەم یان ئەو پلانە کۆمەڵایەتییە بەسەر دنیادا بسەپێنێت ”کە ئەو هێندە بایەخ بەوە نادات“ بەڵکو دەیەوێت دەست بەسەر سەحنەی شانۆدا بگرێت بۆ ئەوەی خودی ئەو خۆی لە ژێر ڕووناکیدا بـدرەوشێتـەوە. بـەدەست گـرتـن بـەسەر سەحـنـەی شانـۆدا پـەیـجـۆری ئـەوە دەکـات کـە خـەڵـکـانـی تری لێوە بـەدوور بگرێت. کـە ئـەمـەیش پـێویستـی

---

(53) Pontevin

(٥٤) Symposia: کۆنفراس. کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ بەراوردکردن ولێکۆڵینەوەی بیرور.

بەتەکتیکگەلی شەڕێکی تایبەتی هەیە. ئەو شەڕەی کە سەماکار دەیکات پــۆنــتــیــڤین بــە "جــۆدۆی مــۆڕاڵــی" نــاوزەدی دەکــات. سەمــاکــار گۆنتلێتەکەی(٥٥) بۆ هەموو دنیا دادەماڵێت: کێ دەتوانێت لەو بە ئاکارتر "زۆر بەجەرگتر، زۆر ماقوولتر، زۆر وەفادارتر، زۆر خۆبەختکەرتر، زۆر ڕاستـگـۆتـر" دەربـکـەوێت؟ ئـەویش هـەمـوو ئـەو دەستـاژۆ "وسیلـە"یـانـە دەستەبەر دەکات، کە ڕێگەی پێ دەدەن لە ڕووی ڕەوشتەوە کەسێکی تر بخاتە پایەیەکی نزمترەوە.

ئەگەر سەماکارێك دەرفەتی چوونە ناو کایەی سیاسیی دەست بکەوێ، ئەوا بەشێوەیەکی خۆدەرخەرانە سەرجەمی ڕێککەوتنە نهێنییەکان دەداتە دواوە "ئـەو ڕێککـەوتـنـانـەی کـە هـەمـیشە بـۆ سیـاسەتـە ڕاستـەقـینـەکـان گۆڕەپانی گەمەکردن بوونە" لەو کاتەیشدا کە بەفریودەر و ناشەریف و ڕیاکار و چەپەڵ مەحکوومیان دەکات، پێشنیازەکانی خۆی بەئاشکرایی لەسەر سەکۆیەکدا دادەنێت، گۆرانیی دەچڕێت و سەما دەکات، ئینجا یەك یەك بەناو داوا لەوانی دیکەیش دەکات کە هەمان شت ئەنجام بدەن.

من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە: کە ئەمە بەهێمنی ناکرێت "وەختی بیرکردنەوە و گفتوگۆکردنی پێشنیازە پێچەوانەکان بەوی دی دەبەخشێت" بەڵکو بەئاشکرایی دەکرێت، ئەگەر شیاویش بێت ئەوا بەشێوەی موفاجەئە دەکرێت: «ئایا ئێستە ئێوەیش "وەکو من" ئامادەن بۆ ئەوەی لە پێناوی منداڵەکانی سۆماڵدا دەستبەرداری مووچەی مانگی ئەپریلی خۆتان بن؟ ئەو خەڵکەیش کە ناکاو غافڵگیر کرابوون هەر تەنیا دوو هەڵبژاردەیان هــەبــوو: یــان ڕەتـکـردنـەوە و دەرکـەوتـن وەك نـەیـاری مـنـداڵان، یـاخـۆ بـەنـاڕەحـەتـیـیـەکـی ترسنـاکـەوە وتـنـی "بـەڵـێ"، کـە بێگومـان کـامـیراکـە بـەشێوەیـەکـی کـیـنـاوییـانـە ڕیسوای دەکـات هـەروەکو چۆن ڕاڕاییـیـەکـەی

(٥٥) : gauntlet جۆرە دەستکێشێکە دەرەوەی لە مێتاڵ دروست کراوە و ناوەوەی لە لاستیك دروست کراوەو لە کاتی شەڕدا دەپۆشرێت.

بێرکی کەساسی لە کۆتاییی فراوینی ئەیدزدارەکاندا ڕیسوا کرد.

″بۆچی تۆ وا بێدەنگی ئەی دکتۆر ئێچ لە کاتێکدا کە لە وڵاتەکەتاندا مافی مرۆڤ پێشێل کراوە؟″ ئەم پرسیارە لە چرکەساتێکدا لە دکتۆر ئێچ کرابوو کە ″لە گەرمەی نەشتەرگەریکردنی نەخۆشێکدا بوو″ و نەیدەتوانی پاکۆ بداتەوە، کەچی کاتێك کە سکە هەڵدڕاوەکەی تەقەڵکاری کرد، لەبەر ئا ئەو بێدەنگییەی شەرمەزارییەکی وا دایگرتبووەوە، کە بەبێ بیرکردنەوە هەموو ئەو شتانەی دەردەپەڕاندە دەرەوە کە کەسێك بەئاواتی ئەوەوە بێت لەوەوە گوێبیستی بێت و دوای ئەوەیش ئەو سەماکارەی کە وتارێکی تەوساویی بەسەردا دابوو ″کە ئەمیش مشتەکۆڵەیەکی تری جۆدۆی موراڵی بوو، مشتێکی تایبەتانەی قایم بوو″ وتی: «لە کۆتاییدا! هەتا ئەگەر ئەوە نەختێك دوایش کەوتبێت...» لەوانەیە هەلومەرجێك بێتە ئاراوە ″هەر بۆ نموونە لە ژێر سایەی دیکتاتۆرییەتەکاندا″ کە تێیدا وەرگرتنی هەڵوێستێکی ئاشکرا خەتەرناك بێ، بەڵام بۆ سەماکارەکە، مەسەلەکە خەتەرناکییەکەی نەختێك کەمترە، وەك لەوەی ئەوانی دی، چونکە کاتێك کە دێتە ناو چێوەی ڕووناکییەکەوە، لە هەموو گۆشەکانەوە دەبینرێت و لە لایەن بایەخ پێدانەکەی دنیای دەوروبەریشەوە دەپارێزرێت.

بەڵام ئەو خاوەنی هەواداره نادیارەکانی خۆیەتی کە بەدەنگی ئامۆژگارییە زۆر دانسقە بەڵام هەڵەشەکانییەوە دەچن، ئەویش لە ڕێی واژوکردنی سکاڵانامەکان و ئامادەبوون لە کۆبوونەوە پاوەنکراوەکان و خۆپیشاندانی نێو شەقامەکانەوە، ئەو خەڵکە زۆر بێ مروەتانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام سەماکارەکە هەرگیز خۆی ناداتە دەست ئیغراکارییەکانی سۆزدارییەوە، هەتا بەوە لۆمەی خۆی بکات کە ئەوانی دووچاری گێرمە و کێشە کردووە، بەباوەڕی ئەوەی کە ئامانجێکی شکۆمەند، گەلێك لەم یان لەو ئیندیڤیدواڵە(٥٦) بایەخدارترە.

(٥٦) Individual: تاك. فەرد.

ڤینسینت نارەزایی بەرامبەر بەپۆنتیڤین دەردەبڕێ: «هەر هەموو دەزانن کە تۆ بێرك دەبێزیت و ئێمەیش لەوەدا لەگەڵتداین، وەلێ تەنانەت ئەگەر کەر و گەمژەیش بێت ئەوا لایەنگیری ئەو مەسەلانە بووە، کە ئێمە خۆیشمان هەر بەشتی باش لە قەڵەمیان دەدەین، یاخۆ ئەگەر تۆ پێداگر بیت، ئەوا دەتوانین بڵێین فیز و باییبوونەکەیەتی کە لایەنگیریی ئەو مەسەلانەی کردووە. منیش دەمەوێ لێت بپرسم: ئەگەر دەتەوێ پێ بنێیتە نێو گۆڕەپانی هەندێك مشتومڕی گشتییەوە و سەرنجەکان بەئاڕاستەی هەندێك خەتەرناکی و ترس ڕابکێشێت، یاخۆ هاریکاریی کەسێك بکەیت کە چەوسێنراوەتەوە، ئیتر چۆن چۆنی لەمڕۆدا دەتوانیت ئەوە بەئەنجام بگەیەنیت بەبێ ئەوەی سەماکارێك بیت، یاخۆ بەسەماکارێك بچیت؟»

پۆنتیڤینی نهێنی ئامێزیش لە وەڵامی ئەوەدا دەڵێت: «تۆ هەڵەیت ئەگەر پێت وابێ من مەبەستم پەلاماردانی سەماکارەکانە. بەپێچەوانەوە من داکۆکییان لێ دەکەم و هەر کەسێکیش ڕقی لە سەماکارەکان بێ و گەرەکی بێ ناویان بزڕێنێ، ئەوا هەمیشە بەگژ کۆسپێکی شکست بەدەردا دەچێت: ئەویش نەزاکەت و چاکییەکەیانە، چونکە سەماکارەکە بەو هەموو خۆ دەرخستنە بەردەوامەی خۆیەوە بۆ جەماوەر، خۆی بەبێ خەوشی و لۆمە هەڵنەگریی مەحکووم دەکات، وەکو فاوستیش لەگەڵ شەیتاندا پەیمانی نەبەستووە، بەڵکو ئەو پەیمانێکی لەگەڵ فریشتەدا بەستووە: هەوڵی ئەوە دەدات کە ژیانی خۆی بکات بەکارێکی هونەری و ئەم کارەیش هەر ئەوەیە کە فریشتەکە تێیدا یارمەتیدەری دەبێت، چونکە لە یادت نەچێت، سەماکردن هونەرە! ماخۆلانی دیتنی ژیانی خۆ کە لە کەرەستەی هونەر پێك هاتووە ئا لەوەدایە کە گەوهەری ڕاستەقینەی سەماکار دەدۆزێتەوە، سەماکارەکە وەعزی ئاکاریی دانادراتەوە، بەڵکو دەیخاتە سەماوە! بەئاواتە دنیا بجوولێنێتەوە و بەقەشەنگیی ژیانەکەی

خۆی بەشەوارەی بخات! بەو شێوەیە عاشقی ژیانی خۆیەتی کە ڕەنگە پەیکەرتاشێك عاشقی ئەو پەیکەرە بێت کە هەر خۆی دایدەتاشێت.»

٧

لەوە سەرم دەسوڕمێ داخۆ بۆچی پۆنتیڤین بیرۆکە فرە ورووژێنەرەکانی خۆی بڵاو ناکاتەوە. بەهەرحاڵ ئەم دکتۆرە مێژوونووسە لە ئۆفیسەکەی لە بیبلیۆتێك ناشناڵ[٥٧]دا بەجاڕسی دانیشتووە و شتێکی ئەوتۆشی نییە ئەنجامی بدات. دەربەستی ئەوەیش نایەت کە تیۆرییەکانی بەخەڵك بناسێنێ؟ شتەکە لە ڕاستیدا وا نییە، ئەو ڕقی لە خودی بیرۆکەکە دەبێتەوە. ئەو کەسەی کە بیر و بۆچوونەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە بەقایلکردنی خەڵکانی تر بەگۆشەنیگاکانی خۆی و کارتێکردنیان موغامەرە دەکات، بەمجۆرەیش لە ڕۆڵی ئەو کەسانەدا کۆتاییی پێ دێت کە بەئاواتی ئەوەن دونیا بگۆڕن! دنیا بگۆڕن! ئای چ ئامانجێکی بێزهەستێنە لە گۆشەنیگای پۆنتیڤیندا! نەك لەبەرئەوەی کە جیهان هەر ئە ئاواهی ناوازە و جوانە، بەڵکو لەبەرئەوەی هەر گۆڕانکارییەك حەتمەن دەبێتە هۆی شتێکی خراپتر. لەبەرئەوەیش هەر بیروڕایەك ئەگەر لە دیدێکی خۆپەرستانەوە بڵاو بکرێتەوە ئەوا زوو یا درەنگ لە خاوەنەکەی هەڵدەگەڕێتەوە و بەوەش ئەو ئۆخژنە زەوت دەکات کە لە تێفکرین لێوەی وەدەستی هێناوە. چونکە پۆنتیڤین یەکێکە لە موریدە گەورەکانی ئەپیکۆر: ئەو خۆی ڕا و بۆچوونەکانی دادەهێنێت و پەرەیان پێ دەدات، هەر بەتەنیا لەبەرئەوەی ئۆخژنی بۆ دەهێننە دی. ئەو قینی لە مرۆڤایەتی نابێتەوە کە بۆ ئەو سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی بیروڕا شەڕخوازە شادیبەخشەکانە، بەڵکە هەست بەناچیزترین مەیل ناکات بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بچێتە نێو تەماسێکی یەکجار بەتینەوە. ئەو بەدەستەیەك ئاوەڵی گیانی بەگیانی گەمارۆ دراوە، کە لە قاوەخانەی گاسکۆندا پێك

(٥٧) Bibliotheque Nationale کتێبخانەی نیشتمانی.

دەگەن و ئا ئەم نموونە چکۆڵەیەی مرۆیش بۆ ئەو سەروزیادە. لە مابەینی ئەو برادەرە گیانی بەگیانییانەیشدا، ڤینسینت پاکداوێنترین و کارتێکەرترینیانە. من خۆشم دەوێ و تاقە گازاندەیشم لەو "کە بەئیرەیی ئالوودەیە و ئەمەیش هەقیقەتە" ئەو دڵبەستەییە منداڵانانەیەتی کە بۆ پۆنتیڤین هەیەتی و بەلای منەوە لە رادەبەدەرە. بەڵام هەتا ئەم دۆستایەتییەیش شتێکی هەست جووڵێن لە خۆیەوە دەگرێت. ڤینسینتیش خۆشحاڵە بەتەنیایی لەگەڵ پۆنتیڤیندا بێت چونکە پێکەوە دەمەتەقێی کۆمەڵە بابەتێك دەکەن کە ئەو گیرۆدە دەکەن "فەلسەفە، سیاسەت، کتێب" هەروەها ڤینسینت بەبیرورای سەیر و سەمەرەی ورووژێنەر سەرشارە و، پۆنتیڤین کە ئەویش هەروەها گیرۆدەیە، موریدەکەی خۆی ئاراستە دەکات، دەیبزوێنێ و هانی دەدات. بەڵام ئەو شتەی کەوا لە ڤینسینت دەکات ناشاد بێت دەرکەوتنی کەسی سێیەمە، چونکە پۆنتیڤین دەرحاڵ دەگۆڕێت: بەدەنگێکی خۆشتر و بڵندتر دەئاخڤێت: ئەمەیش زیاد لە پێویست بۆ مەیلەکانی ڤینسینت دڵخۆشکەرە.

بۆ نموونە: ئەوەتا خۆ بەخۆ لە قاوەخانەکەدان و ڤینسینتیش لێی دەپرسێت: «بەڕاستی رات چییە سەبارەت بەوەی کە لە سۆماڵدا ڕوودەدات؟» ئینجا بەسرەوتێکەوە پۆنتیڤین لێکچەرێکی تەواوی لەمەڕ ئەفریقاوە پێ دەدات. ڤینسینت نارەزاییی دەردەبڕێت، مشتومڕ دەکەن، لەوانەیە بەبێ نواندنی زۆرزانیی گاڵتەوگەپیش بکەن، هەر تەنیا بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکی یەکجار گرینگ و جیدیدا نەختێك گاڵتە و جەفەنگ بەخۆیان ڕەوا ببینن. ئەنجا ماچوو(٥٨) لەگەڵ ئافرەتێکی نەناسیاوی جوانکیلەدا دێتە ژوورەوە. ڤینسینت لەسەر دەمەتەقێکە تەقەلای بەردەوامبوون دەدات: «بەڵام پێم بڵێ ئەی پۆنتیڤین، ئایا پێت وا نییە کە تۆ هەڵە دەکەیت لەوەدا کە دەڵێیت...» ئینجا مشتومڕێکی سەیر بۆ

(58) Machu

بەرهەڵستیکردنی تیۆرییەکانی هاوڕێیەکەی دەست پێ دەکا. پۆنتیڤین وچانێکی درێژخایەن لە ئاخاوتن وەردەگرێت. ئەو خۆی سەروەری وچانە درێژخایەنەکانە. ئەوەیش دەزانێت کە هەر تەنیا خەڵکی ترسنۆك سڵ لە وچانەکانی دەکەنەوە، کاتێك کە نازانن چی بڵێن و هەڵپە بۆ دەربڕینی ئەو کۆمێنتارە شەرمەزارکەرانە دەکەن کە بەشێوەیەکی هیچوپووچانە دەریاندەخات. پۆنتیڤین دەزانێت چۆن چۆنی ئاوها شکۆمەندانە کپ و ماتییەکەی خۆی بهێڵێتەوە کە تەنانەت ڕێی کاکێشانیش(٥٩) بەکپ و ماتییەکەی کارتێکراوە، بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی پاکۆدانەوەیەتی. بەبێ متەقکردن، لە ڤینسینت دەڕوانێ کە ئەویش بەبێ سۆنگە چاوەکانی شەرمنانە دادەخات، ئەوسا زەردەخەنە دەیگرێ و دەڕوانێتە ئافرەتەکە، ئینجا دیسانەوە بەچاوە نیگەرانی قورس کردووەکانیەوە ڕوو بەلای ڤینسینتدا وەردەگێڕێ: ئەم پێداگرییەی تۆ، لە سەر ئەو بیروڕا لە ڕادەبەدەر زرنگانە لە بەردەم ئافرەتێکدا، نزمبوونەوەیەکی نیگەرانکەرانەی لیبیدۆکەت پیشان دەدات.»

ڕوخسارەکەی ماچوو بزە گەلۆرانە ناسراوەکەی وەخۆوە دەگرێت، خانمە شۆخ و شەنگەکەیش نیگایەکی سووك و بەزەییدار دەگرێتە ڤینسینت و ئەویش دەموچاوی سوور هەڵدەگەڕێت و هەست بەبریندار بوون دەکات! ئەو هاوڕێیەش کە بەر لە خولەکێك تژی بوو لە ڕێز و خۆشەویستی بەرامبەر بەو، هەر لە پڕێکدا بۆ کارکردنە سەر ئافرەتێك دەیویست نوقمی ناڕەحەتیی بکات.

دواتر ئاوەڵانی دیکە دێنە ژوورەوە و دادەنیشن و چەقەچەق بەردەوام دەبێت، ماچوو چەند حیکایەتێك دەگێڕێتەوە. گۆجاردیش(٦٠) بەخستنەڕووی هەندێك تێبینیی وشك و برینگ و ناچیز زانیارییە

(59) Milky way

(60) Goujard

کتێبییەکانی خۆی دەردەبڕێت و دەنگی حیلکەحیلکی ئافرەتان بەرز دەبێتەوە. پۆنتیڤینیش هێشتا هەر بێدەنگە و چاوەڕوانە، دوای ئەوەیش کە بێدەنگییەکەی بەشێوەیەکی باش پێ دەگات، دەڵێت: «کچەکەی هاوڕێم هەمیشە دنەم دەدات تا لەگەڵیادا توندوتیژ بم.»

هاوار خوایە، بێگومان ئەو دەزانێت کە چۆن شتەکان بەیان بکات. هەتا خەڵکی سەرمێزە نزیکەکانیش خامۆش هەڵدەگەڕێن و گوێی بۆ ڕادەدێرن. دەنگی پێکەنین بەشەوقەوە لە هەموو لایەکی شوێنەکەدا بڵاو دەبێتەوە. چی لە بارەی ئەو ڕاستییەوە زۆر قۆشمەیە کە دەنکەکەی ئەوەی لێ بوێت کە لەگەڵیدا توندوتیژیی بنوێنێت؟ لە وانەیە هەمووی لە نێو سیحری دەنگەکەیدا قەرارگیربێت، ڤینسینتیش جگە لە ئیرەییبردن هیچی دی پێ ناکرێت، چونکە دەنگەکەی بەبەراورد بەدەنگی پۆنتیڤین، بەدەنگی شمشاڵێکی پەرپووت دەچێت کە هەوڵێکی زۆر دەدات کێبەرکێ لەگەڵ دەنگی چەلۆیەکدا بکات. پۆنتیڤین بە نەرم و نیانییەوە دەدوێت و هیچ زەبروزۆر لە دەنگەکەی ناکات، لەگەڵ ئەوەیشدا کە سەرتاپای هۆڵەکە تژی دەکات، سەرجەم دەنگەکانی تری جیهانیش ناژنەفتە هەڵدەگێڕێ. بەردەوام دەبێت: « دەمەوێ لەگەڵیدا توندوتیژی بنوێنم... بەڵام پێم ناکرێت! من توندوتیژ نیم! من پیاوێکی زۆرباشم!»

پێکەنینەکە هێشتا هەر لە سەرتاسەری شوێنەکەدا بەردەوامە، بۆ ئەوەیش کە پۆنتیڤین نەختێك زیاتر بەدڵییەوە بنووسێت، لە داخێوتن وچان دەگرێت. ئینجا دەڵێت: «بەیناوبەین کیژە تایپیستێکی لاو بۆ ماڵەکەم دێت. ڕۆژێك لە کاتی پێ نووسینەوەیدا[٦١] کە پڕاوپڕ بووم لە نیازپاکیی، هەر لەپڕێکدا پڕم بە پرچیدا کرد و لەسەر کورسییەکەی هەڵم گرت، وەدەرم نا و بۆ سەر جێوبالینگانەکە پەلکێشم کرد، لەوێ لە نیوەی ڕێگەکەدا بەرهەڵدام کرد و دامە پڕمەی پێکەنین: «ئۆی، چەند لەگێکی[٦٢] دەبەنگم، تۆ ئەو ئافرەتە

(61) Dictation

(٦٢) Lug جۆرە کرمێکی ئەڵقە ئەڵقەیی بچووکە.

نیت کە دەیویست لەگەڵیدا توندوتیژ بم. ئۆی، تکایە بمبوورە مەدمۆزێل!»
سەراپای ئەوانەی کە لە قاوەخانەکەدان پێ دەکەنن، هەتاکو ڤینسینتیش پێ دەکەنێت کە دووبارە گرەویدەی ماﻣۆستاکەی خۆی بووەتەوە.

٨

هەروا، ڕۆژی دواتر، سەرزەنشتکەرانە پێی دەڵێت: «پۆنتیڤین، تۆ نەك هەر تەنیا تیۆریستێکی مەزنی سەماکارانی، بەڵکو تۆ خۆیشت سەماکارێکی پایە بەرزیت.»

پۆنتیڤین ″بەکەمێك سوور هەڵگەڕانەوە″ دەڵێت: «تۆ کاروبارەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەکەیت.» ڤینسینتیش دەڵێت: «ئەو دەمەی کە من و تۆ، پێکەوەین و کەسێکی دیمان دێتە پاڵ، ئەو جێگەیەی کە تێیداین یەکسەر دەبێتە دوو بەشەوە، من و تازە هاتووەکە دەبینە جەماوەر و تۆیش، تۆیش لەسەر شانۆکەدا سەما دەکەیت.» پۆنتیڤینیش دەڵێت: «پێم وتی تۆ کاروبارەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەکەیت. چەمکی (سەماکار) تەنیا بەسەر ئەوانەدا دادەبڕێت کە لە ژیانی گشتیدا خۆ دەرخەرن و منیش بێز لە ژیانی گشتیی دەکەمەوە.» ئینجا ڤینسینت دەڵێت: «بەڵام تۆ دوێنێ لە بەرامبەر ئەو ئافرەتەدا هەر بەهەمان شێوە ڕەفتارت دەکرد کە بێرك لە بەرامبەر کامیرادا ئەنجامی دەدا. هەوڵت دەدا تەواوی سەرنجی ئەو بەلای خۆتدا بەکێش بکەیت. هەوڵی ئەوەت دا باشتر و زیرەکتر دەربکەویت و دزێوترین جۆدۆی خۆ دەرخەرانەت بەسەردا پراکتیزە کردم.»

پۆنتیڤینیش دەڵێت: «دەشێ جۆدۆی خۆ دەرخەرانە بوو بێت، بەڵام جۆدۆی ئاکاری نەبوو! بۆیە تۆ بەهەڵەدا دەچیت ئەگەر من بەسەماکار لە قەڵەم بدەیت، چونکە سەماکار دەیەوێت لە هەموو کەسێك خووڕەوشت بەرزتر بێت. کەچی من، من دەمەوێت لە تۆ خراپتر دەربکەوم.» دوای ئەوە ڤینسینت دەڵێت: «سەماکار دەیەوێت خووڕەوشت بەرزتر دەربکەوێت،

چـونـکـە جـەمـاوەرە گـەورەکـەی سـاویـلـکـەیـە و وای دەبـیـنـێت کـە ڕەفـتـاری ئـاکـاریـی شـتـێـکـی قـەشـەنـگـە. وەلـێ جـەمـاوەرە بـچـکـۆلانـەکـەمـان گـومـڕایـە و حـەزی لـە بـەدئـاکـاریـیـە. بـۆیـە جـۆدۆی ئـاکـاریـیـانـەت بـەسـەردا پـراکـتـیـزە کـردم، کـە ئـەمـەیـش بـەهـیـچ چـەشـنـێـك وەك سـەمـاکـارێـك هـاودژی سـروشـتـە زەروورییـەکـەت نـابـێـت»

ئینجا پۆنتیڤین "لەپڕێکدا بەتۆنە دەنگێکی جیاواز و گەلێك دڵسۆزانەوە" دەڵێت:

«ڤینسینت، بمبەخشە ئەگەر هەر ئازارێکم پێ گەیاندبیت.»

ڤینسینتیش "کتوپڕ بەو عوزرخوابییەی پۆنتیڤین کارتێکراو دەبێت"و دەڵێت:

«شتـێکـی ئـەوتـۆ نـەبـووە هـەتـا لـە پـێـنـاویـدا بـتـبـەخـشـم. دەشـزانـم گـاڵـتـە دەکـەیـت.»

هـەر ڕێکـەوتێکـی پـەتیش نییە کە جێگای بەیەکگەیشتنیان قاوەخانەکەی گاسکۆن بێت. لە نابەینی سانتە(٦٣) پشتیوانەکانیشیاندا، مەزنترینیان دوئارتاگنانە(٦٤) کەسانتـی پشتیوانیکـەری دۆسـتـایـەتییـە و، ئـەو تـاقـە بەهـایـەیـە کە بەپیرۆزی دادەنێن. پۆنتیڤین بەردەوام دەبێت: هەر بەهـەمـان مـانـای ڕوون و دیـاری چەمکەکە "کە لەڕاستیشدا، ئا لەوەدا تۆ لەسەر هەقیت" بێ شك لە دەروونی هەر یەکێك لە ئێمەومانـاندا سەماکارێك هەیە و دانیشت بەوەدا بۆ دەنێم کە من کاتێك دەبینم وا ژنێك دێت، دەبمە سەماکارێکی دە هێندە باشتر لە سەماکارەکانی تر. چی لە بارەی ئەمەوە بـکـەم؟ ئـەمـە گـەلـێك زۆرە بـۆ مـن. ڤـیـنـسـیـنـت ڕووخـۆشـانـە پـێ دەکـەنـێت، کـارتـێـکـراویـیـەکـەی پـتـر دەبـێت و پـۆنـتـیـڤـیـنـیـش بـەتـۆنـە دەنـگـێـکـی

(٦٣) Saint: پیاوچاك. قدیس.

(64) dArtagnan

پـەژیـوانـئـامـێزانـەوە لـەسەری دەڕوات: «سەربـاری ئـەوەیش، ئـەگـەر مـن تیۆریستێکی پایە بەرزی سەماکاران بم، هەروەکو خۆت پێت لێ نا، هەر دەبێ شتێکی هاوبەش لە نێوانی من و ئەواندا هەبێت، ئەگینا لێیان حاڵی نەدەبووم. بەڵێ من دان بەوەدا دەنێم ڤینسینت.» ئا لەم خاڵەدا پۆنتیڤین دەگۆڕێت و لە ئاوەڵێکی پەشیمانەوە دەبێتەوە بەتیۆریستەکە:

«بەڵام تەنیا شتێکی زۆر بچکۆلە هەیە، چونکە بەمانایەکی دیاریکراو مەبەستم بیروڕاکەیە، من هیچ بەسەماکار ناچم. لەو بڕوایەشدام کە نەك هەر شیاوە بەڵکو ڕێیشی تێ دەچێت کە سەماکاری ڕاستەقینەی وەکو بێرك و دوبێرکس لە حوزووری ئافرەتێکدا، لە هەموو حەز و ئارەزوویەکی سەرنجڕاکێشان و تەفرەدان ڕووت کرابنەوە. هەرگیز بەبیریدا ختوورەی نەدەکرد حیکایەتێك لە بارەی ئەو تایپێستەوە بگێڕێتەوە کە بەپرچ بۆ جێ خـەوەکـەی خـۆی ڕاپـێـچـی کـردبـوو هـەر لـەبـەرئـەوەی کـە بـەکـەسێکـی تـر شوبهاندبووی. چونکە ئەو جەماوەرەی کە ئەو دەیویست تەفرەی بدات هەرچەند ئافرەتێکی دەستنیشانکراو و دیارکەوتوو نەبوون، بەڵکو ئەو ئاپۆڕا مەزنەیش بوو کە لە خەڵکی پێوار پێك هاتبوو! گوێ بگرە، ئەمە پــارێکــی تــرە لــە تــیــۆریــی سەمــاکــارەکــە – کــە نــادیــاربــوونــی جەماوەرەکەیەتی– و دەکرێ شرۆڤە بکرێتەوە ! هەر ئا ئەوەشە کە دەبێتە هۆی هاوچەرخێتی وەحشەتناکی کاراکتەرەکە! کە ئەو نەك لەبەر من یان لەبەر تۆ، بەڵکە لە پێناوی هەر هەموو جیهاندا خۆی دەنوێنێت. ئەی هەر هەموو جیهان چییە؟ ناکۆتایەکی بێ دەموچاوە! ئەبستراکتێکە.»

لە نێوەندی دەمەتەقێکەیاندا، گۆجارد لەگەڵ ماچوودا دێنە ژووری و مـاچـوو هـەر لـەبـەر دەرگـەکـەوە بـەڤـیـنسـیـنت دەڵـێت: «تـۆ پـێت وتم بـۆ کۆنفرانسی گەورەی ئێنتۆمۆلۆجیستەکان(٦٥) بـانگ کـراوی. هـەواڵـی

---

(٦٥) Entomologist جانەوەرناس. زانای جانەوەرناس. عالیمی حەشەرات.

گرینگیشم بۆ هێناوی! بێرك ئامادەی كۆنفرانسەكە دەبێت.»

پۆنتیڤین دەڵێت: ″دیسانەوە هەر ئەو؟ ئەرێ خۆ ئەو پیاوە لە هەموو شوێنێكدا دەردەكەوێت!″

ڤینسینتیش دەڵێت: ″بۆ خاتری خوا ئەو لەوێ چی دەكات؟″

ماچوویش دەڵێت: ″تۆ ئێنتۆمۆڵۆجیستی و پێویستە بزانیت″

گۆجاردیش دەڵێت: ″بۆ ساڵێك كاتێ كە قوتابی بوو هەندێ وەختی لە ئیكۆل داس هۆتیس ئیتیوودیس ئێنتۆمۆڵۆجیكدا(٦٦) بەسەر بردبوو. لەم كۆنفرانسەیشدا ناو و پلەی ئێنتۆمۆڵۆجیستی فەخریی پێ دەبەخشرێ″ پۆنتیڤینیش دەڵێت: ″كەواتە دەبێ بڕۆینە ئەوێ و جەهەننەمێك بەرپا بكەین!″ ئەوسا ڕوودەكاتە ڤینسینت و پێی دەڵێت: ″بێگومان تۆیش بەدزییەوە هەموومان دەخەیتە هۆڵی كۆنفرانسەكەوە!″

٩

ڤێرا خەوی لێ كەوتووە، ئەو پەنجەرەیە دەكەمەوە كە دەنوڕێتە سەر باخچەكە و بیر لەو گەشتە دەكەمەوە كە مەدام دی تی و شێڤالێرە جحێڵەكەی كردیان، كاتێ كە شەو لە شاتۆكە وەدەركەوتن، بەو گەشتە سێ قۆناغییە هەستان كە لە بیرچوونەوە بەدەرە.

قۆناغی یەكەم: قۆڵ لە ناو قۆڵ پیاسە دەكەن، گفتوگۆ دەكەن، لەسەر چیمەنەكەدا تەختەیەكی درێژی كورسیوار پەیدا دەكەن و دادەنیشن، هێشتایش هەر قۆڵ لە ناو قۆڵن و، دەمەتەقێ دەكەن. شەوقی مانگ شەوەكە سەرشار دەكات، باخچەكە بەزنجیرە تەلانێك بەرەو ڕووباری سین درێژ دەبێتەوە، كە خوڕە خوڕەكەی تێكەڵ بەخشەخشی درەختەكان دەبێت. لێ گەڕێ با هەوڵی ئەوە بدەین كە هەندێك لە دەمودووەكەیان بقۆزینەوە.

(66) Ecole des Hautes Etudes Entomologiques.

شێڤالێرەکە داوای ماچێك دەکات. مەدام دی تی پاسڤی دەداتەوە و دەڵێت: «منیش زۆرم حەز لێیە: چونکە ئەگەر خواستەکەت ڕەت کەمەوە ئەوا ئیدی زۆر لە خۆت بایی دەبیت و عززەت نەفسیشت بەرەو ئەوە دەتبا کەوا بزانی من لە تۆ دەترسم.» هەرچی شتێك کە مەدام دی تی دەیڵێت بەروبوومی هونەرە، هونەری گفتولفت، کە ناهێڵێت هیچ هێماکردنێك بەبێ کۆمێنتار بگوزەرێت و شەقڵگیریی بەماناکەشی دەدات، ئا لێرە، هەر بۆ نموونە، ئەو، ئەو ماچە بەشێڤالێرەکە دەبەخشێت کە دەرخواستی کردبوو، بەڵام پاش ئەوەی کە لێکدانەوەی تایبەتمەندانەی خۆی بەسەر خۆشنوودیی خۆیدا دەسەپێنێت: ئەوا ڕەنگە مۆڵەت بەئامبازییەك بدات، بەڵام هەر بەتەنیا بۆ ئەوەی غرووری شێڤالێرەکە بۆ سنوورەکەی خۆی بگێڕێتەوە. کاتێکیش کە بەمانۆرێکی ئینتێلێکتوالانە[٦٧] ماچێك دەگۆڕێت بەکردەی بەرهەڵستیکردن، ئەوا هیچ کەسێك هەڵنەخەڵەتێنراوە، هەتا شێڤالێرەکە خۆشی هەڵنەخەڵەتاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە زۆر جدییانە سەودای ئەم تێبینییانە بکات، چونکە ئەوانە بەشێکن لەو کارڕاییە عەقڵییەی[٦٨] کە لە کاردانەوەیدا پەیجۆری کارڕاییەکی عەقڵی دیکە دەکات. گفتوگۆ کات بەسەر بردن نییە، بەپێچەوانەوە، گفتوگۆیە ئەوەی کە وەخت ڕێك دەخات، بەڕێوەی دەبات و ئەو یاسایانەی خۆشی دەسەپێنێت کە شایانی ڕێز لێ گرتنن.

کۆتاییی قۆناغی یەکەمی شەوەکەیان: ئەو ماچەی کە بەشێڤالێرەکەی بەخشی بۆ ئەوەی لە هەستی زۆر غرووری ئامێزی خۆی دوور بخاتەوە ماچێکی تری بەدوادا هات، ماچەکان «کە شێلگیر بووبوون، گفتوگۆکەیان دەپچڕاند و جێگەیان دەگرتەوە...» بەڵام پاشان لەپڕ هەڵدەستێت و بڕیاری گەڕانەوە دەدات.

---

(٦٧) Intellectual manoeuvre: موناوەراتی هوشیارانە. مانۆڕی هزریانە.
(68) Mental Procedure.

ئـای لـەو کـارامـەییـیـە شانـۆییـیـە! دوای سـەراسیمـەکـردنـێکی سـەرەتـایـی هـەستـەکـان، زەرووری بـوو کـە ئـەوە بـخرێتـە بـەرچـاو کـە چێژی خۆشـەویستـی میوەیـەکـە هێشتـا هـەر پـێ نـەگـەیشتـووە، زەرووری بـوو کـە بـەهـاکـەی بـەرز بـکرێتـەوە و ئـارەزوومـەنـدتـر بـکرێت، زەرووریش بـوو کـە نـوشـووستـییـەك، پـەشێوییـەك، هـەیـەجـانـێك بـخولـقێنـرێ. لـە گـەڕانـەوەیـدا بـەرەو شـاتـۆکـە لـەگـەڵ شێڤـالێرەکـەدا، مـەدام دی تـی وا دەردەخـات کـە هـەڵپـە بـۆ نـێو سـووکـێتـی دەکـات و زۆر بـەتـەواوەتـیـش ئـەوە دەزانـێت کـە لـە دواسـاتـدا بـۆ ئـاوەژووکـردنـەوەی هـەڵـوێستـەکـە و درێژەدان بـەژوانـەکـە دەسـەڵاتـی تـەواوەتـی دەبـێت. هـەمـوو ئـەوەیش کـە پـێی دەوێت هـەر تـەنـیـا دەستـەواژەیـەکـە، لـەو تـەرزە دەستـەواژە فـرە ئـاسـاییـیـانـەی کـە بـەدەرزەن لـە هـونـەری بـاستـانـیی وتـووێژدا هـەن. وەلـێ لـە مـیـانـەی زنـجـیرە ڕووداوێکـی چـاوەڕواننـەکـراو و شکستێکـی لـە پـێشبینـی بـەدەری ئـیلـهـامـەوە، تـاقـە یـەك گـوزارەشـی وەبـیـر نـایـەتـەوە. ئـەو بـەو ئـەکـتـەرە دەچـێت کـە لـە نـاکـاودا سکریپتـەکـەی[٦٩] بـیـر چـووبـێتـەوە. چـونـکـە، لـە ڕاستـیـدا دەبـووایـە سکریپتـەکـەی بزانـیبـایـە، وەکـو ئـەم سـەروەختـانـە نـییـە، کـە کـیژێك دەتـوانـێ بـڵـێت: «تـۆ دەتـەوێت، مـنـیش دەمـەوێت، دەبـا کـات بـەفـیـرۆ نـەدەیـن!» ڕاشکـاوییـەکـی ئـاوا بـۆ ئـەم دوو کـەسـە دەکـەوێتـە ئـەودیوی کـۆسپێکـەوە کـە هـێشتـاکـەش وێڕای هـەمـوو بـیـروبـاوەڕێکـی داوێنـپـیسـانـەیـان نـاتـوانـن بیبـەزێنـن. ئـەگـەر هـیچ کـامێکیشیان لـە کـاتـی گـونـجـاوی خـۆیـدا بـیـرۆکـەیـەك نـەپـێکێت، ئـەگـەر بـەهـانـەیـەك بـۆ درێژە پـێدانـی پـیـاسـەکـەیـان نـەدۆزنـەوە، ئـەوا هـەر تـەنـیـا بـەهـۆی لـۆجـیکـی بـێدەنگـییـەکـەیـانـەوە، نـاچـار دەبـن بـۆ شـاتـۆکـە بگـەڕێنـەوە و لـەوێدا مـاڵـئـاوایـیی لـە یـەکـدی بـکـەن. تـاکـو زیـاتـریش زەروورەتـی پـەیـداکـردنـی بـیـانـوویـەك بـۆ ڕاوەستـان بـەدی بـکـەن و بـەدەنـگـی بـڵـند بـیـڵێن،

(٦٩) Script: دەقی شانۆنامە و فلیمنامە. ئەو دەورەی کە ئەکتەر گفتوگۆکانی ئەزبەر دەکات و لە کۆنێکستەکەدا دەیڵێتەوە.

ئەوا زاریان زیاتر داخراوە وەك بڵێیت دوورابنەوە:

گشت ئەو پەیڤانەی کە دەیانتوانی بەهانایانەوە بێن خۆیان نەدەدا بەدەستیانەوە و ناهومێدانە داوای یارمەتییان دەکرد. ئا ئەمە بووە هۆی ئـەوەی، کـاتـێك کـە گـەیشتـنـە بـەر دەرگـەی شاتـۆکـە، بـڵـێن: «بـەهـۆی ئەنگێزەیەکی دوولایەنەوە، هەنگاوەکانمان هێور بوونەوە.»

خـۆشبـەخـتـانـە، لـە دواچـرکـەدا، وەك بـڵـێیت بـیـرخـەرەوەکـە بـەئـاگـا هـاتـبـێتـەوە، جـێگـەکـەی خـۆی لـە سکـریـپـتـەکـەدا دەدۆزێتـەوە و بـەگـژ شێڤالێرەکەدا دەچێت: «زۆر لێت پەستم...» شکور لە کۆتاییدا، لە کۆتاییدا فریاگوزاریی هات! کەچی ژنەکە توورەیە! بۆ توورەبوونێکی چکۆلانەی دروستکراو بە هانەی ئەوەی دۆزیوەتەوە کە بەپیاسەکەیان درێژە بدات: لـەگـەڵـیـدا ڕاستـگـۆ بـوو، ئـەی ئـیـتـر بـۆچـی وشەیـەکـیشی لـەمـەڕ خـۆشەویستـەکـەی، لـەمـەڕ کـۆنـتـێسەوە نـەدرکـانـد؟ خـێرا، خـێرا، ئـەمـە پێداویستی بەگفتوگۆ هەیە! پێویستە قسە بکەن! گفتوگۆ دووبارە دەست پێ دەکـاتـەوە و هـەمـدیسان لـە شاتـۆکـەوە پـێ بـەپـێی ئـەو ڕێچـکـەیـە دوور دەکـەونـەوە کـە ئـەمـجـارەیـان، بـەبـێ بـەربـەست بۆ ئـامێزی خـۆشەویستـی دەیانبات.

## ١٠

لـەگـەڵ قسەکـردنـیـدا، مـەدام دی تـی نـەخشەی نـاوچـەکـە دەکێشێت و قۆناغی داهاتووی سەرهاتەکان دادەنێت، وا دەکات کە یارەکەی بزانێت پـێویستـە لـە چـیـیـەوە تـێ فـکـرێت و چـۆن چـۆنـیش بـەردەوام بێت. ئـەمـە بـەشێوەیـەکـی کـارامـانـە و تـەرپـۆش و نـاڕاستـەوخـۆ ئـەنجام دەدات وەکو ئەوەی لە بارەی کاروباری ترەوە بدوێت. دەبیات بۆ ئەوەی ساردوسڕیی کۆنتێسەی سەرقاڵ بەکاروبارەکانی خۆیەوە ببینێت، بۆ ئەوەی لە ئەرکی ئەمەکداری ڕەهای بکات و بۆ ئەو سەرەڕۆییە شەوانەییەی کە پلانی بۆ

دادەنێت ئارامی بکاتەوە. ئەو هەر تەنیا بۆ ئایندەی نزیك نەخشە دانانێت بەڵکە هەروەها بۆ ئایندەی زۆر دووریش نەخشە دادەنێت، وا لە شێڤالیێرەکە دەکات لەوە حاڵی بێت کە لە هیچ هەلومەرجێکدا مگێزی ئەوە ناکات کە لەگەڵ ئەو کۆنتێسەیەدا بکەوێتە پێشبڕکێ، کە نابێ ئەو بەجێی بهێڵێت. کۆرسێکی کورتی دەربارەی پەروەردەی سێنتەمێنتاڵی پێ دەدات، دەربارەی فەلسەفە پراکتیکییەکەی خۆی لە بارەی خۆشەویستی و ئاتاجەکەی بۆ ڕەهابوون لە زەبروزەنگی ڕێساکانی مۆراڵ و خۆپاراستن بەوریایی و ئاگاوە، ئاگەداری دەکاتەوە و پێشی دەڵێت کە ئەوە باڵاترین فەزیلەتی هەموو فەزیلەتەکانە. هەتاکو بەشێوەیەکی زۆر سروشتیش فێری ئەوەی دەکات کە چۆن چۆنی ڕۆژی دواتر لەگەڵ مێردەکەیدا ڕەفتار بکات.

بێگومان تۆ سەرسامیت: لە کوێیە خۆ بەخۆیی و لە کوێیە (شێتی)، ئا لەو عەرزەی کە زۆر بەئاقڵانە ئۆرگانیزە کراوە و نەخشەی کێشراوە و دروشمەکانی «معالم» ڕەسم کراوە و ئەژمار کراوە و ئەندازەگیری کراوە؟ لە کوێیە وڕێنەکردن، لە کوێیە نابینایی حەز و ئارەزوو، ئەو (خۆشەویستییە شێتانەیە) کە سوریالیستەکان دەیانپەرست، لە کوێیە خود لە بیرکردن؟ لە کوێن ئەو هەموو فەزیلەتانەی شێتی کە شەقڵیان بەبیرۆکەی خۆشەویستیی ئێمە داوە؟ نا، ئا لێرەدا جێگەیان نییە. چونکە مەدام دی تی قەڕاڵیچەی ئاوەزە. نەك ئاوەزی بێ بەزەیی خاتوو مارکیزە دی مێرتیوێڵ، بەڵکو ئاوەزێکی ناسك و نەرمونیان، ئاوەزێك کە ئەرکی باڵای پارێزگاریکردنە لە خۆشەویستی. دەبینم وا شێڤالیێرەکە بەنێو مانگەشەوەکەدا دەبات. ڕادەوەستێت و بەرزی و نزمییەکانی سەربانێکی پێ نیشان دەدات، کە دەقاودەق لە بەردەمیاندا بەسێبەرە ناتەواوەکەیەوە بەدیار دەکەوێت. ئای لەو چرکەساتە هەستەوەرانەی کە ئەو پەڤیلیەنە بینیوونی. دەڵێت، حەیف و خەسار کە کلیلەکەی پێ نییە. لە دەرگەکە نزیك

دەبنەوە ″چەند شتێکی عەجایەبە! چەند شتێکی لە چاوەڕوانی بەدەرە!″ پەڤیلیەنەکە کراوەتەوە! بۆچی پێی وت کلیلەکەی نەهێناوە؟ بۆچی دەستبەجێ ئەوەی پێ نەوت کە پەڤیلیەنەکە چی دی داناخرێت؟ هەموو شتێك ئاوێتە و لێکدراوە، ئاڵۆزە، دەستکردە، هەموو شتێك بەشانۆ کراوە، هیچ شتێك بێ پێچ و پەنا نییە یاخۆ بەواتایەکی تر، هەموو شتێك هونەرە، ئا لەم حاڵەتەشدا هونەری درێژخایەنکردنی نیگەرانییە، باشتریش وایە تا دەکرێت درێژترین ماوە هونەری مانەوە بێت لە حاڵوبارێکی وررووژاودا.

١١

دینۆن ڕواڵەت و دەرکەوتەی جەستەیی مەدام دی تی وەسف ناداتەوە، بەڵام وێ دەچێت من لە شتێك دڵنیا بم: ئەویش ئەوەیە کە نابێت ئەو ریوەڵە بێت، وا وێنای دەکەم کە ″ناو قەدێکی بەلەباریك و نەرمونۆڵ″ی هەبێت ″ئەمانە ئەو وشانەن کە لاکلۆس بۆ وەسفکردنی ئیشتیاکراوترین لەشی مێیینەی نێو Les Liaisons dangereuses ″ بەکاریان دەبات و ئا ئەو خڕوپڕییە جستەیییەش دەبێتە هۆی خڕوپڕیی هێوری بزاوت و هێماکان. تەوەزەلییەکی ناسك لێیەوە سەرچاوە دەگرێت. خودانی حیکمەتی هێورییە و هەموو چەشنە تەکنیکێکیش بۆ هێورکردنەوەی شتەکان بەکار دەهێنێت، بەتایبەتیش ئەمە لە کاتی قۆناغی دووەمی ئەو شەوەی کە لە پەڤیلیەنەکەدا بە سەری دەبەن بەئاشکرایی دەردەخات: دەچنە ژوورەوە، ئاوێزانی یەك دەبن و دەکەونە سەر قەنەفەیەك و عەشقبازی دەکەن. وەلێ ″سەرجەمی ئەمانە نەختێك بەدەستوبردەوە جێبەجێ کران و لە هەڵەکەی خۆیشمان گەیشتین... ئەو وەختەیش کە زۆر جۆش و خرۆش دەگرین، کەمتر کارامەین. کاتێکیش کە هەڵپە بۆ چێژ و لەزەتی جەستەیی دەکەین، هەموو شادییەکانی سەرانسەری ڕێگەکەمان دەشەمزێنین″.

ئەو پەلەکردنەی کە ئەو هێورییە شیرینەیان لە کیس دەبات،

دەستبەجێ وەکو هەڵەیەك دەبینن، بەڵام من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمە هیچ موفاجەئەیەکی[٧٠] بۆ مەدام دی تی تێدا بێت، بەڵکو من وای بۆ دەچم کە ئەو دەیزانی هەڵەیەکە ناکرێ خودداریی لێ بکرێت، هەر دەبوایە ڕووبدات، چاوەڕوانی ڕوودانیشی دەکرد و هەر لەبەر ئەو هۆیەش پلانی بۆ وچانەکەی نێو پەڤیلیەنەکە دانا هەتاکو چون ڕیتاردانۆیەك[٧١] بێت بۆ هێواشکردنەوە و هێمنکردنەوەی خێراییی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن و ئەوانەیش کە پێشبینیی ڕوودانیان دەکرێت، بۆ ئەوەی کاتێك قۆناغی سێیەم لە شوێن و کاتێکی نوێدا هات، ئەوا بشێت سەرچڵییەکەیان بەهەموو هێوریيە ناوازەکەی خۆیەوە لە هەرەتیدا بێت.

ناگەهان لە پەڤیلیەنەکەدا لە سێکسکردن دەوەستێت، لەگەڵ شێڤالێرەکەدا دەردەکەوێت و هەندێکی تر لەگەڵیدا پیاسە دەکات، لەسەر تەختە درێژکۆڵە کورسیوارەکەی ناوەڕاستی چیمەنەکە دادەنیشێ، هەمدیسانەوە دەست بەگفتوگۆکردن دەکاتەوە و دوای ئەوەیش بەرەو شاتۆکە دەیبات و دەیباتە نێو ژوورێکی پەنهانئامێزی تەنیشت ئەپارتمانەکەی خۆی، کە مێردەکەی بەر لە سەروەختێ چەشنی پەرستگەیەکی سیحرئامێزی عەشقبازی دروستی کردبوو. شێڤالێرەکە سەرگەشتە لە بەردەم دەرگەکەدا ڕادەوەستێت، ئەو ئاوێنانەی کە سەرجەم دیوارەکانیان داپۆشیوە بەشێوەیەك خەیاڵە عەکس کردووەکانیان زیاد دەکات و لەپڕێکدا کاروانێکی دوانەهاتووی عاشقان لە هەموو دەور و زێواریاندا تێك دەئاڵێن. بەڵام ئەوە ئەو جێگەیە نییە کە سێکسی تێیدا پراوە دەکەن، وەکو ئەوەی مەدام دی تی مەبەستی ئەوە بێت کە ڕێ بۆ تەقینەوەیەکی زۆر بەهێزی هەستەکان خۆش بکات و بەپێی توانا ماوەی

---

(٧٠) Surprise:

(٧١) Ritardando: جۆرە مۆسیقایەکە.

ورووژانەکە درێژ بکاتەوە. بۆ ژوورەکەی تەنیشت ڕای دەکێشێت، کە وەکو قووڵە ئەشکەوتێکی دەستکردی نێو تاریکاییە و هەمووی دۆشەکەڵەی نەرمونۆڵ و ڕیشوودارە، هەر تەنیا ئا لەوێدایە کە بەدوورودرێژی و کاوەخۆ، هەتاکو بەیان ئەنگوتن سێکس دەکەن.

بەهێدیکردنەوەی ڕەوتی شەوەکەی خۆیان و دابەشکردنی بەسەر قۆناغی جیا جیادا کە هەریەکەیان لەوەکەی دوای خۆی دابڕاوە، مەدام دی تی‌سەرکەوتوو دەبیّ لەوەی کە شێوە و فۆرمی تەلارسازییەکی بچکۆلانەی نایاب بەو ماوە کورتە گونجاوە ببەخشێت. ئەوەی کە جوانییش دەرخواستی دەکات سەپاندنی فۆرمە بەسەر ماوەیەکی زەمەنی و بەسەر یادەوەریشدا بەهەمان شێوە. چونکە ئەوەی کە بیّ شەقڵ بێت ناقۆزرێتەوە و یادەوەریش تۆماری ناکات. بیرکردنەوەش لە بەیەکگەیشتنیان وەکو فۆرمێك بەتایبەتی بۆ ئەوان گرینگ بوو، چونکە شەوەکەیان بیّ شك دەبیّ سبەینێی هەبێت و هەر تەنیاش دەکریّ لە ڕێگەی وەبیرهێنانەوەوە دووپات بکرێتەوە.

پێوەندییەکی پەنامەکانە لە نابەینی هێوری و یادەوەریدا و لە نابەینی خێرایی و لەبیرچوونەوەدا هەیە. ئا لەم هەڵوێستە زۆر ئاساییە وردبەرەوە: پیاوێك بەشەقامدا دەڕوات. لە ئان و ساتێکی دیاریکراودا کۆشش دەکات شتێك وەبیر خۆی بهێنێتەوە، بەڵام یادەوەریی خۆی لیّ ڕادەپسکێنیّ. بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکییانە هێور دەبێتەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەو کەسەی کە دەیەوێت ئەو بەسەرهاتە ناخۆشە لە بیر بەرێتەوە کە بەو دواییانە پیایدا گوزەری کردووە، بەشێوەیەکی نائاگایانە دەکەوێتە خێراکردنی هەنگاوەکانی، وەك ئەوەی تەقەلای خۆ دوورخستنەوە لە شتێك بدات کە هێشتایش لەو ساتە وەختەدا زۆر لێیەوە نزیکە.

لە ماتماتیکی بوونگەراییدا، ئەم ئەزموونە شکڵی دوو هاوکێشەی بنچینەییی وەخۆوە دەگرێت: پلەی هێوریی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێز و گوڕی

یادەوەریدا هاوڕێژەیە و پلەی خێراییش ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێز و گوڕی لەبیرچوونەوەدا هاوڕێژەیە.

## ١٢

لەوانەیە هەر بەتەنیا گرووپێکی بچکۆلانەی گیانی بەگیانی بەدرێژایی ژیانی ڤیڤان دینۆن، پێیان زانیبێ کە ئەو نووسەری ڕۆمانی Point de Lendemain «نۆتومۆڕۆ» بوو، ئەو نهێنییەیش، کە بۆ گشت کەس و (ڕەنگە) بەشێوەیەکی لێبڕاوانەیش، گۆڕ بەگۆڕ کرابوو، هەر تەنیا دوای مردنی خۆی بوو، کە ئەویش بەماوەیەکی زۆر دوورودرێژ بڵاو کرایەوە. مێژووی خودی کارەکە خۆیشی هەڵگری شەباهەتێکی سەیر و سەمەرەیە بەو چیرۆکەی دەیگێڕێتەوە: کە بەنیمچە سایەی پەنهانئامێزیی، بەهوشیاریی، بەتەمومژ و ناو نەزانراوی داپۆشراوە.

سەرباری ئەوەیش کە دینۆن پیاوێکی خاوەن پیشەی ناوازە و، نەقشەهەڵکۆڵی سەر تەختە و مێتاڵ و، شێوەکار و، دیپلۆمات و، گەشتیار و، پسپۆڕی هونەر و، جادووبازی سالۆنەکان بوو، بەڵام هەرگیز ئیدیعای خاوەندارییەتی هونەریی ڕۆمانەکەی نەدەکرد، نەك لەبەرئەوەی کە شۆرەتی ڕەت دەکردەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی شۆرەت لە زەمانی ئەودا شتێکی جیاوازی دەگەیاند. من وێنای ئەو جەماوەرە دەکەم، کە ئەو بایەخی پێ دەدا و دەیویست گومڕای بکات، ئەو حەشاماتە غەوارەیە نەبوو، کە نووسەری ئەم سەروەختە مرخی لێ خۆش دەکات، بەڵکو ئەو هاودەمیەتییە بچکۆلەیەی خەڵکانێك بوو کە دەشیا ناسینێکی شەخسییانە بیانناسێت و ڕێز و حورمەتیان بگرێت. ئەو چێژ و لەزەتەیش، کە لە سەرکەوتنی لە ناو خوێنەرەکانییەوە هەڵی دەهێنجا زۆر لەو جۆرە جوداوازتر نەبوو، کە لەوانە بوو لە مابەینی هەندێك گوێدێردا درکی پێ بکات، کە لە سالۆنێکدا لە زێواریدا کۆ دەبوونەوە کە ئەو تێیدا دەدرەوشایەوە.

هەر بەر لە داهێنانی وێنەکاری Photography یەوە یەك جۆرە ناوبانگ هەبوو، دوای ئەویش جۆرێکی تر هەبوو. وێنسێسلاوسی قەراڵی چیك، لە سەدەی چواردەمدا حەزی دەکرد خۆی ناشوناس بکات و ئوتێلە بچووکەکانی پراگ بەسەر بکاتەوە و لەگەڵ خەڵکی عەوامدا باخێوێت. ئەو دەستەڵات و شۆرەت و ئازادیی هەبوو. کەچی شازادە چارڵزی بەریتانیا نە دەستەڵاتی هەیە و نە ئازادی، بەڵام شۆرەتێکی بێ پایانی هەیە: نە دەتوانێ لە نێو دارستانێکی تەینەکراو و نادیاردا و نەیش لە ئەستێڵکی خۆشتنی خۆیدا کە لە حەشارگەیەکی قووڵی حەڤدە نهۆم بەژێر زەمیندا چوو، خۆی پەنهان بکات و لەو چاوانە خۆی دەرباز بکات کە دەیناسن و بەدوایەوەن. ئەو، نێوبانگ هەر هەموو ئازادییەکەی هەڵلووشیوە و، ئێستاکەش ئەوە دەزانێت: کە هەر تەنیا خەڵکی تەواو ناهۆشیار لەم ڕۆژانەدا بەخواستی خۆیان خۆشنوودن، کە پێ بەپێ مەنجەڵ و تاوەی خەڵکی ناسراو بەدووی خۆیاندا بەکێش دەکەن.(٧٢)

سەربارى گۆڕانى سروشتى شۆرەتیش تۆ ئەوە دەڵێیت، کە تا هەنووکەیش ئەمە هەر جێ بایەخی چەند کەسێکی بەرخوردارە. بەڵام تۆ بەهەڵەدا چوویتە. چونکە نێوبانگ هەر تەنیا جێ بایەخی خەڵکی ناسراو نییە و بەس، بەڵکو جێ بایەخی هەموو کەسێکە. ئەم ڕۆژانە، خەڵکی ناودار لەسەر لاپەڕەی گۆڤارەکاندا، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکاندا دەردەکەون و خەیاڵی هەموو کەسێك داگیر دەکەن. هەموو کەسێکیش بیر لە ئەگەرەکانی ئەوە دەکاتەوە، با هەر تەنیا لە خەونەکانیشدا بێت، ببێتە بابەتی شۆرەتێکی لەو جۆرە "بێگومان شۆرەتی قەراڵ وێنسێسلاوس نا کە بۆ سەردانی ئوتێلە بچووکەکان دەچوو، بەڵکو شۆرەتی شازادە چارڵز کە لە نێو حەوزی خۆشتنەکەیدا پەنهان بوو کە حەڤدە نهۆم بە ژێر زەمیندا ڕۆ

(٧٢) واتا گرینگیدان بەناوداران و بە دواداچوون و سۆراخگیریکردن بۆ باس و خواسەکانیان.

چووبوو". ئەم ئەگەرە سێبەر بەسەر هەموو کەسێکدا دەکات و سروشتی ژیانەکەی دەگۆڕێت، چونکە "کە ئەمەیش هەر لە ماتماتیکی بوونگەراییدا بەڵگەنەویستێکی تری بەناوبانگە" هەر ئەگەرێکی نوێ کە «بوون» بەدەستی دەهێنێت، هەتا ئەوەیش کە کەمترین شیمانەی هەیە، هەموو شتێك لە بارەی بوونەوە دەگۆڕێت.

١٣

لەوانەیە پۆنتیڤین سەبارەت بەبێرك کەمتر توندوتیژ و بێبەزەیی بووایە ئەگەر لەو دەردەسەرییانە بەئاگا بووایە کە ئەو ئینتێلێکتواڵە بەم دوادواییە بەهۆی ئافرەتێکی بە ئیماکیولاتا ناسراوەوە تووشیان هاتبوو، ئەو کۆنە دۆستەی قوتابخانەی کە کاتی منداڵی بێهوودانە ئارەزووی کردبوو.

ڕۆژێکیان پاش نزیکەی بیست ساڵ، ئیماکیولاتا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆندا بێرکی دیتبوو مێشی لەسەر چرۆچاوی کیژێکی بچکۆلانەی ڕەشپێستدا پاس دەکرد، ئەو دیمەنە وەکو جۆرە ڕووناکییەك بەری کەوت و هەژاندی. هەر دەرحاڵ دەرکی بەوە کرد کە ئەوی هەمیشە خۆش ویستووە. هەر هەمان ڕۆژیش، نامەیەکی بۆ نووسی کە تێیدا «خۆشەویستییە بەرائەتئامێز»ەکەی دێرزەمانی خۆیانی وەبیر هێنایەوە. بەڵام بێرك بەتەواوی ئەوەی دەهاتەوە بیر، کە ئەو زۆر لەوە دوورتر بوو بێ گوناه بێت، خۆشەویستییەکەی بە ڕادەیەکی بێ هاوتاش شەهوەتئەنگێزانە بوو، هەروەها ئەوەیشی دەهاتەوە بیر کاتێك کە ئەو دڵڕەقانە ڕەتی کردبووەوە ئەم هەستی بەسەرشۆڕی کردبوو. لە ڕاستیدا ئەمە ئەو سۆنگەیە بوو کەوا ئەو ئا لەو کاتەدا بەهانی ئەو ناوە نەختێك گەپجاڕانەیەی کەنیزەکە پورتوگالییەکەی ماڵە باوانییەوە، ئەو نازناوەی لێ نابوو، کە لە هەمان کاتدا تەوسئامێز و غەمگین بوو، ئەو ناوەیش ئیماکیولاتا بوو، کە مانای

پاكیزەی دەگەیاند. بەرامبەر بەنامەكەیشی ڕەفتارێكی ناپەسندانەی كرد"شتێكی سەیر بوو، كە هێشتایش لە پاش بیست ساڵ هەر بەتەواوەتی تێكشكانە دێرینەكەی خۆی هەرس نەكردبوو" و پاسڤی نەدایەوە.

بێدەنگییەكەی ئەو گەلێكی قەڵس كرد و، لە نامەی دواتردا ژمارەی سەرسامكەری ئەو یاداشتە عاشقانانەیەی وەبیر خستەوە كە بۆی نووسیبوون. لە یەكێكیاندا ناوی بەو «پەڕەووڵی شەوەی كە خەونەكانم جەنجاڵ دەكات» بردبوو. ئەو دێڕەی كە لەو ساوە لە بیری چووبووەوە، وەكو گەمژەییەكی تاقەت پڕووكێن بەری كەوت و وایشی بۆ چوو كە ئەوە بێ نەزاكەتی بوو لەوەوە كە ئەوەی بەبیردا بهێنێتەوە. دوای ئەوەیش، بەگوێرەی ئەو بەندوباوانەی كە پێی دەگەیشتن، لەوە حاڵی بووبوو هەر جارێك كە ئەو لە تەلەفزیۆندا دەربكەوێت، ئەو ئافرەتەی كە هەرگیز لە نازڕاندنی سەركەوتوو نەبووبوو لە جێیەك كاتی شێوكردن لە بارەی خۆشەویستییە بەرائەتئامێزەكەی بێركی ناسراوەوە چەنەی لێ دەدا، كە كەرەتێكیان بێرك نەیتوانی بوو بخەوێت، چونكە ئەو پشێویی خستبووە خەونەكانییەوە. هەستی بەبێ دیفاعی و ڕووت و ڕەجاڵیی خۆی كردبوو. بۆ یەكەمین جاریش بوو كە لە ژیانی خۆیدا هەستی ئارەزوویەكی بەتینی نادیاربوون و نەناسراوبوون دای گرێتەوە.

لە نامەی سێیەمیشدا، داوای پیاوەتییەكی لێ كردبوو، نەك بۆ خۆی بیكات، بەڵكو بۆ دراوسێكەی، ئەو ژنە داماوەی كە لە نەخۆشخانەدا زۆر بەخراپی خزمەت و چاودێرییان كردبوو، نەك تەنیا بەهۆی بەكارهێنانێكی نابەجێی بەنج لێدانەوە كە خەریك بووبوو بمرێت، بەڵكو بچووكترین قەرەبوو بۆ كردنەوەیشیان ڕەت كردبووەوە. ئەگەر بێرك لە پێناوی منداڵە ئەفریقییەكاندا بەئێش و ئازارێكی ئاوهادا تێپەڕی بێت، دەبا بیسەلمێنێت كە پێی دەكرێت هەندێك بایەخ بەمەردومی ڕەمەكیی وڵاتەكەی خۆشی بدات، هەتاكو ئەگەر بۆ خۆ ڕاوەشاندنیش بێ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆندا ئەوا دەرفەتی پێ نەبەخشن.

ئینجا خودی ئافرەتە لێقەوماوەکە خۆی، بەبەکارهێنانی ناوی ئیماکیولاتا وەکو ڕێفەرەنسی(٧٣) خۆی نامەی بۆ نووسی: «... مسیوو، ئەو کیژۆڵە جحێڵەت وەبیر دێتەوە کە بۆت نووسیبوو کە ئەو، ئەو پاکیزە داوێنپاکەت بوو کە شەوەکانتی تووشی ئاشووب کردبوو».

ماقووڵ بوو؟ ماقووڵ بوو؟ بێرك دەهری بووبوو دەیقیژاند و لە سەرێکی ئەپارتمانەکەیەوە بۆ سەرەکەی تری دەهات و دەچوو. نامەکەی پارچە پارچە کرد، تفی بەسەردا ڕۆ کرد و، هەڵی داشتە نێو زبڵدانەکەوە.

ڕۆژێکیشیان لە لایەن سەرۆکی یەکێك لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە بەوەی زانی کە ئافرەتێکی دەرهێنەر دەیەوێت پڕۆفایەلێك(٧٤) دەربارەی ئەو ئامادە بکات. ئینجا بەتەنگەتاوییەکەوە، ئەو سەرنجە گاڵتەئامێزانەیەی دەربارەی هەوەسی کەشوفشکردنی خۆی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دای، وەبیری هاتەوە، چونکە ئەو دەرهێنەرەی کە دەیویست فلیمەکەی لەسەر ئامادە بکات، هەر خۆی ئەو پەڕەووڵەی شەو بوو، خودی ئیماکیولاتا بوو! هەڵوێستێکی پەستکەرانە بوو، بەتایبەتی لە لایەنی پرەنسیپەوە، پێشنیازی ئامادەکردنی فیلمێکی لە بارەی خۆیەوە بەشتێکی نایاب لە قەڵەم دا، چونکە ئەو هەمیشە ئومێدی بەوە بوو کە ژیانی خۆی بکاتە بەرهەمێکی هونەری، بەڵام هەتا ئەو چرکەساتەیش قەت بەبیریدا نەهاتبوو کە کارێکی هونەری ئەئاوا دەکرێ ببێتە کۆمیدیاییەك! لەگەڵ دەرکەوتنی ناگەهانی ئەو خەتەرەیشدا، بڕیاری دا بەپێی توانا ئیماکیولاتا لە ژیانی خۆی دوور بخاتەوە و تکای لە سەرۆکی کەناڵەکەیش کرد "کە تەواو بەخاکەڕاییەکەی ئەم سەرسام بوو" هەتاکو

---

(٧٣) reference: پاڵپشت "کەفالەتکەر"، تەوسییەنامە، ناوبژیکەر یان شەفاعەتکەریش دەگەیەنێ.

(٧٤) Profile: ژیاننامە. کورتە بەرنامەیەك لەسەر ژیانی کەسێکی ناودار.

پرۆژەکە دوابخات. لەبەرئەوەی بۆ کەسێکی ئەئاوا گەنج و کەم بایەخی وەکو خودی ئەو نابەکام بوو.

## ١٤

ئەم سەربووردەیە سەربوردەی یەکێکی دیکەم وەبیر دەهێنێتەوە، کە لە سۆنگەی ئەو کتێبخانەیەوە زانیم کە هەموو دیوارێکی ئەپارتمانەکەی گۆجارد دادەپۆشێ. جارێکیان، کاتێ کە دڵتەنگیی خۆمم بۆ هەڵدەڕشت، ڕەفەیەکی پێ نیشان دام بەدەستوخەتی خۆی لەسەری نووسرابوو: «شاکاری گاڵتەوگەپە ناخواستەکان»[٧٥] و ئەنجا بەزەردەخەنەیەکی بەدخووانەوە، کتێبێکی دەرکێشایە دەرێ کە ئافرەتێکی ڕۆژنامەوان لە ساڵی١٩٧٢دا بڵاوی کردبووەوە، کە لە بارەی خۆشەویستیی خۆیەوە بوو لەگەڵ کیسینگەردا، ئەگەر هێشتایش ناوی بەناوبانگترین کەسێتیی سیاسیی ئەو سەروبەندەت وەبیر بێتەوە، کە ڕاوێژکاری سەرۆك نیکسن و ئەندازیاری ئاشتیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڤێتنام بوو.

ئا ئەمەیش سەربووردەکەیە: ئافرەتەکە لە واشینگتۆندا چاوی بەکسینگەر دەکەوێت بۆ ئەوەی سەرەتا بۆ کۆوارێك و دوای ئەوەیش بۆ تەلەفزیۆن دیمانەی لەگەڵدا ساز بکات. چەند دانیشتنێکیان پێکەوە دەبێت، بەڵام هەرگیز سنووری پێوەندییە پرۆفێشناڵە جیدییەکان نابەزێنن: یەك یاخۆ دووجار شێو پێکەوە دەکەن، بۆ ئەوەی خۆ بۆ پەخشی تەلەفزیۆنی تەیار بکەن، چەند سەردانییەك بۆ ئۆفیسەکەی دەکات لە کۆشکی سپیدا و ئەوسا بەتەنیا بۆ ماڵەکەی دەچێت و ئینجا دوای ئەوەش لەگەڵ تاقمی هاوکارانیدا دەچێت و.. ئیتر ئا بەم شێوەیە. کیسینگەر نەختە نەختە ڕکی لێ هەڵدەگرێت. خۆ گێل نییە، دەزانێت چی بەرقەرارە و، بۆ هێشتنەوەی مەودایەکیش لە نێوان ئەو و خۆیدا پێشنیازی چەند سەرنجێکی زیرەکانە

(75) Master pieces of Unintentional Humour.

دەربارەی ئەوە دەکات کە چۆن ئافرەتان بەلای دەسەڵاتدا بەکێش دەبن و چۆنیش پلە و پایەی ئەو، پەیجۆری ئەوەی لێ دەکات کە دەست لە هەموو ژیانێکی تایبەتمەندانەی خۆی هەڵبگرێت.

بەوەفادارییەکی تەواو کاریگەریشەوە، ڕۆژنامەوانەکە هەر هەموو ئەو تێبینی و شێوازی خۆدزینەوانەی ئەو بڵاو دەکاتەوە، کە لە ڕاستیدا هیچ ساردی ناکاتەوە، بەڵکو قەناعەتێکی پتەو و چەسپاوتری ئەوەی دەداتێ کە هەردووکیان بۆ یەکتری لواون. ئایا بەوە دەچێت کە بەچاودێری و بێ متمانە بێت؟ ئەوەیش ئەو سەرسام ناکات: چونکە بیروڕایەکی ڕوون و ئاشکرای لە بارەی هەموو ئەو ئافرەتە بەد و خراپانەوە هەیە پێشتر ناسیونی، ئەرخەیانیشە، هەرکە حاڵی بێ لەوەی کە چەندی خۆش دەوێت، نیگەرانییەکانی خۆی فەرامۆش دەکات و ئەو خۆپارێزییە توندوتیژەشی خاو دەکاتەوە. ئا، گەلێك لە بێ غەلوغەشیی خۆشەویستییەکەی خۆیشی خاترجەمە! دەتوانێ سوێندیش بخوات کە بەهیچ جۆرێك لە لایەن ئەوەوە خولیای ئیرۆتیکیبوونی بۆ نییە. دەنووسێت:

"بەلایەنی سێکسیشەوە، بەساردوسڕییەوە بەجێی هێشتم"، ئەمە و چەندین جاریش "بەسادییەتێکی دایکانەی عاجباتییەوە" ئەوە دووپات دەکاتەوە کە شەپڕیو و ناپەسەندانە جلوبەرگ دەپۆشێت، قۆز و ئێسك سووك نییە و لە بارەی ئافرەتیشەوە زەوقێکی پەڕپووتی هەیە و، «دەبێ عاشقێکی بێ فەڕ بێت»، هەتا ئەو کاتەی کە ئەم حوکمانەشی بەسەردا دەدات ئەوەش ڕادەگەیەنێت کە بەهۆی ئەوەوە زیاتر و زیاتری خۆش دەوێت. ڕۆژنامەوانەکە دوو منداڵی هەیە، ئەویش هەروەها دوو منداڵی هەیە، ئافرەتە ڕۆژنامەوانەکە پیلان دادەنێت – ئەویش هیچ ئاگای لێ نییە – بۆ پێکەوە بەسەربردنی پشووە هاوبەشەکانیان لە «کۆت داژۆر» و بەبیرۆکەی ئەوەیش خۆشحاڵە کە هەردوو کیسینگەرە چکۆڵەکان ئاوا بۆیان دەرەخسێت بەشێوەیەکی خۆشمەندانە فێری زوبانی فەرەنسی بن.

ڕۆژێکیان، ستافی وێنەگرتنی بۆ ئەوە دەنێرێت وێنەی ئەپارتمانەکەی کیسینگەر بگرن و، لەبەرئەوەیش کە چی تر لە توانایدا نییە تووڕەیی خۆی بەرزەفت بکات، لە پڕا وەکو ئەوەی هەندێ کەسی پێشێلکەری سنوورەکانی لیاقە بن، دەری دەکات. لە بۆنەیەکی دیکەیشدا، بۆ ئۆفیسەکەی خۆی بانگهێشتی دەکات و بەدەنگە لە ڕادەبەدەر سەخت و ساردوسڕەکەی، ئەوەی پێ ڕادەگەیەنێت کە ئیدی لەوە بەولاوە بەرگەی ئەتوارە سەیر و ناڕوونەکانی ناگرێت. سەرەتا تووشی نائومێدییەکی قووڵ دەبێت. بەڵام هەر زوو بەخۆی دەڵێت: گومان لەوەدا نییە، چونکە ئەو لە ڕووی سیاسییەوە بەخەتەرناك لە قەڵەم دراوە و کیسینگەریش لە لایەن دامودەزگا دژ بەجاسووسییەکانەوە فەرمانی ئەوەی پێ کراوە کە دەست لە دیدارکردنی هەڵگرێت.

ئەو ئۆفیسەیش کە ئەوان یەکیان تێیدا دەبینی، چاودێری کراو ژاوەی مایکرۆفۆنە و پێیشی دەزانێ. بێ شك ئەو سەرنجە توندوتیژ و زۆر سەرسامکەرانانەیشی بۆ ئەو نەبوون، بەڵکو بۆ ئەو پۆلیسە نهێنییانە بوون کە چاودێرییان دەکردن. بەبزەیەکی خەمگینانە و حاڵیبووانەوە چاوی تێ دەبڕێت، دیمەنەکەی بۆ بەدیار دەکەوێت وەك ئەوەی بەجوانییەکی کارەساتاوی "ئەو ئاوەڵناوەی کە ئەو بەسەرومڕی بەکاری دەهێنێت" ڕۆشن بووبێتەوە: ناچارە ئەو هەموو تیروتوانجانەی ئاراستە بکات و لە هەمان کاتیشدا نیگاکانی لە خۆشەویستییەوە بدوێن.

گۆجارد پێ دەکەنێت، بەڵام من پێی دەڵێم: هەقیقەتی ئاشکرا دەربارەی ئەو هەڵوێستە ڕاستەقینەیەی کە لە میانەی کەڵکەڵەی ژنەوە دەردەکەوێت، کەم بایەخترە لەوەی کە ئەو بۆی دەچێت، ئا ئەمەیش هەر تەنیا هەقیقەتێکی ناچیز و بێ ڕتووشە و بەرامبەر بەهەقیقەتێکی تری شکۆدار و هەتاهەتایی ڕەنگ بەبار دەبێت: کە ئەویش هەقیقەتی نێو ئەو کتێبەیە.

هەتاکو لە یەکەمین چاوپێکەوتنیشی لەگەڵ ئیدۆلەکەیدا(٧٦) ئەو کتێبە بەشکۆیەکی نەبینراوەوە لەسەر مێزێکی بچکۆلانەی نێوانیاندا دانرابوو، هەر لەو کاتەیش بەدواوە ئیتر بوو بەئارمانی دان پێدا نەنراو و نائاگای سەرلەبەری سەرچڵییەکەی. کتێب؟ بۆ چی؟ هەر بۆ ئەوەی پۆرترێتێك بۆ کیسینگەر بکێشێت؟ نا بەهیچ کڵۆجێك! هیچ شتێکی نەبوو دەربارەی ئەو بیڵێت. ئەوەیش کە شیفتەی کردبوو ڕاستگۆیی خۆی بوو لەگەڵ خۆیدا. ئەو نە کیسینگەری دەویست و نە جەستەی ئەویشی دەویست ″دەبێ عاشقێکی بێ فەڕ بێت″، ئەو دەیویست خودی خۆی زل بکاتەوە و لە بازنەی تەنگی ژیانی خۆی خۆی بیهێنێتە دەرێ، هەڵی بگیرسێنێت و بیکات بەڕۆشنایی. کیسینگەر بۆ ئەو ئەسپێکی ئەفسانەیی بوو، ئەسپێکی باڵدار بوو کە تەنیا (خود)ی ئەو دەیتوانی بۆ فڕینە مەزنەکەی بەسەرانسەری ئاسماندا سواری بێت.

بەڵام گۆجارد لە کورتی دەیبڕێتەوە، قەشمەری بەشرۆڤە خەیاڵییەکەم دەکات و دەڵێت: ″ئەو گەمژە بوو″.

منیش دەڵێم: ″بەپێچەوانەوە، هەموو گەواهییەکان بەڵگەی زیرەکیی ئەون″. کە ئەمەیش شتێکی تەواو پێچەوانەی گەمژەییە. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە لە میانی هەڵبژێردراواندایە.

١٥

بە لە میانی هەڵبژێردراوان و دەستەبژێراندا بوون چەمکێکی تیۆلۆگییە و ئەوە دەگەیەنێت: کە ئەمە مەسەلەی شایستەیی نییە بەڵکو لە ڕێگەی حوکمێکی سوپەرناتۆراڵ(٧٧) و پەیگیرییەکی حولحولی و ئازادیی خواوەیە، کە کەسێك لە پێناوی شتێکی ئاوارتە و نایابدا هەڵدەبژێردرێت.

---

(76) Idol: بت. پەیکەر. پەرستراو.

(٧٧)Supernatural: ئیلاهی. سەر ئاسا. سروشت بەدەر.

قەدیسەکانیش لە بیروباوەڕێکی ئاواوە هێزیان هەڵێنجاوە بۆ ئەوەی بەرگەی ئەشکەنجە و عەزابە زۆر ترسناکەکان بگرن. بەهەمان شێوەی لاساییکردنەوەکانی خودی خۆیان، چەمکە تیۆلۆگییەکان لە بوودەڵەییەکانی ژیانماندا ڕەنگیان داوەتەوە، هەریەکە لە ئێمە "زۆر یا کەم" لە سووکی و بێ بەهایی ژیانە زۆر هیچوپووچەکەی خۆیەوە دەرد و ناخۆشیی دەچێژێت و بەپەرۆشیش دەبێت بۆ هەڵاتن لێی و بەرزبوونەوە بۆ ئاستێکی بڵندتر. سەرپاکیشمان ئەو وەهمەی "چ بەهێز بێ یاخۆ بێ هێز بێ" زانیوە کەوا ئێمە شایستەی ئا ئەو ئاستە بڵندترەین، کە سەرنوێشتمانە و بۆی هەڵبژێردراوین.

هەستکردن بەدەستەبژێر بوونیش، بۆ نموونە، لە گشت پێوەندییەکی خۆشەویستیدا هەیە. چونکە خۆشەویستی بەپێی پێناسەکەی بەخششێکی ناشایستەیە، خۆشەویستبوونیش بەبێ شایستەبوون بەڵگەی خۆشەویستیی ڕاستەقینەیە. ئەگەر ئافرەتێك پێم بڵێت: تۆم خۆش دەوێت لەبەرئەوەی زیرەکیت، لەبەرئەوەی بەڕێز و ڕێکوپێکیت، لەبەرئەوەی دەستودیاریم بۆ دەکڕیت، لەبەر ئەوەی بەدووی ئافرەتان ناکەویت، لەبەرئەوەی قاپ و قاپچاخەکان دەشۆریت، ئەوا یەکسەر ناهومێد دەبم، خۆشەویستییەکی لەو بابەتە پتر بەکاروباری بەرژەوەندییەکی تایبەتمەندانە دەچێت. چەند جوانتریشە کە ببیستی: وێڕای ئەوەی کە نە زیرەك و نە بەڕێز و نە ڕێکوپێکیت، وێڕای ئەوەی کە درۆزن و خۆپەرست و حەرامزادەیت، کەچی من شێت و شەیدای تۆم.

دەشێ یەکەم جار بنیادەم وەکو زارۆکێك ئازمایشی وەهمی هەڵبژێردراویی بکات، لەبەر ئەو بایەخە دایکانەیەی کە بێ ئەوەی شایستەی بێت پێی دەدرێت و بەپێداگرییەکی زۆر زیادەوە داوای دەکات. پەروەردەکردنیش دەبێ خۆی لەو وەهمە دەرباز بکات و ئەوەیش ڕوون بکاتەوە کە هەموو شتێك لە ژیاندا نرخێکی تایبەتیی هەیە. بەڵام هەمیشە

کار لە کار دەترازێت. بێگومان کیژێکی دە ساڵانەت بینیوە کە تەقەلای ئەوە دەدات خواستی خۆی بەسەر هاوڕێ بچکۆلەکانی بسەپێنێت و کاتێکیش کە کتوپڕ خۆی بێ بیانوو دەبینێتەوە، بەلەخۆبایی بوونێکی سەرسووڕمێنەوە دەقیژێنێ: "لەبەرئەوەی من وا دەڵێم"، یان: "لەبەرئەوەی من ئاوام دەوێت". بۆیە هەست بەهەڵبژێردراوی دەکات. بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان دەڵێت: "لەبەرئەوەی من ئاوام دەوێت"، هەموو ئەوانەیش کە لە دەوروبەریدان لە پرمەی پێکەنین دەدەن. کاتێك کە یەکێك خۆی وەکو هەڵبژێردراوێك دەبینێت، دەبێ چی بکات بۆ ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە بسەلمێنێت، هەتا قەناعەت بەخۆی و ئەوانی دیش بکات کە ئەو بەو مێگەلە هەڕەمەکییەی خەڵك تایبەت نییە؟

واتا ئەو سەردەمەی کە لەسەر داهێنانی وێنەگری دامەزرا بەهانای هەڵوێستەکەوە دێت، بەئەستێرە لێهاتووەکانییەوە، بە سەماکارەکانییەوە، بەخەڵکە ناسراوەکانیەوە، کە وێنەکانیان لەسەر شاشەیەکی زەبەلاحدا دەردەکەوێت و هەمووانیش لە دوورەوە دەیبینن و هەمووانیش پەسەندی دەکەن و بۆ هەمووانیش لەوپەڕدایە، لەوپەڕی دەست پێگەیشتندا. لە ڕێی وابەستەگییەکی شکۆدارانە بەخەڵکی شۆڕەتداریشەوە، ئەو کەسەی کە خۆی وەکو هەڵبژێردراو دەبینێت خزمەتی پەیماننامەی گشتیی دوو لا دەکات، یەکەم ئەندامێتییەکەی خۆی لە نێو نائاساییدا و دووەم دوورییەکەی خۆی لە ئاساییەوە، یاخۆ بەواتایەکی کۆنکریتانە، دووری لە دراوسێکانەوە، لە ئاوەڵەکانەوە، لە هاوسەرەکانەوە، ئەوانەی کە "کوڕ یاخۆ کچ"ن و ناچارن لەگەڵیاندا هەڵبکەن.

ئە ئاوا خەڵکی بەناو و ناوبانگیش وەکو سیستەمی زێرابەکان، وەکو دەرماڵەی کۆمەڵایەتی، وەکو بیمە، وەکو تیمارخانەی شێتان بوونە بەسامانە گشتییەکانی وڵات. بەڵام هەر تەنیا بەمەرجێك سوودبەخشن، کە بەڕاستی دوورەدەست بمێننەوە. کاتێکیش کە یەکێك تێدەکۆشێ لە

ڕێگەی پێوەندییەکی شەخسیی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ کەسێکی بەشۆرەتدا بارودۆخی هەڵبژێردرانەکەی خۆی بسەلمێنێت، کە بەمەیش خۆی دەداتە دەم مەترسیی دەرکردنەوە، وەك لە حاڵەتی ئەو ئافرەتەدا کە کیسینگەری خۆش دەویست. لە زوبانی تیۆلۆگییشدا، ئەوە بە کەوتن[٧٨] ناودێر دەکرێت. هەر لەبەرئەمەشە ئەو ئافرەتەی کە کیسینگەری خۆش دەویست لە کتێبەکەیدا بە ڕوون و ئاشکرایی و ڕاست و دروستانە خۆشەویستییەکەی خۆی بەتراجیدی وەسف دەکات، چونکە کەوتن، سەرباری گاڵتەجارییەکانی گۆجاردیش، بەپێی پێناسەکەی خۆی شتێکی تراجیدییە.

هەتا ئەو چرکەساتەی کە بۆی دەرکەوت بێرکی خۆش دەویست، ئیماکیولاتا ئەو ژیانە ژیابوو کە زۆربەی ئافرەتان دەژین. چەند دانە هاوسەرگیرییەك، چەند دانە تەڵاقێك و هەندێك عاشقیش کە بەڕێکوپێکی و بەردەوامییەکی هێمن و تەقریبەن گونجاوەوە ڕەنجەڕۆییان بۆ هێنابوو. دواین عاشقیشی زۆر بەڕێز بوو، وای دەبینی کە تاڕادەیەك لەوانەی تر باشترە و پتر تامڵ دەکرێت، نەك هەر بەتەنیا لەبەرئەوەی ملکەچە بەڵکو لەبەرئەوەیش کە سوودبەخشە: ئەو وێنەگرەیە[٧٩]. کە گەلێك یارمەتیی داوە کاتێك کە لە تەلەفزیۆندا دەستی بەکارکردن کردووە. نەختێك لەو بەتەمەنترە، بەڵام خەسڵەتی قوتابییەکی خۆشەویست و بەڕێزی هەتا هەتاییی هەیە، بەجوانترین و بەزیرەکترین و، (بەتایبەتیش) بەهەستەوەرترین ئافرەتی نێو هەموو ئافرەتانی دادەنێت.

هەستەوەری خۆشەویستەکەی وەکو ئەو دیمەنە سروشتییە بۆ دەردەکەوێت کە دەستکردی شێوەکارێکی ڕۆمانتیکی جێرمانییە: کۆمەڵێ درەخت لە نێو کۆمەڵە شەقڵێکی لە ڕادەبەدەر شێواو و خواروخێچدا پەرش و بڵاو کراونەتەوە و لە سەرووشیانەوە ئاسمانێکی شینی دوور هەیە کە

( 78) Fall: بەربوونەوە. ناوزڕان. سقوط. (لێرەدا بە مانای ڕیسوایی و ناوزڕان دێت.)
( 79) Camera man: و ێنەگر. موسەوور.

جیّ نیشتگەی خوایە، هەموو کاتێکیش کە هەنگاو دەنێتە نێو ئەم دیمەنە جوانەوە هەست بەمەیلێکی بیّ بەربەست دەکات بۆ ئەوەی بکەوێتە سەر ئەژنۆکانی و ئا لەوێدا بیّ جووڵە بمێنێتەوە، وەك ئەوەی مۆجیزەیەکی خواییانە ببینێت.

١٦

هـێدی هـێدی هـۆڵـەکـە قـەرەبـاڵـغ دەبـێت، ژمـارەیـەکـی زۆر لـە ئێنتۆمۆلۆجیستە فەرەنسییەکان و ژمارەیەکی کەمیش لە بیانییەکان، کە لە میانی ئەوانەیشدا زانایەکی چیکی هەیە کە تەمەنی لە شەستەکاندایە، خەڵك دەڵێن لە ڕژێمی نوێدا کەسێتییەکی گرینگ و ناودارە – لەوانەیە شالیارێك بێت یاخۆ سەرۆکی ئەکادیمیای زانستەکان بێت یان لانی کەم لەو ئەکادیمیایەدا ئەندامێك بێت. بەهەرحاڵ، ئەگەر هەر تەنیا لە ڕووی لاپەڕەسەنییەکی سادەیشەوە بێت، ئەوا لەم کۆبوونەوەیەدا گرینگترین و سەرنجڕاکێشترین کەسێتییە و "نوماینده‌ی قۆناغێکی تازەی مێژووە، پاش ئـەوەی کـە کـۆمـۆنـیـزم لـە نێو تـەمـومژی زەمـەندا ڕەوییـەوە"، سەربـاری ئەوەیش لە مابەینی ئەم حەشاماتە چەقەسرۆیەدا بالابەرز و ناقۆلا و تاك و تەنیا ڕاوەستاوە. قەدەرێك، مەردووم هەڵپە دەکەن بۆ ئەوەی دەستی بگوشن و کۆمەڵیّ پرسیاری هەمەڕەنگی لیّ بکەن، بەلام هەمیشە گفتوگۆ زۆر لەوە زووتر دەبڕێتەوە کە چاوەڕوانیی دەکەن و، پاش هێنان و بردنی چوار دانە ڕستەی سەرەتایی، هیچ ئایدیایەکی ئەوتۆیان نییە کە دوای ئەوە لە بارەی چییەوە لەگەڵیدا بدوێن. چونکە، کاتێك کە دەهاتە سەر ئەوە، ئیدی باس و خواسێکی هاوبەش لە بەیندا نەبوو. فەرەنسییەکان هەر زوو بەزوو بۆ کێشە و گرفتە تایبەتییەکانی خۆیان بایان دەدایەوە. هەوڵی دەدا پـیّ بـەپـێیـان بـڕوات، جـاروبـارێکیش دەیوت: "لـە لایـەکـی تـرەوە، لـە وڵاتەکەماندا"، ئینجا کە دەیبینی هیچ کەسێك بەتەنگی ئەوەوە نەدەهات

کەچی "لە لایەکی ترەوە، لە وڵاتەکەماندا"، ڕووی دەدا، بەسیمایەکەوە دوور دەکەوتەوە کە لەو خەم و کەسەرەوە پۆشرا بوو کە نەخەمێکی تفت و تاڵ بوو، نە بەدبەختییەکی ناهەمواریش بوو، وەلێ خەمێکی ماقووڵانە و تا ڕادەیەکیش بەڕێ و جێ و پەسندکراو بوو.

ئەو دەمەیش کە ئەوانی تر لە نێو لۆبی و بارەکەدا بەغەڵبە غەڵبەوە تێك دەچرژێن، ئەو دەچێتە نێو ئەو هۆڵە خەڵوەتەوە کە چوار دانە مێزی درێژی بەشێوەی چوارگۆشە دانراوی تێدایە و چاوەنۆڕی دەستپێکردنی کۆنفراسەکە دەکات. لە تەنیشت دەرگەکەیشەوە مێزێکی بچکۆلانە هەیە و لیستی بەشداربووەکانی لەسەردایە و ئافرەتێکی جحێڵیش لەوێیە کە وێ دەچێت وەکو ئەو فەرامۆش کرابێت. بەلایدا لار دەبێتەوە و ناوی خۆی پێ ڕادەگەیەنێت. دووجار داوای دووپاتکردنەوەی لێ دەکاتەوە. بۆ جاری سێیەمینیش زاتی ئەوە ناکات داوای لێ بکاتەوە، بەخێراییەکەوە لاپەڕەکانی لیستەکە بۆ ناوێك هەڵدەداتەوە کە دەشێ لێکچووی ئەو واژەیە بێت کە گوێبیستی بووبوو.

زانا چیکییەکە، پڕاوپڕ لە نیەت و هەستێکی باوکانە، بەسەر لیستەکەدا دەچەمێتەوە و ناوی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەنگوستی لەسەر دادەنێت: چیخۆریپسکی[٨٠] کیژەکە دەڵێت: "ئۆ، مسیوو سیخۆریپی؟"

واژەکردنی تەواو "چێ- خۆ- ریپس- کی"یە.

"ئۆ، ئەوە شتێکی سەخت و ناهەموارە!"

زاناکەش دەڵێت: "لە ڕاستیدا، ناوەکە بەدروستی نەنووسراوە"، ئینجا، ئەو پێنووسە هەڵدەگرێت کە لەسەر مێزەکەدا دەیبینێت و، لەسەر پیتی c «سی»یەکە و لەسەر پیتی R «ئاڕ»ەکەدا ئەو نیشانە بچکۆلانانە دادەنێت

(80) Cechoripsky.

که بە سێرکەمفلێکسی[٨١] هەڵگێڕدراو دەچن.

سکرتێرەکە دەڕوانێتە نیشانەکان، سەیری زاناکە دەکات و بەئاهێکی ساردەوە دەڵێت:

"ئەمە شتێکی ئێجگار ئاڵۆزە!"

"بەپێچەوانەوە، شتێکی زۆر ئاسانە"

"ئاسان؟"

"تۆ جان هەس[٨٢] دەناسیت؟"

سکرتێرەکە بەلەز چاوێك بەلیستەی میوانەکانی کۆنفرانسەکەدا دەخشێنێت و زانا چیکییەکەش بە پەلە پەل دەکەوێتە ڕاڤەکردن. هەروەکو دەزانیت، لە سەدەی چواردەمدا چاکسازێکی گەورەی کڵێسا بوو. سەلەفی لۆسەر بوو. پرۆفیسۆری زانکۆی چارڵز بوو کە هەوەڵین زانکۆیەك بوو کە لە ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی ڕۆمانیدا بێتە دامەزراندن، هەروەکو ئاگەداری. وەلێ ئەوەی کە تۆ نایزانیت ئەوەیە کە جان هەس ڕیفۆرمیستێکی گەورەی ئۆرسۆگرافیش[٨٣] بوو. لە ئاسانکردنیشی بەشێوەیەکی نایابانە سەرکەوتوو بوو. لە زوبانەکەی ئێوەدا، بۆ نووسینی ئەوەی کە تۆ بە «تچە tch واژەی دەکەیت ئێوەی فەرەنساوی پێویستە سێ پیتی تی، سی، هێچ بەکار بهێنن. جێرمانەکانیش ئاتاژیان بەچوار پیتی: «تی، ئێس، سی، هێچ «tsch» هەیە. کەچی، سوپاس بۆ جان هەس، ئەوەی کە ئێمە لە زوبانەکەی خۆماندا پێداویستمان تاکە پیتێکە، ئەویش پیتی سی –c- یە لەگەڵ نیشانە بچکۆلەکەی سەرەوەیدا. دووبارە زاناکە بەسەر مێزی

(٨١) Circumflex: نیشانەیەکە دەخرێتە سەر پیتە بزوێنەکان و وەکو ژمارە (٨)ی بچووك وایە بەڵام لێرەدا بە دەمەونخوونی.

(82) Jan Hus.

(٨٣) Orthography: ڕێنووسی زمان. نووسین و ئیملای ڕاست و بێ هەڵە.

سکرتێرەکەدا دەنووشتێتەوە و، لە پاڵدێمی لیستەکەدا، سی cیەکی فرە گەورە بە سێرکەمفلێکسێکی هەڵگێردراوەوە دەنووسێت: ٧، ئەوسا لە دورچاوەکانی دەڕوانێ و بەدەنگێکی زۆر تیژ و ڕەوان Tch واژە دەکات.

سکرتێرەکەیش لە دورچاوی ئەو دەڕوانێ و Tch دووپات دەکاتەوە.

"وایە، تەواوە!"

"ئەمە لە ڕاستیدا گەلێك سوودبەخشە. حەیفیشە کە خەڵك بێجگە لە وڵاتەکەی خۆت لە هیچ شوێنێکی تر لە بارەی ڕیفۆرمەکانی لۆسەرەوە بەئاگا نین".

زاناکە وەکو بڵێیت هەڵەی کیژە فەرەنسییەکەی نەژنەفتبێ دەڵێت: "ڕیفۆرمەکانی جان هەس، سەرلەبەر نەزانراو نین. وڵاتێکی تریش هەیە کە تێیدا بە کار دەهێنرێن... دەزانیت لە کوێ، وا نییە؟"

«نا».

«لە لیتوانیا!»[84] «لە لیتوانیا»، سکرتێرەکە دووپاتی دەکاتەوە و بێهوودانە تەقەللای ئەوە دەدات کە وەیادی بێتەوە ئەو وڵاتە لە کوێندەرێی جیهاندا قەرارگیرە.

«هەروەها لە لاتڤیایشدا[85]. کەواتە تۆ ئێستاکە هۆی ئەوە دەزانیت کە بۆچی ئێمەی چیك هێندە شانازی بەو نیشانە بچکۆلانەی سەر پیتەکانەوە دەکەین. (بەزەردەخەنەیەکیشەوە دەڵێت) ڕەنگە ئێمە بەخۆشیی خۆمان دەستبەداری هەموو شتێکی تر بین، هەر تەنیا ئەوە نەبێت. کەچی هەتا دوایین دڵۆپەی خوێنەکەیشمان لە پێناوی ئەو نیشانانەدا دەجەنگین.»

سەر بۆ ئافرەتە گەنجەکە دادەنەوێنێ و بۆ لای چوار گۆشەی مێزەکانەوە

---

(84) Lithuania.

(85) Latvia.

دەبزوێت. لە بەردەم هەر کورسییەکدا کارتێکی بچکۆلانە هەیە و ناوێکی بەسەرەوەیە. هینەکەی خۆی دەبینێتەوە، تاوێکی دوورودرێژ لێی رادەمێنێ، بەقامکەکانی دەیقۆزێتەوە و بەزەردەخەنەیەکی غەمگین، بەڵام بەخشندە، دەیبات بۆ ئەوەی پیشانی سکرتێرەکەی بدات.

هاوکات، ئێنتۆمۆلۆجیستێکی دیکەش لە لای مێزی تەنیشت دەرگەکەوە راوەستاوە بۆ ئەوەی ئافرەتە گەنجەکە بازنەی ئامادەبوون بەدەوری ناوەکەیدا بکێشێت. کە زانا چیکییەکە دەبینێت پێی دەڵێت: "مسیوو چیپیکی، یەك دەقیقە تکایە!" چیکییەکەش ئیشارەیەکی بەیارا دەکات ها مانا: نیگەران مەبە مادمۆزێل، من پەلەم نییە. ئارامگرانە و بەتەوازۆیەکی کاریگەرەوە لە تەنیشت مێزەکەدا چاوەروانی دەکێشێت "دوو دانە ئێنتۆمۆلۆجیستی تریش لەوێ راوەستاون" و کاتێکیش کە ئیتر سکرتێرەکە دەستی دەپەرژێت: کارتی بچکۆلەی سەر جێگەکەی پیشان دەدات: «تەماشاکە، شتێکی سەیرە، وانییە؟»

بە بێ حاڵیبوونێکی ئەوتۆوە دەروانێت و دەڵێت: "بەڵام، مسیوو چێنیپیکی بنۆرە ئەوەتا هەموو نیشانەکانی تێدایە!".

راستە، بەڵام سێرکەمفلێکسە ئاساییەکانە! لە یادیان چووە هەڵیان بگێرنەوە. تەماشایش بکە لە کوێ دایانناون! لەسەر پیتی ئی E و پیتی ئۆ Oدا دایاننناون! چێخۆریپسکی![86] سکرتێرەکە بەخەشمگینییەکەوە دەڵێت: "ئا بەڵێ، تۆ لەسەر هەقیت!"

"پێم سەیرە"، زانا چیکییەکە بەدەنگێکی ئالوودە بەخەم و کەسەرێکی زێدەوە دەڵێت: "بۆچی خەڵك هەمیشە لە بیریان دەکات. خۆ ئەم سێرکەمفلێکسە ئاوەژووکراوانە گەلێك شیعریشن!" پێت وانییە؟ وەکو باڵندەن لە کاتی فریندا! وەکو قومرییە باڵ ئاوەڵاکانن! «ئینجا بەدەنگێکی

(86) cechoripsky.

زۆر ناسکەوە دەڵێت»: ″یاخۆ وەکو پەپوولەن ئەگەر تۆ ئەوەت پێ باشتر بێت″.

هەمدیسان بەسەر مێزەکە دا دەنەوێتەوە بۆ ئەوەی پێنووسەکە بقۆزێتەوە و ڕێنووسی ناوەکەی خۆی لەسەر کارتە بچکۆلانەکەدا ڕاست بکاتەوە. بەخاکێتییەکی ئەوتۆوە دەیکات وەك ئەوەی عوزرخوایی بهێنێتەوە، ئینجا، بەبێ ورتە پاشەکشێ دەکات. کە دەڕوات سکرتێرەکە چاودێریی دەکات، بالاّبەرزە، جەستەی بەشێوەیەکی نائاساییانە شێواوە، لەپرێکیشدا درك بەوە دەکات کە سۆزێکی دایکانە دای دەگرێتەوە. لە شەقڵی پەپوولەیەکدا وێنای سێرکەمفلێکسێکی هەلاّوگێڕکراو دەکات کە لە دەوروبەری زاناکەدا باڵەفڕەیەتی و دوا جاریش لەسەر قژە سپییەکەیدا دەنیشێتەوە.

کاتێکیش کە بەرەو کورسییەکەی خۆی دەکەوێتە ڕێ، زانا چیکییەکە سەری وەردەگێڕێ و زەردەخەنەی ناسکی سکرتێرەکە دەبینێ و بەزەردەخەنەکەی خۆیشی پاکۆی دەداتەوە، بەدرێژایی ڕێگەکەیش سێ دانە زەردەخەنەی تری بۆ ڕەوانە دەکات. ئەگەرچی زەردەخەنەکانی خەمبارن بەلاّم لێوانلێون لەسەربەرزی. سەربەرزییەکی غەمگین، کە هەر ئەوە وەسفی زانا چیکییەکە دەداتەوە.

## ١٧

هەموو کەسێك ئا لەوە حاڵی دەبوو، کە ئەو بەهۆی بینینی ئەو سێرکەمفلێکسانەی کە بەناڕاستیی بە سەر ناوەکەیەوە جێگیر بووبوون دەبوو غەمگین بێت. بەلاّم لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو شانازییەی خۆی لە کوێوە دەستەبەر دەکرد؟

ئا ئەمەیە هۆکاری بنچینەیی نێو ژیاننامەکەی، ساڵێك پاش دەستدرێژییەکەی ڕووسیا لە ساڵی ١٩٦٨دا، لە ئەنیستیوتی

ئێنتۆمۆلۆجی وەدەر نرا و دەبووایە ببێتە کرێکاری بیناسازی. کە ئەوەیش هەتاکو ساڵی ١٩٨٩، هەتا کۆتایی داگیرکردنەکە درێژەی کێشا، بەواتایەکی تر، بۆ نزیکەی بیست ساڵ بەردەوام بوو.

بەڵام ئایا سەدان و هەزاران خەڵك نین کە هەردەم لە ئەمەریکا و فەرەنسا و ئیسپانیا و هەموو شوێنێکی تردا ئیشوکارەکانیان لە دەست دەدەن؟ پێوەی دەتلێنەوەو هیچ شانازییەکیشی لێوە هەڵناهێنجن. ئەی ئیتر بۆچی زانا چیکییەکە سەربەرزە و ئەوانی تر سەربەرز نین؟

چونکە ئەو لەبەر هۆکارە ڕامیارییەکان لە ئیشەکەی خۆی دەرکراوە، نەك لەبەر هۆکارە ئابوورییەکان.

زۆرباشە. بەڵام لەو حاڵەتەیشدا، هێشتا هەر ناڕوونە کە بۆچی دەبێ ئەو کارەساتانەی لە هۆکارە ئابوورییەکانەوە سەرهەڵدەدەن کەمتر ترسناك بن، یاخۆ کەمتر بەرجەستە بن. ئاخۆ دەبێ ئەو پیاوەی کە بەهۆی ڕەنجاندنی سەرکارەکەیەوە دەرکراوە هەست بەشەرمەزاری بکات، کەچی ئەو کەسەی کە بەهۆی بیروباوەڕە سیاسییەکانییەوە ئیشەکەی لە کیس دەدات دەبێ مافی ئەوەی هەبێت لافوگەزافی پێوە لێ بدات؟ ئەی ئەوە بۆچی وایە؟ چونکە لە دەرکردنێکی ئابووریدا کەسی دەرکراو ڕۆڵێکی ناکارا دەبینێت، هیچ بوێرییەکیش لە هەڵوێستیدا نییە کە شایستەی ڕێزلێنان بێت.

ئەمە وەکو جیاوازییەکی ئاشکرا بەدیار دەکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە. چونکە زانا چیکییەکە، کە پاش ساڵی ١٩٦٨ لە ئیشوکارەکەی دەرکرا، کاتێ کە قۆشەنی ڕووسیی لە وڵاتدا ڕژێمێکی لە ڕادەبەدەر قێزەونی قەرارگیر کرد، هیچ کارێکی نەبەردانەشی بەجێ نەهێنا. وەکو سەرۆکی یەکێك لە بەشەکانی ئەنیستیوتەکەیش، هەر تەنیا مێش جێ بایەخی بوو. ڕۆژێکیان، بەبێ ئاگەدارکردنەوەی پێشوەختانە، دەرزەنێك لە

نـەیـارە نـاسراوەکـانـی ڕژێم هـورووژمـیـان هـێنـایـە نێو ئۆفیسەکەی و دەرخـواستـی ئـەوەیـان کـرد کـە هـۆڵـێکـیـان بـداتـێ کـۆبـوونـەوە نـیـمچـە نـهێنییـەکـانـیـانـی تێدا ببـەستن. پـێ بـەپێی ڕێساکـانـی جۆدۆی مۆراڵیی هـەڵسوکـەوتـیـان دەکـرد، بـەپـڕتـاو دەردەکـەوتـن و هـەر لـە خـۆشیـان جەماوەرێکی چاودێری بچکۆلانـەیان پێك دەهێنا. ئەم بەرەنگاربوونـەوە چـاوەڕوان نـەکـراوە زانـاکـەی خستـە نـێو تـەنـگـژەیـەکـی تـەواوەوە. بەوتنی«باشە» دەستبەجێ ڕیسکە ناهەموارەکان دەبوونە میرات بۆ ئەو: ڕەنگ بوو ئیشوکارەکەی لە دەست بدات و هەرسێ منداڵەکەیشی لە زانکۆ بێوەر بکرێن. بەڵام ئەوەندە یارای نەبوو بەو مایکرۆ–جەماوەرە(۸۷) بڵێت "نا" کە پێشوەخت ئەوی بەترسنۆك سەرزەنشت کردبوو. بۆیە سەرەنجام ملی دا، بێزیشی لە خۆی هاتەوە کە نەیتوانی بەهۆی ترسنۆکی و زەبوونی و بێ توانایییەوە بەرهەڵستی ئەو گوشار و بگرە و بەردەیە بکات. کەواتە، بۆ ئەوەی ورد و بەدیقەت بین، ترسنۆکی بوو نەك ئازایەتی کە سەرەنجام بەهۆیەوە لە ئیشوکارەکەی وەدەرنرا و منداڵەکانیشی لە زانکۆ وەدەرنران.

هەتا پتر کات تێ دەپەڕی، پتر ڕق و کینە بەراییەکەی هەمبەر بەو نەیارانە لە بیر دەچووەوە و بەوە ڕادەهات کە ئەو «باشە»یەی ئەوسا گوتبووی وەکو ڕەفتارێکی خۆبەخشانەی ئازاد بەدی بکات و تابیرێك بێت لـە یـاخیبـوونـە تـایبـەتییـەکـەی خـۆی دژی ئـەو ڕژێمـە نـەفـرەت ئـەنگێزە. ئەئاواهی بوو کە توانیی خۆی بەیەکێك لەوانە بێنێتە ئەژمار کە چبوونە سەر شانۆی گەورەی مێژوو و هەر لەو بیروباوەڕەیشەوە سەربەرزی و شانازییەکەی خۆی هەڵدەهێنجا.

ئەی ئەوە ڕاست نییە کە سەرومڕ خەڵکێکی بێ شومار لە کێبەڕکێ سیاسییە بێ شومارەکانەوە گلاون و پێ بەپێی ئەوەیش دەتوانن شانازی

---

(۸۷) Micro-audience جەماوەرێکی زۆر بچکۆلە و کەم. جەماوەرێکی دیاریکراو.

بەوەوە بکەن کە چوونەتە سەر شانۆی گەورەی مێژوو؟ دەبێ بۆچوونەکەی خۆم شرۆڤە بکەمەوە. شانازیکردنی زاناکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەقیقەتەی کەوا ئەو نەك لە چرکەساتێکی خوابەختیدا بەڵکو لەو چرکەساتە گونجاوەدا چووەتە سەر شانۆی مێژوو کە ڕۆشنایی خراوەتە سەر. شانۆی ڕووناککراوەی مێژوو بریتییە لە ڕووداوێکی هەواڵئامێزی جیهانیانەی مێژوویی. پراگیش کە لە ساڵی ١٩٦٨دا تیشك خرایە سەری و لە لایەن کامیراکانەوە چاودێری کرا، ڕووداوێکی هەواڵئامێزی جیهانیانەی مێژوویی دانسقە بوو، زانا چیکییەکەیش بەوە سەربەرز بوو کە هەتا ئا ئەم ڕۆژەیش بەسەر تەوێڵی خۆیەوە هەست بەماچی ئەو ڕووداوە بکات.

بەڵام دانوستانی بازرگانییەکی گەورە، یاخۆ کۆبوونەوەی سەرانی هێزە جیهانییەکان، هەر ڕووداوی هەواڵئامێزی گرینگن و دەکەونە ژێر ڕووناکی و فلیمنیگاری دەکرێن و گفتوگۆ دەکرێن، ئەی ئیتر چۆن لە دەروونی بەشداربووواندا هەمان ئەو هەستە بەجۆش و خرۆش هاتووەی سەربەرزی ناوروژێنن؟

پەلەمە بۆ ئەوەی دوا جیاوازیشی بخەمەسەر. زانا چیکییەکە، نەك تەنیا بەبەرەکەتی هەر جۆرە ڕووداوێکی هەواڵئامێزی جیهانیانەی مێژوویی خوابەختییەوە کارتێکراو بوو، بەڵکو بەو چەشنە ڕووداوانەشەوە کارتێکراو بوو کە بەسوبلایم(٨٨) دادەنران. ڕووداوێکی هەواڵئامێزانە سوبلایمە کاتێك مرۆڤی بەردەمی شانۆ ئازار دەچێژێت و هەمان کات لە باکگراوەنددا تەقوهۆڕی تیرئەندازەیی تفەنگەکان دێت و فریشتەی مەرگیش بەسەر سەردا لەنگەر دەگرێت.

کەواتە هاوکێشەی کۆتایی ئەمەیە: زانا چیکییەکە سەربەرزە، چونکە بەرەکەتی ڕووداوێکی هەواڵئامێزی جیهانیانەی مێژوویی سوبلایم

(٨٨) Sublime: موتەعالی. بالامەقام.

ئەویشی گرتووەتەوە. زۆر بەچاکییش ئەوە درك پێ دەکات کە ئەم بەرەکەتە جودا لە هەموو ئەو زانا نەرویژی و دانیمارکییانە، جودا لە هەموو ئەو زانا فەرەنسی و ئینگلیزانە دایدەنێت کە لە هۆڵەکە لەگەڵیدا ئامادەن.

## ١٨

لە لای مێزە سەرەکییەکەوە کورسییەك هەیە کە قسەکەرەکان یەك لە دوای یەك لەسەری دادەنیشن، زانا چیکییەکە گوێ قولاغیان نابێت. چاوەدووی نۆرەی خۆی دەکات، جارناجارێکیش دەست بۆ گیرفانی دەبات هەتا دەستێك لەو پێنج پەرەیەی خولاسەی لێکۆڵینەوەکەی خۆی بدات، کە سووریش دەزانێت لەوانەی ئەوان باشتر نییە، چونکە بۆ بیست ساڵ دەچوو لە کاری زانستییانە دوور خرابووەوە، بێجگە لە کورتکردنەوەی ئەوەی کە پێشتر بڵاوی کردبووەوە، کاتێك کە وەکو لێکۆڵەرێکی لاو، جۆرە مێشێکی نەناسراوی دۆزیبووەوە و وەسفی کردبوو و بەموسکا پراجینسیزیش ناوزەدی کردبوو، چیتری پێ نەدەکرا. ئێستاش، کە گوێبیستی سەرۆکی کۆنفراسەکە بوو ئەو بڕگانەی دەوتەوە کە بێگومان هەر دەبوو ناوی ئەو بن، هەستا و بەرەو کورسیی قسەکەرەکە بزوا.

لەو بیست چرکەیەی کە چوونەکەی دەیخایەنێت، شتێکی چاوەڕواننەکراوی بەسەردا دێت: هەست و سۆزەکانی بەسەریدا زاڵ دەبن: ئەی خوای گەورە، ئەوەتانێ دوای ئەو هەموو ساڵە لە نێوان ئەو خەڵکەدایە کە ڕێزیان دەگرێت و ڕێزی لێ دەگرن، لە نێوان ئەو زانایانەدایە کە هاوئاوەزن و چارەنووس ئەوی لە نابەینیاندا ڕفاندبوو، کە لە لای ئەو کورسییە بەتاڵەدا ڕاوەستا کە بۆ دانیشتنی ئەو تەرخان کرابوو، بەڵام دانەنیشت، دەیویست ئەگەر بۆ جارێکیش بووە پەیرەوی هەستەکانی خۆی بکات، سەرپێیی بێت و هەست بەهەر شتێك دەکات بۆ ئاواڵە نەناسەکانی خۆی دەربببڕێت.

«بمبوورن، ئەی خانم و جێنتلمانە ئازیزەکانم، چونکە دەمەوێ ئەو هەست و سۆزە دەربڕم، کە خۆیشم چاوەڕوانم نەدەکرد و لە ناکاوڕا دەستەویەخەم بووەوە. دوای غیابێکی بیست ساڵە، وا جارێکی تر پێم دەکرێت لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا ڕاستەوخۆ بدوێم کە دەربارەی هەمان ئەو گیروگرفتانە تێ دەفکرن کە من بیریان لێ دەکەمەوە و هەروەکو منیش لە لایەن هەمان هەست و سۆزەوە دنە دەدرێن. من لە وڵاتێکەوە هاتووم کە بنیادەم هەر تەنیا بەدەربڕینی ئەو شتەی کە بیری لێ دەکاتەوە، دەشێ لە مانای ڕاستەقینەی ژیانی بێ بەری بکرێت، کە مانای ژیانیش بۆ هەر پیاوێکی زانا بێجگە لە زانستەکەی هیچی تر نییە. هەروەکو دەشزانن، دەیان هەزار کەس، سەرپاکی ئینتیلیجنسیای[٨٩] وڵاتەکەم پاش هاوینی ساڵی ١٩٦٨ی کارەساتاوی لە ئیشوکارەکانی خۆیان دەرکران. من تا شەش مانگ بەر لە ئێستاش هەر کرێکارێکی بیناسازی بووم. نا، بێ شك هیچ شتێکی شەرمەزارکەر لەوەدا نییە، مرۆڤیش شتێکی زۆری لێوە فێر دەبێت و دۆستایەتیی خەڵکانێکی سادە و ئابڕوومەند وەدەست دەهێنێت و ئەوەیشی بۆ دەردەکەوێت کە ئێمەی پیاوانی زانست بەئیمتیازین، چونکە ئەو کارانەیش هەر ئیمتیازە کە بەحەز و خولیای خۆمان ئەنجامی دەدەین، بەڵێ هاوڕێیانم، ئیمتیازێکە هەرگیز هاوڕێ کرێکارە بیناسازەکانم پێیان نەزانیوە، چونکە مەحاڵە مرۆڤ سەبارەت بەهەڵگرتنی نیرگێك دڵخۆش بێت. ئەوەتانێ ئەم ئیمتیازەی کە بۆ بیست ساڵ لێی بێ بەری کرام ئێستاکە بۆم گەڕاوەتەوە و هێجگار پێیی شەیدام. بۆیە ئاواڵە ئازیزەکانم، ئەم چرکەساتە، هەرچەندەیش کە وەکو چرکەساتێکی غەمگین دەمێنێتەوە، بەڵام من هەر بەئاهەنگێکی بێ هاوتای دادەنێم.

لەگەڵ وتنەوەی ئەم وشانەی دواییدا، هەست بەوە دەکات کە ئەشك لە

(٨٩) Intelligentsia: توێژی ڕۆشنبیرانی نێو کۆمەڵگە.

چاوەکانیدا پەنگ دەخواتەوە. ئەوە نەختێك دەیشڵەژێنێ، دووبارە تاپۆی باوکی دەبینێتەوە کە وەکو پیاوێکی بەساڵداچوو بەبەردەوامی لە بارێکی سۆزداریدا بوو لە هەموو بۆنەیەکیشدا دەگریا، لەگەڵ ئەوەیشدا بەخۆی دەڵێت، بۆچی بۆ تەنیا جارێك لەمە ناگەرێی، دەبێ ئەم خەڵکە بەسۆزدارییەکەی ئەو هەست بەو شانازییە بکەن کە وەکو ئەو دیارییە بچکۆلانانە پێشکێشیانی دەکات کە لە پراگەوە بۆی هێناون.

ئەو بەهەڵەدا نەچووبوو، جەماوەرەکەیش وە جۆش و خرۆش کەوتبوو. هەرکە دوا پەیڤیشی واژە کردەوە، بێرك هەستا و کەوتە چەپڵە لێدان. دەستبەجێ کامیراکە وێنەی چرپچاوی بێرك و دەستەکانی دەگرێت کە خەریکی چەپڵە لێدانن و هەروەها وێنەی زانا چیکییەکەیش دەگرێت. سەرجەمی ئەوانەی لە ناو هۆڵەکەدان بەهێوری یاخۆ بە پەلەپرووزێ دەکەونە سەرپێ، روخسارەکان لێوبەخەندەن یاخۆ مەنگ و سەلارن، هەموو کەفدەزەنن و ئەوەندەیش پێی خۆشحاڵن کە ئیدی نازانن کەینێ ببیرنەوە، زانا چیکییەکە لە بەردەمیاندا دەوەستێت، بالآبەرزە، نالەبارانە درێژە و هەتا زیاتریش سەیر و سەمەرەیی لە بەرزییەکەیەوە بدرەوشێتەوە زیاتر هەست بەکاتێکەری و کارتێکراوی دەکات. بۆیە چی دی فرمێسکەکانی لە ژێر پێڵووەکانیدا شاراوە نامێننەوە بەڵکو شکۆدارانە بەدەوروبەری لووت و بەرەو لای زاری و بەرەو چەناگەی تەواو بەبەر دیدەی هەموو ئەو ئاوالآنەیەوە خلۆر دەبنە خوارەوە کە ئەگەر بشێت توندوتیژتریش دەکەونە چەپڵە لێدان.

لە کۆتاییدا، هەڵلا و هەڵچوونەکە دادەمرکێتەوە، خەڵکەکە دادەنیشنەوە و زانا چیکییەکەیش بەدەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێت: ″سوپاستان دەکەم، ئەی هاورێیانم، پر بەدڵ سوپاستان دەکەم″.

کرنۆش دەبات و بەرەو جێگەکەی خۆی دەچێتەوە. دەرك بەوەیش دەکات

کە ئێستاکە مەزنترین ساتەوەختی ژیانی خۆی، ساتەوەختی شکۆداری خۆی دەژیت، بەڵێ، شکۆداری، ئەی بۆچی ئیدی ئەو وشەیە ناڵێت، ناڵێت کە هەست بەپایەبەرزی و قەشەنگی دەکات، هەستیش بە بەناوبانگیی دەکات و دەیەوێت چوونەوەی بۆ سەر کورسییەکەی دوورودرێژتر بێت و قەتاوقەت کۆتایی نەیەت.

١٩

هەرکە بۆ کورسییەکەی خۆی ڕۆیشتەوە، بێدەنگیی دەستی بەسەر هۆڵەکەدا گرت. ڕەنگە وردتر بێت ئەگەر بڵێین چەند بێدەنگییەك باڵییان بەسەر جێگاکەدا کێشا. زاناکە هەر تەنیا یەك دانە بێدەنگیی دەبینی. بێدەنگیی سۆزداری، دەرکی بەوەیش نەکرد کە بەرە بەرە، وەکو ئەو گۆڕانکارییە هەستپێنەکراوەی کە سۆناتایەك لە ئاوازێکەوە بۆ ئاوازێکی تر دەگوێزێتەوە، بێدەنگیی سۆزداریش بۆ بێدەنگییەکی سەخڵەتکەر دەگۆڕێت. گشت کەسێکی هۆڵەکەیش لەوە حاڵی بووبوون کە ئەم جێنتلمانەی ناوێکی واژە نەکراوی هەبوو هێند بەخۆی کارتێکراو بووبوو کە خوێندنەوەی ئەو لێتوێژینەوەیەی لە بیر چووبووەوە کە دەبووایە لە دۆزینەوەی جۆری تازەی مێشەکان ئاگەداریان بکاتەوە. هەموو کەسێکیش دەیزانی کە وەیادهێنانەوەی کارێکی بێ نەزاکەتانە بوو. پاش ڕاڕاییەکی درێژخایەنیش، سەرۆکی کۆنفرانسەکە کۆخەیەکی بۆ دەکات و دەڵێت: "سوپاسی مسیووچێکۆچیپی دەکەم... "ماوەیەکی باش چاوەنۆڕ دەکات هەتا دوا فرسەتی ئەوە بەمیوانەکە بدات کە خۆ بەخۆ وەبیری بێتەوە" و... بانگهێشتی وتەبێژی دواتر دەکەم". لەم ئانوساتەدا، بێدەنگییەکە بەپێکەنینێکی چەپێنراو دەشکێت کە لە کۆتاییی هۆڵەکەدا بەرپا دەبێت.

لە بیرۆکەکانی خۆیدا نقوم بوو، زانا چیکییەکە نە پێکەنینەکە و نە

لێکۆڵینەوەی ئاواڵەکەیشی دەبیستێ. وتەبێژی تریش بەدوای یەکدا دێن، هەتا زانایەکی بەلژیکی دێت، کە وەکو ئەو لە لێکۆڵینەوەکانی مێشدا کار دەکات و لە بیرکردنەوە قووڵەکانی خۆی وەخەبەری دەهێنێتەوە: ئەی خودای گەورە، لە بیری چوو لێکۆڵینەوەکەی پێشکێش بکات! دەستی دەخاتە گیرفانییەوە، هەر پێنج پەڕەکانی لێکۆڵینەوەکەی لەوێدان، وەکو ئەوەی بەڵگەی ئەوە بێت کە خەون نابینێت.

گۆناکانی هەڵدەگیرسێن. هەست دەکات بووەتە قەشمەرجاڕ. ئاخۆ ئێستا پێی دەکرێت شتێك لە هەڵوێستەکە دەستەبەر بکاتەوە؟ نا، دەزانێ کە ئیدی پێی ناکرێت هیچ شتێك دەستەبەر بکاتەوە.

پاش چەند ساتێکی پڕ شەرمەزاری، بیرۆکەیەکی ڕمۆك بۆ دڵنەواییکردنی دێتە دی: ڕاستە کە ئەو لە بارێکی گاڵتەجاڕانەدایە، بەڵام هیچ شتێکی نێگەتیڤ و هیچ شتێکی ئابڕووبەر یاخۆ ناپەسەندی تێدا نییە، ئەو گاڵتەجاڕییەیش کە ئەو بەسەریدا هاتووە، خەم و کەسەرە زگماکەکانی ژیانی قووڵتر دەکاتەوە و سەرنوێشتیشی غەمگینتر دەکات و بەم پێیەیش ناودارتر و جوانتری دەکات.

نا، شانازیکردن هەرگیز واز لە میلانکۆلیای زانا چیکییەکە ناهێنێت.

٢٠

هەموو کۆبوونەوە و کۆنفرانسێك پشتتێکەر و جێهێڵەری خۆی هەیە، کە لە ژوورێکی تەنیشتدا بۆ خواردنەوە کۆ دەبنەوە. ڤینسینت، کە لە گوێ هەڵخستن بۆ ئێنتۆمۆلۆجیستەکان وەڕس بووبوو و بایی ئەوەیش بە پێرفۆرمەنسی (ئەدای) نامۆی چیکییەکە کەیف حاڵ نەبوو، لەگەڵ جێهێڵەرەکانی دیدا لە دەوروبەری مێزێکی درێژکۆڵەی نزیك بارەکە دەردەکەوێت کە لە نێو لۆبییەکەدایە.

پاش ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەبێدەنگی دادەنیشێت، لەگەڵ

چەند غەوارەیەکدا دەکەوێتە هەڵسووڕاندنی وتوویژێك و دەڵێت: "کچە دۆستێکم هەیە دەیەوێت لەگەڵیدا توندوتیژ بم".

کاتێك کە پۆنتیڤین ئەوەی وتبوو، بۆ چرکەساتێك وچانی گرتبوو کە لە میانی ئەو وچانەوە سەرلەبەری جەماوەرەکەی کەوتبووە نێو بێدەنگییەکی گوێڕایەڵ و چاوەڕوان ئامێزەوە. ڤینسینتیش دەیەوێت هەمان وچان بگرێت. بەڵام بێگومان گوێبیستی پێکەنین دەبێت، پێکەنینێکی بێ هاوتا بڵند دەبێتەوە: هەر ئەوەش پاڵی پێوە دەنێت و هانی دەدات، چاوەکانی دەگەشێنەوە، بۆ هێورکردنەوەی جەماوەرەکەی بەدەست ئیشارەت دەدات، بەڵام هەر لەو ئانەدا ئەوە بەدی دەکات کە هەر هەموو دەڕواننە کۆتاییی مێزەکە و بەشەڕە قسەی نێوان دوو جێنتلمانەوە سەرگەرمن کە جنێو بەیەکتری دەدەن.

پاش دەقیقەیەك یاخۆ دووان، دووبارە لەوە بالادەست دەبێتەوە کە خۆی وا لێ بکات گوێی لێ بگیرێت: "لە ناوەڕاستی ئەوەدا بووم پێتان بڵێم کچە دۆستەکەم بەردەوام دەیەوێت لەگەڵیدا توندوتیژ بم". ئەمجارە، هەموویان گوێی لێ دەگرن و ڤینسینتیش هەڵەی وچان گرتن ناکات، پەلە و پەلەتر دەدوێت، وەکو ئەوەی بیەوێت لە بەردەم یەکێکدا بمێنێتەوە کە بۆ قسە پێ بڕین بەدوایەوەیە: "بەڵام پێم ناکرێت، چونکە من پیاوێکی زۆر ناسکم، حاڵی دەبن؟" لە پاشڤی ئەم وشانەدا خۆی دەست بەپێکەنین دەکات. کاتێکیش کە دەبینێ پێکەنینەکەی سەدا ناداتەوە، بۆ بەردەوامبوون پەلە دەکات و قسەکردنەکەیشی خێراتر دەکات: "کچە تایپێستێکی جحێڵ زۆرجار بۆ ماڵەکەم دێت و منیش پێنووسینەوەی پێ دەکەم..."

لە پڕێکدا، پیاوێك بەتەنگەوە هاتنی خۆی دەردەخات و دەڵێت: "ئەی کچەکە کۆمپیوتەر بەکار دەهێنێت؟"

ڤینسینتیش دەڵێ: "بەڵێ" ئەویش دەڵێت:"چ جۆرە کۆمپیوتەرێك؟"

ڤـینسینت نـاوی جۆری کـۆمـپیوتـەرەکـەی دەبـات. پـیـاوەکـە دانـەیـەکـی جـیـاوازی هــەیـە و دەستیش بـەگێڕانـەوەی چـەردەیـەك حیـکـایـەت دەکـات سەبارەت بەو شتانەی کە بەهۆی کۆمپیوتەرەکەیەوە چەشتوونی، کە وا ڕاهاتبوو فرتوفێڵ لە پیاوەکە بکات. هەر هەموو بەدەنگێکی نزمەوە پێ دەکەنن و ناوبەناویش لە قاقا دەدەن.

ڤینسینتیش بەخووسە و کەسەرێکەوە بیرۆکەیەکی کەونینەی خۆی وەبیردا دێتەوە: خەڵك هەردەم وای بۆ دەچن کە چارەنووسی ئادەمیزاد تـەقـریـبـەن بـەڕواڵـەتـیـیـەوە، بـەجـوانـی یـاخـۆ دزێوی ڕوخساریـەوە، بەقەبارەیەوە، بەقژداریی یاخۆ بێ قژییەوە، دیاری کراوە. کە ئەمەیش هەڵەیە. چونکە دەنگی ئینسانەکە هەموو شتێك دیاری دەکات. دەنگی ڤینسنتیش زۆر تیژ و کزە و کە دەستیش دەکات بەقسەکردن هیچ کەسێك تێبینیی ناکات، بۆیە پێویستە بەهێزی بکات، ئەوسایش هەموو هەست بـەوە دەکـەن کـە دەقـیـژێنـێ. کـەچـی پـۆنـتـیـڤین، بـەپـێچـەوانـەوە، بـەوپـەڕی نەرمونیانییەوە قسە دەکات و دەنگە قووڵەکەیشی دووبارە جوان و بەهێز و خۆش دەزرینگێتەوە، بۆیە هەر تەنیا گوێ لەو دەگرن.

ئـای لـەو پـۆنـتـیـڤـیـنـە لـەعـنـەتـیـیـە. گفتی دابـوو لـەگـەڵ ڤـینسینـتـدا بـۆ کۆنفرانسەکە بێت و سەرتاپای تاقمەکەیش لەگەڵ خۆیدا بێنێت کەچی دوایـیـی ئـەو مـەیـلـەی ڕەویـیـەوە، کـە زیـاتـر لـە گـەڵ سروشت و مـەیل و ئـارەزووی قسەکـردنـیـدا دەگـونجا وەك لــەوەی لــەگــەڵ مــەیـلـی کـردار ئەنجامدانیدا بگونجێ.

لە لایەکەوە، ڤینسینت ناهومێد بوو، لە لایەکی تریشەوە لە هەموو کاتێك زیاتر هەستی بەوە دەکرد کە ناچارە و دەبێ فەرمانی ئەو مامۆستایەی نـەشکێنـێ کـە لـە ئـێوارەی ئـۆغرکردنی ڤـینسینـتدا وتـبووی: "پـێویستـە نمایـنـدەی هــەر هــەمـوومـان بـیت. مـنیش دەسەڵاتـی تـەواوی ئـەوەت پـێ

دەبەخشم کە بەناوی ئێمەوە لە پێناوی مەسەلە هاوبەشەکەماندا ئیش بکەیت". بێگومان، ئەوە فەرموودەیەکی خەنداوەر بوو، بەڵام تاقمی هاوڕێ گیانی بەگیانییەکانی قاوەخانەی گاسکۆن بەوە قایل بووبوون کە لەم دنیا بێ مانایەی ئێمەی تێدا دەژین، هەر تەنیا فەرمایشتە خەنداوەرەکان شایستەی ئەوەن کە ملیان بۆ کەچ بکرێت. بەدیدەی ئاوەزیشی، لە تەنیشت سەری پۆنتیڤینی کارامەوە، ڤینسینت لەسەر دەموچاوی بێ هاوتای ماچوودا دەیتوانی زەردەخەنە خۆشنوودە گەمژانەکەی بەدی بکات. پشت ئەستووریش بەو پەیامە و بەو زەردەخەنەیە، بڕیاری ئەوە دەدات کە بەکارێك هەستێت، تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات و لە نێوەندی ئەو گرووپە تێك چڕژاوەی بارەکەدا، کچێك دەبینێت، پێی دڵگرتە دەبێت.

## ٢١

ئێنتۆمۆلۆجیستەکان خەڵکێکی بێ نەزاکەت و سەیر و عاجباتین: کچەکەیان پشتگوێ خستووە، سەرباری ئەوەیش کە بەچاکترین خواستی ئەم دنیایەوە گوێیان بۆ شل دەکات و ئامادەیە کاتی پێکەنین پێ بکەنێت و کاتی هێماکردنیشیان خۆی جیدی بنوێنێ. ڕوون و ئاشکرایە، هیچ یەکێ لەو پیاوانەی ئێرە ناناسێت و پەرچەکردارە کۆشش ئامێزەکانیشی بەبێ ئەوەی تێبینی بکرێن ڕادەبوورن، ڕووپۆشێکن بۆ ئەو ڕۆحەی کە تووشی خەجاڵەتی هاتووە. ڤینسینت لە لای مێزەکەوە هەڵدەستێت و لەو گرووپە دێتە پێشەوە کە کچەکەی تێ دایە و لەگەڵیدا دەدوێت. هەر زوو بەزوو لەوانی دی دوور دەکەونەوە و نوقمی ئەو گفتوگۆیە دەبن کە هەر لە سەرەتاوە ئاسایەتی و بێ تخووبێتی خۆی ئیسپات دەکات. ناوی «جوولی» یە، تایپێستە، بۆ سەرۆکی کۆنفرانسی ئێنتۆمولۆجیستەکان بەعزە ئیشێکی بچکۆلانەی ئەنجامداوە و لە دەمەوعەسریش بەدواوە بێ کار و

دەستبەتاڵە، فرسەتەکە بەهەل دەزانێ بۆ ئەوەی لە مابەینی ئەو خەڵکەی ناو ئەم شاتۆ بەناوبانگە ئێوارەیەك کە ئەوان دەیترسێنن و لە هەمان کاتیشدا لاپرەسەنییەکەشی دەورووژێنن، هەتاکو دوێنێیش قەت لە ژیانیدا ئێنتۆمۆلۆجیستێکی نەدیتبوو. ڤینسینت لەگەڵیدا هەست بە ئولفەتگیریی دەکات و ئاتاجی بەوەیش نابێ دەنگی هەڵبڕێت، بێگومان نزمی دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەوانی دی گوێیان لێی نەبێت. ئەوسا بۆ لای مێزێکی بچکۆلانە ڕای دەکێشێ، لەوێ بەتەنیشت یەکەوە دادەنیشن و دەستەکانی خۆی دەخاتە سەر دەستەکانی ئەو.

دەڵێت: ″دەزانی، هەموو شتێك بە هێزی دەنگەوە پابەندە. هەتا لەوەیش گرینگترە کە ڕوخسارێکی جوانت هەبێ″.

«تۆ دەنگت خۆشە»

«تۆ پێت وایە؟»

″بەڵێ، من پێم وایە″

«بەڵام دەنگم کزە»

″ئا ئەوە ڕازی جوانییەکەیەتی. بەڵام دەنگی من ناخۆشە، جاوەجاوە، قرەقرە، هەر بەقرەقری قەلەڕەشێکی پیر دەچێت، ئایا بەتۆ وانییە؟:

ڤینسینتیش بەناسکییەکی دانسقەوە دەڵێت: ″نا، دەنگتم پێ خۆش ورووژێنەرە، ڕێز و حورمەتبەزێنە″.

«تۆ پێت وایە؟»

ڤینسینت بەمەحەبەتێکەوە دەڵێت: ″دەنگت وەکو خۆت وایە! تۆ خۆت حورمەتبەزێن و ورووژێنەریت!″

جوولی، کە پێی خۆشە گوێی لەو قسانە بێت کە ڤینسینت پێی دەڵێت، دەڵێت:

″بەڵێ، من لەو باوەڕەدام″.

ڤینسینتیش دەڵێت: ″ئەمانە خەڵکێکی کەودەنن″.

ئەویش زۆر هاوڕایە و دەڵێت: «بێگومان»

″خۆ دەرخەرن. بۆرژوان. تۆ بێرکت بینی؟ ئای کە دەبەنگە!″

جوولی بەتەواوی هاوڕایە. چونکە ئەو خەڵکە بەشێوەیەك ڕەفتاریان لە تەکدا دەکرد وەك بڵێی نادیارە، بۆیە ئەویش هەر شتێکی دژیان بژنەفتایە ئۆخژنی تێ دەگەڕا و هەستی بەوە دەکرد کە تۆڵەی لێ سەندوونەتەوە. ڤینسینت زۆر لەوان دڵکێشتر دەردەکەوێت، پیاوێکی شێوە جوانکیلەیە، ڕووخۆش و خۆنەنوێنەرە و بەهیچ کلۆجێکیش کەشوفشکەر نییە.

ڤینسینت دەڵێت: ″مگێزی ئەوە دەکەم کە دۆزەخێکی ڕاستەقینە ئا لێرەدا بەرپا بکەم...″

ئەمەیش بەشتێکی لەبار دەچێت: وەکو بەڵێنی شۆڕش هەڵگیرساندن. جوولی خەندە دەیگرێت و ئارەزووی چەپڵە لێدان دەکات.

پێی دەڵێت: ″دەچم پێکێ ویسکیت بۆ دەهێنم!″ و بەرەو لایەکەی تری لۆبییەکە، ڕووەو بارەکە دەڕوات″.

هاوکات، سەرۆکی کۆنفرانسەکە دوایی بەکۆنفرانسەکە دەهێنێت، بەشداربووەکانیش بەهەرا و زەناوە هۆڵەکە جێ دەهێڵن و لۆبییەکەیش دەرحاڵ لێوانلێو دەبێت. بێرك لە زانا چیکییەکە نزیك دەبێتەوە و دەڵێت: ″گەلێك کارتێکراو بووم بە...″ و ئەنجا بەئەنقەست دوودڵیی دەنوێنێ، تاکو ئەوە دەربخات کە چەند ئەستەمە زاراوەیەك بدۆزێتەوە هێند ناسك و لواو بێت تا ژانری ئەو وتاردانە وەسپ بداتەوە کە چیکییەکە پێشکێشی کردبوو″. بە... شایەدی خۆت. ئێمە فرە بەخێرایی حەز بەشت فەرامۆشکردن دەکەین. دەمەوێ لەوەیش دڵنیات بکەمەوە کە من ئێجگار بەوە کارتێکراو بووم کە لە وڵاتەکەتاندا ڕووی دا. ئێوە شانازیی ئەورووپا

بوون، ئەو ئەوروپایەی کە شتگەلێکی بەجێی نییە بۆ ئەوەی شانازی پێوە بکات.

زانا چیکییەکە بۆ ئەوەی خاکێتیی خۆی دەربخات، ئیشارەتێکی ناڕوونی ناڕەزاییی دەربڕین دەکات. بێرك بەردەوام دەبێت: ″نا، ناڕەزاییی دەرمەبڕە، من پەیگیرم لەسەر وتنی ئەمانە. ئێوە، بە تایبەتی ئینتێلێکتوالی ولاتەکەتان، بەبەرخۆدانە کەلەشەقانەکەتان بۆ زوڵم و ستەمی کۆمۆنیزم، ئەو بەجەرگییەتان دەرخستووە کە ئێمە زۆرجار نیمانە، تینویەتییەکی لەو جۆرەتان بۆ سەربەستیی دەربڕیوە، هەتا دەیشتوانم بڵێم جورئەتێکی ئا لەو جۆرەتان لە پێناوی سەربەستیدا دەربڕیوە، کە بۆ ئێمە کردوونی بەنموونە. سەرەڕای ئەوەیش″، بۆ ئەوەی نافەرمێتی و مۆرکی دۆستایەتی بەوشەکانی ببەخشێت، بەردەوام دەبێت: ″لە پاڵ ئەوەدا کە بۆداپست شارێکی زۆر گرینگ و نایابە، لێ گەڕێ با جەخت لەسەر ئەوەیش بکەمەوە کە شارێکی تەواو ئەورووپیشە″

زانا چیکییەکە بەشەرمێکەوە لێی دەپرسێت: ″مەخسەدت پراگە؟″

ئای جوگرافیای لەعنەتی! بێرك دەرك بەوە دەکات کە جوگرافیا دووچاری هەڵەیەکی وردیلانەی کردووە و بۆ بالادەستبوون بەسەر دڵگیرییەکەی خۆیشی لە بەردەم ئاواڵە بێ سەلیقەکەیدا، دەڵێت: ″بێگومان مەبەستم پراگە، بەلام هەروەها مەبەستم کراکاوە، مەبەستم سۆفیایە، مەبەستم سانت پێترۆسبۆرگە، لە زەینیشمدا سەرجەم ئەو شارانەی ڕۆژهەلات هەن کە هەروەکو ئەوەی ئا ئێستا لە ئۆردووگایەکی زۆرەملێی بێ پایانەوە هاتبنە دەرەوە″.

″مەڵێ «ئۆردووگای زۆرەملێ»، ڕاستە زۆرجار ئیشوکارەکانمان لە دەست چووە، بەلام لە ئۆردووگاکاندا نەبووینە″.

″هەموو ولاتەکانی ڕۆژهەلات بەئۆردووگا تەنرابوون، ئەی هاوڕێی

بـاشم! ئـۆردووگـای ڕاسـتـەقـینـە بێت یـان ئـۆردووگـای سیمبـۆلـی، فـەرق ناکات!″

مەڵێ «ڕۆژهەڵات»یش، زانا چیکییەکە لەسەر نارەزاییەکانی بەردەوام دەبێت:

″پراگ، هەروەکو دەزانیت، پاریس ئاسا شارێکی ڕۆژئاواییە. زانکۆی چارڵز، کە لە قـەرنـی چواردەدا دامـەزرابـوو، لـە ئـیمـپـراتـۆریـەتی پیرۆزی ڕۆمـانـیـدا یـەکـەمین زانـکـۆ بـوو. هـەر لـەوێشدا بـوو، بێگومـان هـەر وەکو دەزانـیت، جـان هـەسی، پـێشەنـگـی لـۆسەر و چـاکسازی مـەزنـی کڵێسا و ئۆرسۆگراف دەرسی دەوتەوە″.

ئـاخـۆ چ جۆرە مێشێك بەزانا چیکییەکەوەی دابێت؟ لە ڕاستکردنەوەی گفتوگۆکەرەکەی ناوەستێت کە بەو هۆیەوە شێتگیر بووە، لەگەڵ ئەوەیشدا هـەولـی ئـەوە دەدات هـەنـدێك گـەرمـوگوڕی لـە دەنگـی خـۆیدا بـپـارێزێت: ″هاوڕێ ئازیزەکەم، لەوە خەجاڵەت مەبە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوویت، فـەڕەنسا گـەرمـوگـوڕتـریـن هـەست و سۆزی بـۆ ڕۆژهـەڵات هـەیـە. بـڕوانـە کۆچوبارەکەی سەدەی نۆزدەمی خۆتان!″

″ئێمە کۆچوباری سەدەی نۆزدەممان نەبووە″.

″ئـەی مـیـکـیـڤـیـچ چـیـیـە؟ مـن شانـازی بـەوەوە دەکـەم کـە ئـەو دووەم نیشتمانی خۆی لە فەڕەنسادا دۆزییەوە!″

″بەڵام میکیڤیچ ئەوە نەبوو...″ زانا چیکییەکە لە نارەزاییەکانی خۆی هەر بەردەوامە.

ئا لەو ساتەشدا ئیماکیولاتا دێتە نێو دیمەنەکەوە، چەند ئیشارەتێکی چـوست و پـەلـە بـەوێنـەگرەکـەی دەدات و ئـەوسا بـەدەست ڕاوەشاندنێك، چیکییەکە دەهێنێتە لاوە و خۆی لە بەردەم بێرکدا بەرقەرار دەکات و لەگەڵیدا دەدوێت: «جاك ئالان بێرك...»

وێنەگرەکە کامیراکە دەنێتە سەرشانی: "یەك دەقیقە بێ زەحمەت!"

ئیماکیولاتا لە ئاخاوتن دەکەوێت و دەڕوانێتە وێنەگرەکە، ئینجا دووبارە دەڕوانێتەوە بێرك و دەڵێت: «جاك ئالان بێرك...»

٢٢

بەر لەوە بەسەعاتێك، کاتێك کە بێرك ئیماکیولاتا و وێنەگرەکەی لە هۆڵی کۆنفرانسەکەدا دیت، پێی وابوو لە خەشمدا دەقیژێنێ. بەڵام ئەو پەستییەی کە زانا چیکییەکە بووبووە سۆنگەی لەوەی تێ پەڕاندبوو کە ئیماکیولاتا بووبووە فاکتەری، چونکە ئەو خۆدەرخەرە سەیر و نامۆیەشی لە کۆڵ کردبووەوە، سوپاسگوزاری بوو، تەنانەت بزەیەکی تەمومژاوییشی بۆ کرد.

ورە تێ گەڕاو، بەگرتنە خۆی تۆنە دەنگێکی ئاشنای شاد و سەرنجڕاکێشەوە وتی: "جاك ئالان بێرك، ئا لێرەدا و لە نێو کۆبوونەوەی ئائەم ئێنتۆمۆلۆجیستانەدا، ئا ئەو خێزانەی کە تۆ لە ڕێی ڕێکەوتەکانی چارەنووستەوە وابەستەی پێیەوە، هەر بەر لە ماوەیەکی کەم لە کۆمەڵێ چرکەساتی سۆزجوولێندا ژیایت..." ئینجا بەرەو دەمی پاڵی بەمایکرۆفۆنەکەوە نا.

بێرکیش چەشنی کوڕێکی قوتابی وەڵام دەداتەوە: "بەڵێ، ئێمە خۆشحاڵین کە لێرە لە مابەینی خۆماندا ئەو زانا ئێنتۆمۆلۆجیستە چیکییە مەزنە بەخێر بهێنین کە لە قەبێڵی ئەوەی خۆی بۆ پیشەکەی تەرخان بکات دەبوواپە سەرلەبەری زیندەگیی خۆی لە گرتووخانەدا بەسەر بەرێت.بێگومان بەئامادەبوونەکەشی هەر هەموومان کارتێکراو بووین".

بوون بەسەماکار هەر تەنیا حەز و ئارەزوویەك نییە، هەروەها ڕێگەیەکیشە مرۆڤ قەتاوقەت ناتوانێت جارێکی تر لێی لابدات، کاتێك کە

دوبێرکس لە دوای نیوەڕۆژەکردن لەگەڵ خەڵکە ئەیدزدارەکاندا ڕەزیلی کردبوو، بێرك بۆ وڵاتی سۆماڵ چووبوو، نەك بەهۆی کەفوکوڵی فیز و غرووروەوە بەڵکو لەبەرئەوەی هەستی کردبوو کە ناچارە قەرەبووی هەنگاوێکی خراپ و ناڕێکوپێکی سەماکردن بداتەوە. ئێستاکەش، دەرك بەبوودەڵەیی چۆنیەتیی سەرنجەکانی خۆی دەکات، دەزانێت کە شتێکیان نوقسانە، تۆزقاڵێك خوێ، بیرۆکەیەکی چاوەڕواننەکراو و موفاجەئەیەکیان پێویستە. کەواتە لەجیاتی ئەوەی بیبڕێتەوە، لەسەر قسە دەڕوات، هەتا هەست بەوە دەکات کە لە دوورەوە ئیلهامێکی باشتری بەرەو ڕوو دێت: "منیش ئەم هەلە دەقۆزمەوە تا پێشنیازی دامەزراندنی ڕێکخراوی ئێنتۆمۆلۆجیستی فرانکۆ-چیك ڕابگەیەنم". "خودی خۆیشی بەو بیرۆکەیە سەراسیمەیە و دەستبەجێ هەست بەچاکتربوون دەکات" نەختێك بەر لە ئێستایش وتووێژی ئەمەم لەگەڵ ئاواڵە پراگییەکەمدا کرد "ئیشارەتێکی ناڕوون بەرەو لای زانا چیکییەکە دەکات" کە خۆشحاڵیی خۆی بەفیکرەی ڕازاندنەوەی ئەم ڕێکخراوە بەناوی گەورە شاعیری سورگومکراوی سەدەی پێشووەوە دەربڕی کە هەتا دنیا دنیایە لە نێوانی هەردوو میللەتەکانماندا سیمبۆلی دۆستایەتییە. کە ئەویش میکیڤیچە. ئادەم میکیڤیچ. ژیانی ئەم شاعیرە چەشنی ئەو وانەیە دەمێنێتەوە و هەمیشەیش ئەوەمان وەبیر دەخاتەوە کە هەموو ئەو شتانەی ئەنجامی دەدەین، شیعر بێت یاخۆ زانست، شۆڕشە. "وشەی شۆڕش بەبێ سێ و دوو بۆ نێو بارێکی باشتر دەیگێڕێتەوە". چونکە مرۆڤ هەردەم لە شۆڕشدایە "ئێستاکە ئیدی، بەڕاستی زۆرباشە و خۆیشی ئەوە دەزانێت"، وانییە هاوڕێم؟ "بۆ لای زانا چیکییەکە لادەکاتەوە، کە یەکسەر لە نێو چوارچێوەی کامێراکەدا دەردەکەوێت و سەر لادەکاتەوە وەك ئەوەی بڵێت"بەڵێ" ئەوەت بەژیانت، بەخۆبەختکردنەکانت، بەئازار و ژان چەشتنەکانت سەلماند، بەڵێ، تۆ جەخت لەسەر ئەو بیروباوەڕەی من

دەکەیتەوە کە هەر مرۆڤێك ئەگەر شایستەی ئەو ناوە بێت ئەوا هەمیشە لە شۆڕشدایە، دژی زوڵم و ستەم لە شۆڕشدایە و ئەگەرەکو چیدیش زوڵم و زۆر نەمێنێت... "هەڵوەستەیەکی درێژخایەن دەکات، تەنیا پۆنتیڤین تاقەکەسێکی ترە کە دەتوانێت هەڵوەستەی درێژخایەن و کاریگەری ئاوها بکات، ئەوجا، بەدەنگێکی نزمەوە دەڵێت:) "... لە شۆڕشدایە دژی ئەو هەلومەرجە بەشەرییەی کە خۆمان هەڵمان نەبژاردووە".

شۆڕش دژی ئەو هەلومەرجە بەشەرییەی کە خۆمان هەڵمان نەبژاردووە. ئەم دوا دێرە، گوڵی ئاخاوتنی خۆکردانەیەتی، ئەمە هەتاکو خۆیشی دەحەپەسێنێت، بێگومان دێرێکی جوانە، لە ڕاستیشدا، ناگەهان دوور بۆ ئەودیوی پەند و وەعزی سیاسەتمەدارەکان دەیبات و دەیخاتە ڕیزی گەورەترین ئاوەزەکانی نیشتمانەکەیەوە: لەوانەیە کامۆ دێرێکی لەو بابەتەی بنووسیبایە، یان مالرۆ، یان سارتەر.

بەخۆشحاڵییەوە، ئیماکیولاتا ئیشارەت بەوێنەگرەکە دەدات و ئەویش کامیراکە ڕادەگرێت.

ئەوە لەو کاتەدایە کە زانا چیکییەکە لە بێرك دەچێتە پێشەوە و دەڵێت: "ئەوە شتێکی زۆر نایاب بوو، بێگومان، زۆر نایاب بوو، بەڵام مۆڵەتم بدەرێ ئەوەت پێ بڵێم کە میکیڤیچ نەبوو..." پاش ئەم پێرفۆرمەنسە جەماوەرییە، بێرك نەختێك مەست دیارە، بەدەنگە شێلگیر و گەپچاڕانە و بەرزەکەیەوە قسە بەزانا چیکییەکە دەبڕێت: "دەزانم ئەی هاوڕێی ئازیزم، هەروەکو چۆن خۆت دەیزانی منیش ئاوا دەیزانم کە میکیڤیچ ئێنتۆمۆلۆجیست نەبوو. لە ڕاستیدا، فرە بەدەگمەن شاعیرانی ئێنتۆمۆلۆجیست هەن. بەڵام سەربارى ئەم کەموکاستییەش، جێی شانازیی سەرتاپای ڕەگەزی مرۆڤایەتین، کە، ئەگەر مۆڵەتم بدەیت، ئێنتۆمولۆجیستەکان، کە تۆش دەگرێتەوە، بەشێکن لێی".

پـێکـەنـیـنـێکـی ڕزگـارکـەرانـەی مـەزن وەکـو سـەری ئـەو هـەڵـمـەی کـە بـۆ ماوەیەکی دوورودرێژ چەپێنرابێت دەتەقێتەوە، بێگومان، هەر لەو کاتەی دەرکیان بەوە کرد کە ئەم جێنتڵمانەی گەلێك بەخۆی کارتێکراو بوو، ئیدی ئەوەی لە بیر چووبووەوە کە لە کۆنفرانسەکەدا لێکۆڵینەوەکەی خۆی بـخـوێـنـێـتـەوە. بـۆیـە سەرجـەمـی ئـێـنـتـۆمـۆلـۆجـیستـەکـان بـۆ پـێکـەنین فەوتابوون. سەرەنجام تێبینییە نابەجێیەکانی بێرك لە تەحەفووزەکانی خۆیان ڕزگاریکردن و بەبێ ئەوەی گوێ بەشاردنەوەی خۆشی و شادیی خۆیان بدەن دایانە قاقای پێکەنین.

زانـا چـیـکـیـیـەکـە دەشڵـەژێت، چـی بـەسـەر ئـەو ڕێز و ئـودایـەدا هـات کـە ئاواڵەکانی هەر تەنیا بەر لە دە دەقیقە پیشانیان دەدا؟ چۆن چۆنی دەشیا پێ بکەنن، چۆن چۆنی ڕێگەیان بەخۆیان دەدا پێ بکەنن؟ ئاخۆ دەبێ خەڵك بەم ساناییە لە ڕێزگرتنەوە بەرەو ڕق لێبوونەوە بڕوات؟ "بەڵێ، هاوڕێی ئازیزم، بەڵێ." کەواتە نیەتی چاك شتێکی ئا ئەمەندە ناسك و بـەرگـەنـەگرە، شتـێکـی ئـا ئـەمـەنـدە شلۆقـە؟ "بـێگومـان هـاوڕێی ئـازیـزم، بێگومان."

لـە هـەمـان کـاتـدا ئـیـمـاکـیـولاتـا بـۆ لای بـێرك دێت، دەنـگـی بـەرزە و لەرزۆکییەکی پێوە دیارە: بێرك، بێرك، تۆ زۆر جوان و بێ هاوتایت! بێ شك تۆ ئەمەی! ئۆی، چەند شیفتەی گاڵتەجاڕییەکەتم! بێ شك تۆ لەگەڵ منیشدا گاڵتەجاڕیت بەکار هێناوە! ڕۆژەکانی قوتابخانەت دێنەوە بیر؟ بێرك، بێرك، وەبیرت دێتەوە کە چۆن ڕاهاتبووی بەئیماکیولاتا بانگم بـکـەیت؟ ئـەو پـەرەووڵـەی شەو کـە نـەیـدەهـێشت بـخـەویت! ئـەوەی کـە خەونەکانی جەنجاڵ دەکردیت! پێویستە فلیمێك پێکەوە بەرهەم بهێنین، شەرحی حاڵی تۆ بێت. بێگومان دەبێ ڕازی بیت کە من تەنیا کەسێکم مافی ئەنجامدانیم هەیە.

ئەو پێکەنینەی کە ئێنتۆمولۆجیستەکان بۆ بەزاندنی زانا چیکییەکە پێیان بەخشیبوو هێشتاکەیش هەر لە کەللەی بێرکدا سەدای دەدایەوە، مەستی دەکرد، لە چرکەساتی ئاواشدا، هەستێکی خۆشنوودانەی بێ هاوتا سەرشاری دەکرد و وای لێ دەکرد ڕەفتارێکی ڕاشکاوی بێ باکانەی لێ بوەشێتەوە کە زۆرجار هەتاکو زنۆقی خۆیشی دەبرد.

دەبا پێش وەخت لەبەر هەرچییەکە، کە خەریکی ئەنجام دانیەتی لێی خۆش بین. قۆڵی ئیماکیولاتا دەگرێت، ڕای دەکێشێتە لاوە بۆ ئەوەی خۆی لە گوێچکە مشەخۆرەکان وەشێرێ، بەدەنگێکی نزم پێی دەڵێت: "برۆ سواری خۆت بە، هەی سۆزانییە دەڵەقۆڕەکە، سواری هاوسێ دەغەزارەکەت بە، برۆ سواری خۆت بە، هەی پەڕەووڵی شەو، هەی داهۆڵی شەو، هەی کامووس، هەی وە بیرهێنەرەوەی گەمژەییم، هەی مۆنیومێنتی کەرێتیم، هەی زێرابی یادەوەرییەکانم، هەی میزی بۆگەنی توولازیم..."

گوێی لێ دەگرێت و ناتوانێ بڕوا بکات کە ئاخۆ ئەوەی لە ڕاستیدا گوێبیستیەتی هەر ئەوەیە کەوا گوێی لێیەتی. پێی وایە ئەو وشە چەپەڵ و کرێتانە ئاراستەی کەسێکی تر دەکات، تا شوێنەوارەکانی خۆی بشارێتەوە، تا خەڵکەکەی دەوروپشتیان بخەڵەتێنێ، پێی وایە ئەو وشانە هەر تەنیا فڕوفێڵێکە و لێی حاڵی نابێت، بۆیە بەنەرمی و بێ خۆ نواندن لێی دەپرسێت: "بۆچی ئەمانە بەمن دەڵێیت؟ بۆچی؟ چۆن چۆنیش دەبێ لێیان حاڵی بم؟

«دەبێ دەقاودەق هەروەکو چۆن دەیانبێژم ئەئاوا لێیان حاڵی بیت! بێ کەم و زیاد لەسەرجەمیان حاڵی بە! قەحپە هەر بەقەحپە، ژانی نێو کۆم هەر بەژانی نێو کۆم، کامووس هەر بەکامووس، میزیش هەر بەمیز حاڵی بە!»

بەدرێژاییی ئەو کاتە، لە باڕی نێو لۆبیی ئوتێلەکەدا، ڤینسینت چاودێریی ئامانجی(٩٠) ڕق لێبوونەوەکەی خۆی دەکرد. تەواوی دیمەنەکە دە مەترێك لەولای ئەوەوە ڕووی دا، هیچ شتێکیشی لە گفتوگۆکە نەقۆستەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، شتێك بۆ ئەو ڕوون و ئاشکرا دیاربوو: بێرك بۆ ئەو هەر تەواو بەو شێوەیە دەهاتە بەرچاو کە پۆنتیڤین بۆی وەسپی دابووەوە: ئەو لێبووکێکی ماس- میدیا(٩١)یە، ئەکتەرێکی نەشارەزایە، خۆدەرخەرە، سەماکارێکە و بێگومانیش، هەر تەنیا بەهۆی ئامادەبوونی ئەوەوە بوو کە تاقمی تەلەفزیۆن بێزیان هاتبووەوە بایەخ بەئێنتۆمۆلۆجیستەکان بدەن! ڤینسینت بەبایەخەوە چاودێریی دەکرد، لە هونەری سەماکردنەکەی دەکۆڵییەوە: بەو شێوەیەی کە قەتاوقەت لە چاوی کامیرا ون نەبووبێ، مەعلانییەکەشی لەوەدا بوو کە هەمیشە لە بەردەم خەڵکانی تردا جێ و پایەی بەخۆی دەدا و ستایەڵە تەرپۆشەکەیشی لە ئەنجامدانی هەندێك هێمای دەستی دابوو بۆ ڕاکێشانی سەرنج بەرەو خۆی.

کاتێك کە بێرك قۆڵی ئیماکیولاتا دەگرێت، چی تر ڤینسینت ناتوانێ تامڵ بکات و هاوار دەکات و دەڵێت: "تەماشای کە، تاقە شتێك کە جێ بایەخی ئەو بێت ئەو ئافرەتەی نێو تەلەفزیۆنەکەیە! لە قۆڵی ئاواڵە بیانییەکەی خۆی ناگرێت، گوێ بەئاواڵەکانی خۆی نادات، بەتایبەتیش ئەگەر بیانی بن، تەلەفزیۆن تاقە سەروەری ئەوە، تاقە یاری ئەوە، تاقە دۆستی ئەوە، چونکە بێگومان جگە لەو هیچ کەسێکی تری نییە. چونکە ئەو-کەگرەویش دەکەم- گەورەترین خەسیوی دنیایە!"

(٩٠) ئەو هەدەفەی کە هۆی ڕقەکەیەتی، واتە پیاوەکەشخەکە.

(٩١) ڕاگەیاندنی گشتی.

سەیرە، سەرەڕای ئەو لاوازییە ناخۆشەیشی، ئەمجارە دەنگی بەتەواوەتی دەبیستریٚ. لە ڕاستیدا، یەك بارودۆخ هەیە كە دەكریٚ تێیدا كزترین دەنگیش ببیستریٚ. ئەوەیش لەو كاتەدایە كە ئەو بیرۆكانە دەخرێنە بەرچاومان كە سەغڵەتمان دەكەن. ڤینسینت بۆ خستنە ڕووی ڕا و بۆچوونەكانی خۆی بەردەوام دەبێت، زرنگ و بیرتیژە، لە بارەی سەماكاران و ئەو ڕێككەوتنەیانەوە دەدوێت كە لەگەڵ فریشتەدا بەستوویانە و، لە ڕادەبەدەریش بەدەمودوو ڕەوانبێژییەكەی خۆی خۆشحاڵە، بەپاراوی دووانەكەی خۆیدا هەڵدەزنێت وەك چۆن كەسێك بە پێپیلكەی قاڵدرمەیەكدا بەرەو بەهەشت سەر بكەوێت. جحێڵێكی چاویلكە لە چاو، كە قاتێكی سیٚ پارچەییی[٩٢] پۆشیوە، چاودێریی دەكات و بە بەحەوسەڵەوە چون دڕندەیەك كە لە كاتی چاوەڕوانیدا خۆی مەلاس دابێت گوێی لیٚ دەگریٚ. ئینجا كاتێك كە ڤینسینت لە وتە ڕەوانبێژییەكەی خۆی دەبێتەوە، دەڵێت: ”جەنابی ئازیز، ئێمە ناتوانین ئەو سەردەمە هەڵبژێرین كە تێیدا لە دایك دەبین. هەموویشمان لە ژێر نیگای ئەبڵەقی كامیراكاندا دەژین. هەتا ئەو كاتەی كە لە جەنگێكیشدا دەجەنگین، لە ژێر چاوی كامیرادا جەنگەكە دەجەنگین. كاتێكیش كە بمانەویٚ دژی هەر شتێك نارەزایی دەربڕین، ئەوا ناتوانین كارێكی وا بكەین كە بەبیٚ كامیرا گوێمان لیٚ بگیرێت. هەروەكو تۆ دەڵێیت هەموومان سەماكارین. دەتوانم ئەوەش بڵێم كە ئێمە یاخۆ هەموومان سەماكارین یان هەموومان پشتتێكەر و هەلاتووین. جەنابی ئازیز، بەوە دەچێت لەوە پەشیمان بیت كە زەمەن لە تێپەڕین بەردەوامە. كەوابوو بگەڕیٚ دواوە! ڕات چییە لەبارەی سەدەی دوازدە، ئایا بەدڵتە؟ بەلاَم كاتێك كە دەگەیتەوە ئەویٚ دژی كاتە دەراكان دەست دەكەیت بەنارەزاییی دەربڕین ، وەكو ئەوەی بەربەریزمێكی مۆدێرن بن! كەوا بوو زیاتریش بگەڕیٚ دواوە! بۆ لای مەیموونە

(٩٢) واتە چاكەت و پانتۆڵ و یەلەگ.

مرۆڤوارەکان(٩٣) بگەڕێوە! لەوێدا هیچ تازەگەری و شارستانیەتییەك نییە هەڕەشەت لیّ بکات، بەتەواوەتی هەست دەکەیت لە ماڵی خۆتدایت، لە بەهەشتی بێگەردی مەکاکەکاندایت!(٩٤) هیچ شتێك لەوە خەجاڵەتبارتر نییە کە بۆ پەلامارێکی بەزەبر و زەنگ بەر پەرچدانەوەیەکی بەزەبروزەنگتر نەدۆزرێتەوە. لەمیان تەریقبوونەوەیەکی لە وتن نەهاتوو و پێکەنینێکی گەپجارانەدا، ڤینسینت بەهێمنییەکەوە پاشەکشێ دەکات. بەڵام پاش خولەکێك لە زارەترەك بوون، ئەوەی بەیاددا دێتەوە کە «جوولی» چاوەڕوانی دەکات، بەپەلە ئەو پەرداخە دەست لیّ نەدراوەی کە بەدەستیەوەیە، هەڵدەدات، دواجار پەرداخەکە لەسەر بارەکەدا دادەنێت و دوو پێك وێسکیی دیکە دەقۆزێتەوە، یەکێکیان بۆ خۆی و ئەوی تریشیان بۆ «جوولی» دەبات.

## ٢٤

وێنەی ئەو پیاوەی کە قاتێکی سیّ پارچەیی لەبەر دابوو هێشتایش هەروەکو تەڵەزمێك بەرۆحیەوە ئاڵکاوە، ناتوانیّ خۆی لیّ قوتار بکات، ئەمەیش زۆر ئازاربەخشە، چونکە ئا لەو کاتەدا پەیدا دەبێت کە بەتەمایە ئافرەتێك فریو بدات. چۆن دەتوانیّ فریوی بدات ئەگەر بێتو ئاوەزی بەتەڵەزمێکی ئازاربەخشەوە قاڵ بێت؟

«جوولی» تێبینیی بارە دەروونییەکەی دەکات: "ئەم هەموو وەختە لە کویّ بوویت؟ پێم وابوو ئیدی ناگەڕێیتەوە، یاخۆ هەوڵی ئەوە دەدەیت خۆتم لیّ دەرباز بکەیت". دەرك بەوە دەکات کە بەتەنگییەوە دێت و، ئەوەیش تۆزقاڵێك ئێش و ئازاری تەڵەزمەکە کەم دەکاتەوە. تەقەللایەکی تازە دەدات بۆ ئەوەی ناسك و دڵفڕێنتر بێت، بەڵام ئەو هێشتا هەر بیّ بڕوایە:

---

(93) Ape.

(94) Macaque: جۆرە مەیموونێکە.

″درۆغ‌دەلەسەم لەگەڵدا مەکە. تۆ گۆڕاویت. ئایا تووشی کەسێکی ناسیاو بوویت؟″

ڤینسینتیش دەڵێت: ″نەخێر، لە ڕاستیدا تووشی کەس نەهاتم″

″بەڵێ، لە ڕاستیدا ئەوە ڕووی دا، بەڵێ. ئافرەتێکت بینی، تکای ئەوەش دەکەم، ئەگەر دەتەوێ لەگەڵ ئەودا بڕۆیت، دەتوانی لەگەڵیدا بڕۆیت. هەر بەر لە نیو سەعات من تۆم نەدەناسی، لەبەرئەوەیش ئاساییە کە بتوانم لە نەناسینت بەردەوام بم″.

خەمبارە و تا دێ خەمبارتریش دەبێت، بۆ پیاویش هیچ هەتوانێك ئارامبەخشتر نییە لەو خەمبارییەی کە ئەو خۆی دووچاری ئافرەتی دەکات.

″لە ڕاستیدا، نەخێر، بڕوام پێ بکە، ئافرەتی تر نییە. هەر تەنیا شتێکی سەغڵەتکەر بوو، کەسێکی گەمژەی بەدفەڕ بوو کە لەگەڵیدا مشتومڕم دەکرد. هەر ئەوە بوو، هیچی دی هەر ئەوە بوو″، بۆ ئەوەش کە گومانەکانی بڕەوێنێتەوە زۆر بەناسکی و دڵسۆزانە نەوازشی ڕوومەتی دەکات.

«لەگەڵ ئەوەیشدا، ڤینسینت، تۆ بەتەواوەتی گۆڕاویت.»

پێی دەڵێت: ″وەرە″. و بانگهێشتی دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بچێتە بارەکەوە. دەیەوێت بەلیمشتێك وێسکیی ئەو تەڵەزمە لە گرێژەنە بەرێت. پیاوە بۆشناخە قات لەبەرەکە هێشتایش لەگەڵ هەندێ کەسی تر هەر لەوێدایە. ئافرەتی لە دەورو پشتدا نییە و ئەوەش ڤینسینت خۆشحاڵ دەکات، لەبەرئەوەی جوولی لەگەڵیدایە و هەموو چرکەیەکیش جوانتر و جوانتری دەبینێت، دوو دانە پەرداخە وێسکیی تر دەقۆزێتەوە، یەکێك بەو دەدات و گورج ئەوی تریشیان فڕ دەکات و ئەوساکێ بەلایدا دەچەمێتەوە و دەڵێت:

″سەیری ئەوێ بکە، سەیری ئەو گەلحۆ قات لەبەر و چاویلکە لە چاوە بکە″.

″ئا ئەوە؟ بەڵام، ڤینسینت ئەو هیچ نییە، ئەو هەر هیچ نییە، چۆن چۆنی بایەخی پێ دەدەیت؟″

″تۆ لەسەر هەقیت، کەسێکی ژار و بێ فەڕە، ئەنتی – کۆکە(٩٥)، خەسیوە″، ڤینسینت ئەمە دەڵێت و وای بۆ دەچێت کە ئامادەبوونی جوولی لەگەڵیدا لە بەزیوییەکەی ڕزگاری دەکات، چونکە تاقە سەرفرازیی ڕاستەقینە، ئا ئەو سەرفرازییەی کە پێیدا ڕادەپەرمووێت، دەست گرتنە بەسەر ئەو ئافرەتەی لەو نێوەندە نائیرۆتیکییە گرژ و مۆنەی ئێنتۆمۆلۆجیستەکاندایە و بەپەلە قۆزتنەوەیەتی.

«ئەو هیچ نییە، هیچ نییە، هیچ، دڵنیات دەکەمەوە» جوولی دووپاتی دەکاتەوە.

ڤینسینتیش دەڵێت: ″ڕاست دەکەی، ئەگەر بەردەوام خۆمی پێوە مژووڵ بکەم ئەوا منیش دەبمە گەلحۆیەکی وەکو ئەو″، هەر ڕێك لەوێ، لە ناو بارەکەدا، لە بەرچاوی هەمووواندا دەم دەنێتە نێو دەمی و ماچی دەکات″.

ئەوە یەکەمین ماچیانە.

دەچنە نێو باخچەکەوە، پیاسە دەکەن، دەوەستن و هەمدیس یەکتر ڕادەمووسنەوە، ئینجا لە چیمەنەکەدا ڕێکەوتی تەختەیەکی درێژکۆڵەی کورسیوار دەکەن و لەسەریدا دادەنیشن. لە دوورەوە زایەڵەی ڕووبارەکەیان پێ دەگات. شتێك، بەبێ ئەوەی بزانن چییە دوور دەیانبات. بەڵام من دەزانم چییە: گوێیان لە ڕووبارەکەی مەدام دی تییە، ئەو ڕووبارەی شەوانی عەشقبازییەکەی، ئەو ڕووبارەی کانیاوی ڕابردوو، کە لە سەردەمی لەزەت و ئۆخژنەوە سڵاوێکی هێمن بۆ ڤینسینت ڕەوانە دەکات.

وەکو بڵێیت هەموویشی ببینێت، ڤینسینت دەڵێت: ″لە زەمانە

(٩٥) Anti- cock: خەساو– ڕیزپەڕ.

دێرینەکاندا، لەم شاتۆیانەدا، لە سەدەی هەژدە وەکو دەزانیت، چەندین ئۆرجی[٩٦] گێڕدراون. دی ساد. مارکیز دی ساد. کتێبی[٩٧] فەلسەفە لە سالۆنێکی بچووکدا. تۆ شارەزای ئەو کتێبە هەیت؟

″نەخێر″

″دەبێ هەر بیخوێنیتەوە. من بەئامانەت دەتدەمێ. دەمەتەقێیەکە لە نابەینی دوو پیاو و دوو ئافرەت لە ناوەندی ئاهەنگێکی ئۆرجیدا″.

ئەویش دەڵێت: ″بەڵێ″

″هەر چواریان ڕووت و ڕەجاڵن و هەموویان پێکەوە سێکس و عەشقبازی دەکەن″.

«ئاوا!»

«تۆ ئەوەت بەدڵە، وانییە؟»

ئەویش دەڵێت: «نازانم». بەڵام ئەو «نازانم»ە ڕەتکردنەوە نییە، بەڵکو ڕاستگۆیییەکی کارتێکەری ناز و شەرمێکی ئایدیاڵە.

تەڵەزمێك بەو ئاسانییە ڕیشەکێش ناکرێت. دەشێ کۆنترۆڵی ئێش و ئازارەکەی بکرێت، سەرکوت بکرێت، وا پیشان بدرێت کە لە بیرچووەتەوە، بەڵام ئەو پیشاندانەیش گوشار و بارگرانییە. ڤینسینت زۆر بەتین و تاوەوە دەربارەی (ساد) و ئۆرجییەکانی دەئاخڤێت نەك لەبەرئەوەی دەیەوێ جوولی گەندەڵ بکات، بەڵکو تەقەللای ئەوە دەدات ئەو سووکایەتییە بیر بەرێتەوە کە لە لایەن ئەو پیاوە تەرپۆشە قات لەبەرەوە پێی کراوە. پێی دەڵێت: ″بێگومان دەزانیت، زۆر بەباشی دەزانیت کە ئاواتەخوازیت″، و ئینجا دەیگرێتە ئامێز و ماچی دەکات. «زۆر بەباشی دەزانیت کە ئەوەت

---

(٩٦) Orgy: ئاهەنگی خواردنەوە و سێکسی بەتێکەڵ و بێ بەند و باری.

(97) La philosophie dansle boudoir.

بـەدڵـە». و بـەتـاسـەوەیـە چـەنـدەهـا دەرزەنـە دیـفـڕ شیـعـری بـۆ بـهێـنێـتـەوە و وەسفی ژمارەیەکی زۆری ئەو هەڵوێستانەشی بۆ بکات کە دەیانزانێت و لەو کتێبە دانسقەیەدا هاتوون کە بەناوی La philosophie dans le boudoir وە ناودێر کراوە.

دوای ئەوە هەڵدەستن و لە پیاسەکەیان بەردەوام دەبن. مانگی چواردە لە نێو گەڵاکانەوە دەردەکەوێت. ڤینسینت تەماشای جوولی دەکات و کتوپڕ موبتەلا دەبێت: ڕووناکییە سپییەکەی مانگ جوانییەکی پەرییانە بەکیژەکە دەبەخشێت، جوانییەك کە سەرسامی دەکات، جوانییەکی نوێ کە پێشتر تێیدا بەدی نەکردبوو، جوانییەکی نایابە، ناسکە، سادە و ساکارە و دەست پێی ناگات. کتوپڕیش، کە ناتوانێت بڵێت چۆن چۆنی ئەو شتە ڕووی دا، وێنای کونی قنگی دەکات. ناگەهان و چاوەڕواننەکراو، ئەو وێنەیە ئا لەوێدایە، لە بەردەمیدایە و قەتا و قەتیش ناتوانێت لێی بخەلەسێ.

«ئای، کونە قنگی ڕزگارکەر! دەبێ سوپاس بۆ ئەو بێ، کە (سەرەنجام، سەرەنجام!) پیاوە تەڕپۆشە قات لەبەرەکە بەتەواویی ڕەوییەوە. ئەوەی کە چەندین پەرداخە وێسکی نەیانتوانی بەدی بهێنن، کونە قنگێك لە یەك چرکەدا بەدەستی هێنا. ڤینسینت جوولی دەنێتە باوەشییەوە و ڕای دەمووسێت، نەوازشی مەمکەکانی دەکات، لە جوانییە پەری ئاسا ناسکەکەی ڕادەمێنێ و سەرپاکی وەختەکەیش بێ لێبڕ وێنای کونی قنگی دەکات. ئارەزوویەکی بێ پایانی ئەوەی هەیە کە پێی بڵێت: ″من نەوازشی مەمکەکانت دەکەم، وەلێ هەموو ئەوەی کە بیری لێ دەکەمەوە کونی قنگتە″. بەڵام ناتوانێت بیڵێت چونکە وشەکان لە زارییەوە دانگەڕێزە ناکەن. تا پتر دەربارەی کونی قنگی تێ دەفکرێت، جوولی سپیتر و ڕۆشنتر و فریشتانەتر هەڵدەگەڕێت، بەشێوەیەك کە ئیتر بۆ ئەو نەشیاوە وشەکان بەدەنگی بڵند دەربڕێت.

ڤـێرا نـووسـتـوە و مـنـیش لـە بـەردەم پـەنجەرە ئـاوەڵاکـەدا ڕاوەسـتـاوم، چاودێریی دوو کەس دەکەم کە لە باخچەی شاتۆکەدا، لەبەر تریفەی مانگدا پیاسە دەکەن.

لە ناکاو گوێبیستی دەنگی هەناسەکانی ڤێرا دەبم، گورجوگۆڵ دەبنەوە، بەرەو پێخەفەکەی وەردەسووڕێم و چاوەڕوانی ئەوەم هاکا ئێستا هاکا نەختێکی تر دەست بە زری کە و قیژ و هۆڕ بکات. هەرگیز ئەوەم نەزانیوە کە گیرۆدەی کۆمەڵێ کامووس بێت! چ شتێك لەم شاتۆیەدا ڕوودەدات؟ بەخەبەری دەهێنم و چاوم تێ دەبڕێت، چاوە داپچڕاوەکانی کەیلی ترس و بیمن. ئەوجا بەتێکەڵ و پێکەڵییەوە دەئاخڤێت، وەك بڵێیت لە حاڵ و بارێکی تاداریدا بێت:

«لە ڕاڕەوێکی ئێجگار درێژی ئەم ئوتێلەدا بووم. هەر لە پڕێکدا، پیاوێك لە دوورەوە دەرکەوت و بەرەو ڕووم ڕای کرد. پاش ئەوەی نێزیکەی دە مەترێکی مابوو پێم بگات کەوتە شاتە شاتکردن. تەسەوڕکە، بەزوبانی چیکی قسەی دەکرد! شتگەلێکی تەواو شێتانەی دەوت ″میکیڤیچ چیك نییە! میکیڤیچ پۆڵەندییە!″ ئینجا هەر چەند هەنگاوێك لێمەوە دوور بوو. هەڕەشەی دەکرد و تۆیش ئا لەو کاتەدا هەڵت ساندم″.»

پێی دەڵێم: ″بمبەخشە. تۆ قوربانییەکی خەیاڵە شێتەکەی منیت″.

«مەبەستت چییە؟»

″وەك ئـەوەی خـەونـەکـانت تـەنـەکـەی زبـڵ بـن و پـەڕە کـاغـەزە زۆر گەمژەکانی خۆمیان تێ بهاوێژم″.

بەئێش و ئازارێکی توندەوە دەپرسێت: ″چی دەنووسیت، ڕۆمان؟″ سەرم دادەنەوێنم.

″زۆرجار پێت دەوتم، کە دەتەوێ ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕۆمانێك بنووسیت یەك تاقە وشەی جیدی تێدا نەبێت. پارچەیەکی زەبەللاحی قسەی قۆڕ و پڕوپووچ بێت بۆ کەیف و سەفای خۆت. لەوە دەترسم کە ڕەنگە کاتی نووسینی ئەوە هاتبێ. هەر تەنیا دەمەوێ ئاگەدارت بکەمەوە: ئاگات لە خۆت بێ″.

سەرم هێندەی تر دادەنەوێنم.

«دێتەوە بیرت کە دایکت هەمیشە چی پێ دەوتیت؟ ئێستایش دەنگی دەبیستم هەروەکو ئەوەی دوێنێ بووبێت: ″میلانکۆ، گاڵتەوگەپ مەکە. کەس لێت حاڵی نابێت. هەموو کەسێك دەرەنجێنیت و ئاکامیش وای لێ دێت کە هەموو کەسێك ڕقی لێت دەبێتەوە″. دێتەوە بیرت؟ »

دەڵێم: ″بەڵێ″

″ئاگەدارت دەکەمەوە. جیدیبوون سەلامەتیی پاراستووی. جیدی نەبوونیش بەڕووت و قووتی بۆ گەلەگورگانت جێ دەهێڵێت. دەیشزانیت کە چاوەڕوانتن، گەلەگورگەکان چاوەڕوانتن″.

پاش ئەو پێشبینییە ترسناکەیش، دەخەوێتەوە.

## ٢٦

هەر لە دەوروبەری هەمان کاتدا، زانا چیکییەکە غەمبار و ڕۆح شکستە و بریندار بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە. گوێچکەکانی هەر بەو پێکەنینە ژاوەبوون کە پاش تەوسەکانی بێرك تەقیبووەوە. هێشتایش هەر سەرسام بوو: ئایا دەکرێ خەڵك بەو سانایییە لە ڕێز و نەوازشەوە بۆ ڕق لێ بوونەوە بگۆڕێن؟ لە ڕاستیشدا دەمپرسی، داخۆ چی بەسەر ئەو ماچەدا هاتبوو کە ڕووداوێکی هەواڵئامێزی جیهانیانەی مێژوویی سوبلایم لەسەر تەوێڵیدا ڕوواندبووی؟

هەروەها وڵاتانی ڕووداوە هەواڵئامێزەکان ئا لێرەدا هەڵەی خۆیان دەکەن. دەرك بەوە ناکەن ئەو هەڵوێستانەی کە مێژوو لەسەر شانۆدا دەریان دەخات هەر تەنیا بۆ چەند دەقیقەیەکی سەرەتا دەیانخاتە بەر ڕووناکی. هیچ ڕووداوێکیش بەدرێژاییی ڕوودانەکەی وەکو هەواڵێك نامێنێتەوە، هەر تەنیا بۆ ماوەیەکی زۆر کورت نەبێ کە ئەویش هەر تەنیا لە سەرەتادا. ئایا ئەو منداڵە سۆماڵییانەی کە لە گیانەڵادا بوون و ملیۆنەها سەیرکەریش بەپەرۆشەوە تەماشایان دەکردن، چی دی نامرن؟ ئایا چییان لێ بەسەر هاتووە؟ ئاخۆ قەڵەوتربوونە یاخۆ لەڕ و لاوازتر؟ ئایا هێشتا سۆماڵ هەر وجوودی هەیە؟ وەکی تریش ئایا قەتاوقەت وجوودی هەبووە؟ تۆ بڵێی هەر تەنیا ناوی تراویلکەیەك نەبێت؟

ئەو شێوازەی کە مێژووی هاوچەرخی پێ دەگێڕدرێتەوە بەکۆنسێرتێکی بێ هاوتا دەچێت کە تێیدا هەر هەموو سەد و سی و هەشت پارچە مۆسیقاکانی بیتهۆڤن یەك بەدوای یەکدا پێشکێش دەکرێن، بەڵام لە هەقیقەتدا هەر هەشت باڕی[٩٨] یەکەمی هەریەکێ لە پارچەکان دەژەنرێت. ئەگەر هەمان کۆنسێرت دوای دە ساڵ دیسانەوە پێشکێش بکرێتەوە، هەر تەنیا یەکەمین نۆتەی هەر پارچەیەك دەژەنرێت و ئەئاوا سەد و سی و هەشت نۆتە وەکو یەك میلۆدی[٩٩] بەردەوام بۆ سەراپای کۆنسێرتەکە پێشکەش دەکرێ. پاش بیست ساڵی تریش، سەرجەمی مۆسیقاکەی بیتهۆڤن لە تاقە نۆتەیەکی زۆر درێژخایەنی وزەوزکەردا پوخت و کورت دەکرێتەوە و بەو دەنگە بێ کۆتاییيە دەچێت، کە لە یەکەمین ڕۆژی کەڕبوونیدا گوێبیستی بووبوو.

زانا چیکییەکە لە نێو خەم و کەسەردا نقوم بووە و، وەك جۆرە

(٩٨) Bar: لێ بڕی مۆسیقا. فاسیلەی مۆسیقا.

(٩٩) Melody: ئاواز. نەغمە.

تەسەللادانەوەیەك، ئەو بیرۆكەیەی بەخەیاڵدا دێت، لە سەردەمی كارە قارەمانانەكەی ئیشوكارەكانی بیناسازیدا، كە هەموو كەسێك دەیەوێت لە بیری بكات، ئەو هێشتایش یادگارێكی ماتێریاڵییانەی مەلمووس دەپارێزێت، كە لەشولارە نایابە بەهێزەكەیەتی. زەردەخەنەیەكی خۆشنوودانەی جرپن لەسەر دەموچاویدا بەسەما دەكەوێت، چونكە لەوە دڵنیایە كە لە مابەینی خەڵكەكەی ئێرەدا، ماسوولكەكانی هیچ كەسێك وەكو ماسوولكەكانی ئەو نین.

بەڵێ، باوەڕ دەكەیت یان نا، ئەم بیرۆكەیەی كە وێ دەچێت قۆشمەجاڕ بێت، لە ڕاستیدا بۆ ئەو بەكەڵكە. چاكەتەكەی تووڕ دەهاوێ و لەسەر عەرزەكەدا تەخت لەسەر زگ ڕادەكشێت. ئەنجا بەسەر باسكەكانیدا خۆی بەرز دەكاتەوە. ئەم جووڵانەوەیە بیست و شەش كەڕەت دووبارە دەكاتەوە و شانازی بەخۆیەوە دەكات. ئەوە دێتەوە بیری كە چۆن خۆی و برادەرەكانی دوای كار بۆ گۆلاوێكی بچكۆلانەی پشت جێ و شوێنی كارەكەیان بۆ مەلەكردن دەچوون. لە هەقیقەتدا، ئەوسا زۆر كەیفخۆشتر بوو لەمڕۆی كە لە نێو ئەم شاتۆیەدایە. كرێكارەكان ڕاهاتبوون بەئاینشتاین بانگیان دەكرد و خۆشیان دەویست.

بیرۆكەیەكی بۆ دێت، بیرۆكەیەكی سەرشێتە "دەرك بەسەرشێتییەك دەكات و پێیشی خۆشحاڵە"، بۆ ئەوەی بۆ حەوزی نایابی ئوتێلەكە بڕوات و مەلەی تێدا بكات. بەفیزێكی زێدە ئاگەدار و شادمەندەوە، دەیەوێ بەرامبەر بە ڕۆشنبیرە ڕیوەڵەكانی ئەم وڵاتە ئاڵۆز و زێدە ڕۆشنبیر و لە بنچینەدا ناپاكە جەستەی خۆی بخاتە ڕوو. خۆشبەختانە، هەر لە پراگەوە چەمەدانی جلوبەرگی مەلەكردنی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو "لەگەڵ خۆیدا بۆ هەموو شوێنێك دەیبرد"، دەیان پۆشێت و نیوەڕووت لە ئاوێنەكەدا تەماشای خۆی دەكات. قۆڵەكانی گرژ دەكاتەوە و ماسوولكەكانی زۆر بەجوانی هەڵدەئاوسێن. «ئەگەر كەسێك هەوڵ بدات نكوڵی لە ڕابردووم

بکات، ئا ئەوە ماسوولکەکانمە، کە بەڵگەی ڕاستین!» وا خەیاڵ دەکاتەوە کە جەستەی لە دەوروبەری حەوزەکەدا دێت و دەڕوات و خۆی دەنوێنێ و ئەوە پیشانی فەڕەنسییەکان دەدات کە تاقە بەهایەکی زۆر بنچینەییی هەیە، ئەویش بەرکەماڵیی لەشولارە، ئەو بەرکەماڵەی کە ئەم دەتوانێت خۆی پێ هەڵبکێشێت، ئەوەی کە ئەوان شتاقیان هیچ بیرۆکەیەکیان لە بارەیەوە نییە. ئینجا وای دەبینێت کە ناشیاوە نیمچەڕووت بەکاریدۆرەکانی ئوتێلەکەدا بڕوات، بۆیە فانیلەیەك هەڵدەکێشێتە بەر. ئێستا، بەنیسبەت قاچەکانیشییەوە، ئەگەر هەروا بەپێخواسی لێیان بگەڕێت بۆ ئەو هەروەك پێتاك لە پێکردن نابەجێیە، بۆیە بڕیار دەدات هەر تەنیا گۆرەوی لە پێ بکات. ئابەم پۆشتەییە، جارێکی تریش دەڕوانێتە ئاوێنەکە. دووبارە خەم و کەسەرەکەی لەگەڵ سەربەرزیدا ئاوێتە دەبێت و هەست بەبڕوا بەخوبوون دەکاتەوە.

٢٧

کونی دوا دەرچە. دەکرێ بەشێوەیەکی تریش بوترێت، بۆ نموونە، هەر وەکو گیۆم ئەپۆلینەیر وتوویەتی: نۆیەمین دەروازەی جەستەت. چامەکەی لە بارەی نۆ دەروازەکانی جەستەی ئافرەتن کە لە دوو دەقی جیاوازدان: یەکەمینیان لە نامەیەکدا بۆ لووی خۆشەویستیی ناردبووی، کە لە سەنگەرەکانەوە لە ١١ی مایسی ١٩١٥دا نووسرابوو، ئەوی تریشیان لە هەمان شوێنەوە لە ٢١ی ئەیلوولی هەمان ساڵدا بۆ مادلین، کە خۆشەویستێکی تری خۆی بوو ناردبووی. چامەکان، هەردووکیان جوانن، ئەگەرچی جیاوازییان لە وێناکردندا هەیە بەڵام بەهەمان شێواز بینا کراون: هەر کۆپلەیەك بۆ یەك دەروازەی جەستەی یار تەرخان کراوە: چاوێك. چاوەکەی تر، کونە لووتی لای ڕاست، کونە لووتی لای چەپ، دەم، ئینجا، لەو چامەیەدا کە بۆ لووی ناردبوو، «دەروازەی کەفەڵت» و لە

کۆتـایـیشدا، نـۆیـەمین دەروازە، کـە ئـەویش دەروازەی زێیـە. بـەڵام لـە چامەکەی دووەمدا، ئەوەی کە بۆ مادلینە، لە کۆتاییدا گۆڕانکارییەکی سەیر لە دەروازەکاندا ڕوودەدات. میهبەل دەکشێتەوە بۆ پلەی هەشتەم و کونی قنگیش ئەوەی کە «لە نێوان دوو چیای مروارین»دا دەکرێتەوە، دەبێتە دەروازەی نۆیەمین: «کە تەنانەت زۆر لەوانی تر نهێنیئامێزترە»، دەروازەی «ئەو نهێنییانەی کە مرۆڤ زات و جورئەت ناکات لێیانەوە بدوێت»، «دەروازەی بالآ».

لەو چوار مانگ و دە ڕۆژەی نێوان هەردوو چامەکە تێ دەفکرم، ئەو چـوار مـانـگـەی کـە ئـەپـۆلـیـنـەیـر لـە مـەتـەرێزەکـانـدا قـووڵ لـە نێو ئـەو زیندەخەونە ئالۆشینە بێ بنانەدا بەسەری بردبوون کە بووبوونە هۆی ئەو وەچەرخانە لە ڕا و بۆچوونەکانیدا، بووبوونە هۆی ئەو ئیلهامە: کونی قنگ خاڵی ناوکۆیی مۆجیزەوارە بۆ هەموو وزەیەکی ئەتۆمییانەی ڕووتی و ڕەجالی.

ڕاستە دەروازەی قوزیش گرینگە "بێ شك، کێ نکوڵی لەوە دەکات؟"، بەڵام بایەخێکی زۆر ڕەسمییانەی هەیە، جێگەیەکی دیاریکراوە، پۆلێن کراوە، بڕوا پێ کراوە، ڕوون و ئاشکرا کراوە، تاقی کراوەتەوە، ئەزموونی لەسەر کراوە، چاودێریی کراوە، گۆرانی لەسەر وتراوە، ستایش کراوە.

دەروازەی پێشەوە: ئەو دوڕیانە بە ژاوەژاو و هەڵلایەیە کە تێیدا هەر هـەمـوو مرۆڤـایـەتـیـیـە چـەقـاوەسووەکـەمـان پـێك دەگـەن، ئـەو تـونێڵـەیە کە نەوەکان بەڕیز پێیدا گوزەر دەکەن. هەر بەتەنیا سادە و ساویلکەکان باوەڕ بەگیانی بەگیانێتی ئەو جێگەیە دەکەن. کە گشتیترین جێگەی جێگەکانە. ئەو تاقە جێگەیەش کە بە ڕاستی گیانی بەگیانییە و «تابۆ»یەکە هەتاکو فلیمە پۆرنۆگرافییەکانیش ڕێزی لێ دەگرن، کونی دواوەیە، دەروازەی باڵایە، بالآیە چونکە تەمومژاویترین و نهێنیئامێزترین دەروازەیە. ئەو حـیـکـمـەتـەیش کـە بـوو بـەهـۆی ئـەوەی ئـەپـۆلـیـنـەیر چوار مانگ لە ژێر

ئاسمانێکی پڕ لە گوللە و قاوغە تۆپدا بەسەر بەرێت، ڤینسینت هەر لە ماوەی تاقە پیاسەیەك لەگەڵ «جوولی»دا بەدەستی هێنا کە لەبەر تریفەی مانگەکەدا ڕۆشنا هەڵگەڕابوو.

٢٨

بارێکی سەخت و ناهەموارە کە هەموو ئەوەی دەتوانیت لە بارەیەوە بدوێیت یەك شتە و تۆیش لەو هەڵوێستەدا نیت کە لە بارەیەوە قسە بکەیت: ئەو واژەی کونی قنگە لە گۆ نەهاتووە بەدەمبەست دەچێت و بەدەمی ڤینسینتەوە نووساوە. تەماشای ئاسمان دەکات وەکو بڵێیت بەئاواتە هەندێ کۆمەك ئا لەوێدا بدۆزێتەوە، هەرچییەکیشی پێویستە ئاسمان پێی دەبەخشێت: سروشێکی شیعریی بۆ ڕەوانە دەکات، ڤینسینت دەقیژێنێ: «تەماشاکە!» و ئیشارەتیش بۆ مانگ دەکات و دەڵێت: ″هەر بەو کونی قنگە دەچێت کە لە ئاسماندا کون کرابێت!» ئینجا بەرەو جوولی ڕوو وەردەگێڕێ و لێی ڕادەمێنێ. بەناسکی و شەفافییەتێکەوە زەردە دەکات و دەڵێت: «بەڵێ وایە»، چونکە سەعاتێك دەبێت بۆ ئەوە تەیار و ئامادە کراوە کە هەموو تێبینییەکی بەدڵ بێت کە لەوەوە دەردەچێت.

هەرکە «بەڵێ وایە» کەی ئەو دەبیسێت بۆ هینی زیاتر لاکەی دێت. ئەو تێڕوانینێکی پەرییانەی پاکیزەی هەیە و حەزیش دەکات وتنی ″کونی قنگ″ی لێ بژنەفێت. دەیەوێت ئەوە ببینێت کە چۆن زارە پەرینەکەی واژەی ئەو پەیڤە بەڕوونی دەڵێتەوە، ئای چەنێك بەتاسەی ئەوەوەیە! حەزیش دەکات پێی بڵێت: ″لەگەڵ مندا بیڵێرەوە: کونی قنگ، کونی قنگ، کونی قنگ″، بەڵام یارای ئەوە ناکات، لە بری ئەوە، بەدوای قسەبێژییەکەی خۆیەوە گیرۆدە دەبێت، تا دێت زیاتر و زیاتریش لە میتافۆرەکەی خۆیەوە دەلکێت: ″کونی قنگ ئەو ڕۆشناییە سپیکەلانەیە دەداتەوە کە هەناوی گەردوون لێوانلێو دەکات!″ دەستێك بۆ مانگ

ڕادەکێشێت: ″بۆ پێشەوە، بەرەو نێو کونی قنگی ئەبەدییەت!″

ناتوانم هەتا کۆمێنتارێکی بچکۆلانەیش دەربارەی قسە ئیرتیجالییەکانی ڤینسینت دەربڕم: بەدانپێدانانی بەو خولیایەدا کە لەگەڵ کونی دواوەدا هەیەتی، لەو باوەڕەدایە کە دڵبەستەیی خۆی بۆ سەدەی هەژدەمین و بۆ «ساد» و هەر هەموو دەستەی داوێنپیس و بەرەڵاکان دەهێنێتە دی، بەڵام پێ دەچێت ئەو هێز و توانایەی نەبێت کە هەتا دوورترین سنوور و هەتا بەرکەماڵیی لەو خولیایە بەردەوام بێت، چونکە کەلەپوورێکی کۆنی دیکە – کە گەلێك جیاوازە و تەنانەت پێچەوانەیە و تایبەتە بەسەدەی دواتر – بۆ کۆمەکی هەڵپە دەکات: بەواتایەکی تر، دەستەوسانە و ناتوانێ خولیای داوێنپیسی و بەرەڵاییەکانی خۆی بخاتە بەر گفتوگۆ تەنیا لە ڕێی بەگۆڕانیکردنیاندا نەبێت، تەنیا لە ڕێی کردنیان بەکۆمەڵێك میتافۆرەوە نەبێت. ئە ئاوا ڕۆحی داوێنپیسێتی و بەرەڵایی بۆ نێو ڕۆحی شیعر دەگوازێتەوە کونی قنگیش لە جەستەی ئافرەتەوە بۆ ئاسمان دەگوازێتەوە.

ئای چەند ئازاربەخشە، چەند جێی داخە بینینی ئەم جێگۆڕکێیە! من ڕقم لەوەیە بەدرێژاییی ئەو ڕێگەیە دووی ڤینسینت بکەوم، ڤینسینتیش لە نێو میتافۆرەکەیدا گیری خواردووە و وەکو مێشی نێو کەتیرە کێشمەکێشێتی، هاوار دەکات: «کونی قنگی ئاسمان وەکو چاوی کامیراکەی خوایە!»

جوولی وەکو ئەوەی کزبوونەوەی خولانەوە شیعرییەکانی ڤینسینت ببینێت، لەپڕێکدا ئاودیوی نێو خەیاڵەکەی دەبێت و بەرەو لای لۆبییە ڕۆشناکەی ئەودیوی پەنجەرە گەورەکان ئیشارەت دەکات و دەڵێت: ″تەقریبەن هەموو خەڵکەکە ڕۆیشتوون″.

دەچنە ژوورەوە: ڕاستە، بەڵام هێشتاکەیش چەند کەسێك لە دەوروبەری

مـێزەکـانـدا مـاونـەتـەوە. پـیـاوە شیکـە قـات لـەبـەرەکـەیش ڕۆیشتـووە. بـەهـەرحـاڵ، نـەبـوونـیشی لـەویێ زۆر بـەتـونـدوتـیژی دەیـهێـنێتـەوە یـادی ڤـینسینت و دیسانـەوە ئـەو دەنـگـە سارد و کـینـاویـیـەی دەبـیستێت کـە بەپێکەنینی ئاواڵەکانی پاڵپشت کراوە. دیسانەوە هەست بەشەرمەساری دەکـات: چـۆن چـۆنـی ئـەئـاوا دەمـاری لـە لایـەن ئـەو پـیـاوەوە گـیرابـوو؟ ئەئاوایش کەساسانە لاڵ مابووەوە؟ کۆششێکی زۆریش بۆ ئەوە دەکات کە لە بیر و هۆشی خۆی وەدەری نێت، بەڵام پێی ناکرێت، دووبارە گوێی لە وشەکانی ئەو پیاوە دەبێتەوە: ″ئێمە هەموو لە ژێر تێڕامانی کامیراکاندا دەژیـن. ئـەمـەیش، هـەر لـە ئـێستـا بـەدواوە بـەشێکـە لـە هـەلـومـەرجـی بەشەری....″

ئەو بە تەواویی جوولی لە یاد دەکات و بەسەرسامییەوە لەو دوو دێڕە ڕادەمێنێت، چەند سەیر و ناوێزەیە: مشتومڕی پیاوە کەشخەکە کتومت بەو نـاڕەزایـیـە دەچـێت کـە ڤـینسینت خـۆی پـێشتـر لـەگـەڵ پـۆنـتـیـڤـیندا ورووژانـدبـووی: ″ئـەگـەر دەتـەوێ خـۆت لـە مشتـومـڕێکـی گشتـیـیـەوە هەڵقورتێنی، ئەوا سەرنج لە ترسێك بدەرەوە، ئەی چۆن چۆنی ئا لەم ڕۆژانـەدا ئـەوەت پـێ دەکـرێت بـەبـێ ئـەوەی سەمـاکـار بـیت، یـاخـۆ بەسەماکارێك بچیت؟″

ئایا ئەوە هۆی پەشۆکانی بوو لە بەرامبەر پیاوە تەرپۆشەکەدا؟ ئایا تێ فکرینی پیاوەکە زۆر لە تێ فکرینی ڤینیسینتەوە نزیك بوو هەتاکو بەگژیدا بچێت؟ ئایا ئێمە هەموومان لە ناو هەمان تەپکە و داوداین و سەرسامین بەو دنیایەی کە لە پڕتاو لە ژێر پێیەکانماندا گۆڕا و بوو بەشانۆیەك و بەشێوەیەك ئامادە کرا ڕێی چوونە دەرەوەی تێدا نەبێ؟ ئینجا ئایا لە هەقیقەتدا جیاوازی نییە لە نێوان ئەوەی کە ڤینسینت بیری لێ دەکاتەوە و ئەوەی کە پیاوە شیکەکە بیری لێ دەکاتەوە؟

نـەخـێر، ئـەو فـیـکرەیـە لـە تـامڵکردن بـەدەرە! بـەچـاوی ژار و سووکـەوە دەڕوانێتە بێرك، بەچاوی ژار و سووکەوە دەڕوانێتە پیاوە کەشخەکە و بـەچاوی ژار و سووکی ڕوانینەکەیشی پێش هـەموو داوەرییەکی دەکەوێت. کەللەڕەقانە، تەقەلایەکی زۆر دەدات بۆ ئەوەی لەو جیاوازییە تێ بگات کە لەوان جیای دەکاتەوە، هەتا ئەو دەمەی کە دەتوانێت بەئاشکراییەکی تـەواوەوە بـیـبـیـنـێت: وەکو خزمـەتکـارە کلۆڵـەکـان، کـە بـەو هـەلومـەرجـە ئادەمییە خۆشحاڵن دەق هەروەکو چۆن بەسەریاندا سەپێنراوە ئاوا، وەکو کـۆمـەڵـە سەمـاکـارێك کـە خۆشحـاڵن بـەوەی سەمـاکـار بـن. کـەچـی ئـەو، سەربـاری ئـەوەیش کە دەزانێت ڕێی دەرچوونی نییە، کەچی ناتەباییی خۆی لەگەڵ ئەو دنیایەدا ڕادەگەیەنێت. دوایی لەو وەڵامە تێ دەفکرێت کە دەبووایە بەچڕوچاوی پیاوە کەشخەکەیدا بدات: "ئەگەر گوزەرانکردن لە ژێر کامیرادا بووبێتە هەلومەرجی ئینسانیی بۆ ئێمە، ئەوا من سەرپێچیی لێ دەکەم. خۆ من هەڵم نەبژاردووە!"

ئا ئەوەیە وەڵامەکە! بەرەو لای جوولی خۆی دادەنەوێنێت و بەبێ یەك وشەی ڕاڤـەکـردنـەوەوە پـێی دەڵـێت: "تـاقـە شتـێك کـە بـۆمـان مـابـێتـەوە یـاخـیـبـوونـە دژی ئـەو هـەلـومـەرجـە بـەشەرییـەی کـە خـۆمـان هـەڵـمـان نەبژاردووە!"

دوای ئـەوەی بـەکـۆمـێـنـتـارەکـانـی ڤـیـنـیست و دیـاریـکـردنـی وەخـتـە ڕمۆکەکانی ڕاهـات، ئەم سەرنجەیان بەتایبەتی بەنایاب لە قەڵەم دەدات و بە تۆنە دەنگێکی شەڕانگێزەوە، وەڵام دەداتەوە: «بێگومان!» و وەك ئەوەی وشەی «یاخیبوون» لە وزەیەکی هەڵەشە ژاوەی کردبێت، دەڵێت: "دەبا بۆ ژوورەکەت بچین. هەردووکمان پێکەوە".

هـەرکـە تـەمـاشای جـوولـی دەکـات و سەری لـە دوا وشەکـانـی سوڕ دەمێنێت، دەستبەجێ، پیاوە شیکەکە لە کەللەیدا دەرەوێتەوە.

ئەویش هەروەها سەرسامە. لە نزیك بارەکەدا هێشتا چەند کەسێك لەو کەسانە مابوونەوە کە ئەو پێشتر لەگەڵیاندا وەستابوو بەر لەوەی ڤینسینت لەگەڵیدا قسە بکات. ئەو خەڵکەی کە بەشێوەیەك ڕەفتاریان دەکرد وەك ئەوەی ئەم بوونی نەبێت. سووك و ڕیسوا کرابوو. ئێستاکە ئیدی لێیان دەڕوانێت، لێڕوانینێکی شاژنانەی بەمتمانە و دوورەدەست. چی تر کەسیان کاری تێ ناکەن. شەوێکی عەشقبازی چاوەنۆڕیەتی و بەخواستی تەواوی خۆی و بەبوێریەکەی خۆی دەچێتە ناویەوە، هەست بەدەوڵەمەندی و بەخت یاری دەکات و لە هەموو ئەو خەڵکەیش زیاتر هەست بەبەهێزی دەکات.

بەگوێی ڤینسینتدا هەناسە دەدات: "هەر هەموویان دەستەیەك ئەنتی–کۆکن". دەزانێت کە ئەوە قسەی ڤینسینتە و بۆیەش دەیڵێت هەتا بۆی دەربخات کە خۆی پێ دەبەخشێت و ئیتر موڵکی ئەوە.

هەروەك بڵێیت نارنجۆکی جەزبە و خۆشییەکی خستبێتە نێو دەستییەوە. ئێستا ئیدی دەتوانێت لەگەڵ جوانیهەڵگری کونی دواوەدا بڕوات، یەکسەر بەرەو ژوورەکەی خۆی، بەڵام، وەك بڵێی فەرمانێك جێبەجێ بکات کە لە مەودایەکی دوورەوە بۆی دەرچووبێت، هەست بەوە دەکات کە پێویستە بەر لەوەی بڕوات دۆزەخێك لەوێدا بهێنێتە کایەوە. گیرۆدەی ئەو گێژاوە بەدمەستەیە کە تێیدا وێنەی کونی قنگ لەگەڵ هاتنە دیی سێکسدا یەکانگیر دەبێت، لەگەڵ دەنگی قۆشمەی پیاوە کەشخەکە و شەبەنگی پۆنتیڤین، کە هەر بەترۆتسکییەك دەچێت لە ژوورە ژێر زەمینییەکەی پاریسی خۆیەوە سەرپەرشتیی ڕاپەڕینێکی بێ هاوتا و یاخیبوونێکی گەورەی ئاشووبگێڕی بکات.

بەجوولی دەڵێت: "دەچین بۆ مەلەکردن.» و لە پێپلیکانەکانەوە بەرەو حەوزەکە ڕادەکاتە خوارەوە، کە لەو ئان و ساتەدا خاڵییە و بۆ ئەو خەڵکەیش کە لەسەرەوە دان بەسەحنەی شانۆیەك دەچێت. دوگمەی

کراسەکەی دەکاتەوە″. جوولی بۆ ئەوەی پێی بگات بەدوایدا ڕادەکات. دووبارە دەڵێتەوە: ″دەچین بۆ مەلەکردن″ و، پانتۆڵەکەی دەهاوێتە لاوە و دەڵێت: ″جلەکانت داکەنە!″

## ٢٩

ئەو قسە ناشیرینانەی کە بێرك ئاراستەی ئیماکیولاتای کردن، بەدەنگێکی سرتە سرتکەرانە و نزمەوە وتنی، بۆ ئەوەی خەڵکەکەی دەور و خول لە سروشتی ڕاستەقینەی ئەو درامایە حاڵی نەبن کە بە بەرچاوەکانیانەوە نمایش دەکرا. ئیماکیولاتا توانیی کارێکی وا بکات کە هیچ شتێك ئاشکرا نەبێت، کاتێکیش کە بێرك دوور کەوتەوە و ڕۆیشت، ئیماکیولاتا بۆ لای پێپلیکانەکە ڕۆیشت و بەسەریدا سەرکەوت، سەرەنجامیش، ئەو کاتەی کە خۆی بەتاق و تەنیا لە ناو ئەو دالانە چۆڵوهۆڵەدا بەدی کرد کە بەژوورەکان دەگەیشتەوە، دەرکی بەوە کرد کە لە تردانی پێ کەوتووە.

دوای نیو سەعات، وێنەگرە گوماننەدارەکە هاتە نێو ئەو ژوورەوە کە ژووری هاوبەشی هەردووکیان بوو، تەخت لەسەر سکدا ڕاکشا و لەسەر پێخەفەکەدا دەیبینێتەوە.

دەڵێ: «چی ڕووی داوە؟»

ئەویش وەڵام ناداتەوە.

لە تەنیشتیدا دادەنیشێ و دەستی دەخاتە سەر سەری. ئەویش وەك ئەوەی مارێك لێی کەوتبێت بەڕاوەشان دەستی توور دەدات.

«ئاخر چی ڕووی داوە؟»

چەند جارێکی تریش هەمان پرسیار دووپات دەکاتەوە، هەتاکو پێی دەڵێت: «بێ زەحمەت برۆ غەرغەرە بکە، من تامڵی هەناسەی بۆگەن ناکەم.»

هـەنـاسەکـەی بۆگـەن نـەبوو، هـەمـیشەش بـەچـاکـی خـۆی دەشووشت و بەدیقەتەوە خۆی پاکوخاوێن دەکردەوە، بۆیە دەرکی بەوە کرد کە درۆ دەکات، لەگەڵ ئەوەیشدا ملکەچانە چووە نێو گەرماوەکەوە بۆ ئەنجامدانی ئەوەی کە فرمانی پێ دابوو بیکات.

بـیـرۆکـەی هـەنـاسەی – بۆگـەن هـەر لـەخۆڕا بـەبـیری ئـیمـاکیولاتـادا نـەهـاتـبـوو، چـونـکـە ئـەو شتـەی کـە ئـەو کـارە نـاپـەسەندە دنـەی دابـوو یـادەوەریـیـەکـی تـازەی کـتـوپڕ پـێ پـەستکراو بـوو: یـادەوەریـی هـەنـاسە بۆگەنەکەی بێرك. کاتێك کە بەداهێزراوی گوێی لە سووکایەتییەکانی ئەو ڕاگرتـبوو، ئـیدی لـە بـارێکـی ئـەوتـۆدا نـەبـوو هـەتـا خـۆی بـەهـەنـاسەدانی ئەوەوە سەرقاڵ بکات، ئەو چاودێرە خۆ مەڵاسداوەی ناواخنی بوو کە ئەو بـۆنـە قـێزەونـەی تـۆمـار کـرد و ئـەم کـۆمـێنـتـارە فـیکر ساف و بێگـەردە کۆنکریتییەی خستنە سەر و سەرەڕای ئەوەیش، ئەو پیاوەی کە دەمی بۆگەنی لێوە دێت یار و دۆستی نییە، هیچ ئافرەتێك تاملی ئەوە ناکات و هەر ئافرەتێکیش ڕێگایەك بۆ ئەوە دەدۆزێتەوە کە وای لێ بکات ئەوە بزانێت کە بۆگەنی لێوە دێت و ناچاریشی دەکات کە خۆی لەو خەوشییە ڕزگار بکات. لە کاتێکدا کە بەسووکایەتییەکان بۆمباران دەکرا، گوێی بۆ ئەو کۆمێنتارییە بێدەنگانە ڕادێرا بوو، کە خۆشبەختانە و ئومێدبەخشانە لە قەڵەمی دەدا، چونکە ئەوەی بۆ دەرخستبوو کە وێڕای تارماییی ئەو ئـافـرەتـە قـەشەنگ و جـوانـانـەی کـە بـێرك زیـرەکـانـە بـواری دەدان هـەتـا بـەدەوروکشەیدا بـخـولـێنـەوە، کـەچـی دەمـێك بـوو بـایـەخـی بـەسەرکێشییـە سۆزدارییەکان نەدەدا و جێگەکەی تەنیشتیشی لەسەر وەتاغەکەدا هەردەم بۆش و بەتاڵ بوو.

لەگەڵ غەرغەرەکردنیدا، وێنەگرەکە، کە هاوکات پیاوێکی ڕۆمانتیکی و پراکتیکیش بوو، ئەوە بەخۆی دەڵێت کە تاقە ڕێگە بۆ گۆڕینی ئەو بارە دەروونییە ناهەموارەی هاودەمەکەی ئەوەیە کە زوو بەزوو پراکتیزەی

سێکسی لەگەڵدا بکات. جا بۆیە لە گەرماوەکەدا بێجامەکەی لەبەر دەکات و بەهەنگاوی ڕاڕاوە، دەگەڕێتەوە و لە ڕۆخی پێخەفەکە، لە تەنیشتیدا دادەنیشێت.

بەبێ ئەوەی یارای ئەوە بکات دەستی بۆ بەرێت، دووبارە دەپرسێتەوە: ″چی ڕووی داوە؟″

بەئامادەگییەکی زەینیی نەگۆڕەوە، وەڵام دەداتەوە: ″ئەگەر ناتوانیت لەو پرسیارە گەمژانەیە بەولاوە شتێکی تر بڵێیت، ئەوا لەو باوەڕەدام کە گفتوگۆکردن لەگەڵ تۆدا هیچ حاسڵاتێکی نابێت″.

ئینجا ڕادەپەڕێت و بەرەو کەنتۆرەکە دەچێت، دەیکاتەوە و لەو چەند کراسە دەنۆڕێت کە تێیدا هەڵی واسیبوون. کراسەکان دەچنە دڵیەوە، حەزێکی نادیار بەڵام بەهێز لە ناخیدا دەورووژێنن بۆ ئەوەی نەهێڵێت لە دیمەنەکەوە خۆی وەدەر بنێت و دووبارە بەسنووری ڕیسواییەکانی خۆیدا ڕابووڕێتەوە، بۆ ئەوەی بەنوشووستییەکەی خۆی قایل نەبێت، ئەگەر نوشووستیش ڕووی دا، ئەوا با بیکات بەڕووداوێکی شانۆییی گەورە، کە تێیدا جوانییە بریندارەکەی خۆی بۆ گۆرانی چڕین دنە بدات و شانازییە سەرکێشەکەشی بڵاو بکاتەوە.

ئەو پێی دەڵێت: ″چی دەکەیت؟ بۆ کوێ دەچیت؟″

ئەمیش دەڵێت: ″گرینگ نییە. گرینگ ئەوەیە کە من لەگەڵ تۆدا نەمێنمەوە″.

″ئێ ئاخر پێم بڵێ چی ڕووی داوە!″

ئیماکیولاتا چاو دەبڕێتە کراسەکانی و دەڵێت: ″شەشەمین جارە″ و منیش ئیشارەت بەوە دەدەم کە لە ژماردنەکەیدا بەهەڵە نەچووە.

وێنەگرەکە دەڵێت: ″لە بارێکی نایابدا بوویت″، هەوڵ دەدات خۆی لە حاڵ و بارەکەی نەبان بکات. «چاکمان کرد هاتین. پرۆژەکەی بێرکت بۆ من بە

شتێکی مسۆگەر دەچێت. داوای ئەوەم کردووە بوتڵێك شامپانیا بۆ ژوورەکەمان بهێنن.»

″ هەر چییەکت دەوێت و لەگەڵ کێیشدا دەتەوێت دەتوانیت بیخۆیتەوە″.

«ئاخر چی ڕووی داوە؟»

″حەوتەمین جارە. کارەکە ئیدی لەگەڵ تۆدا بەیەکجاریی تەواو بوو، کۆتاییی پێ هات″.

بەسیەتی و بێزار بووم لەو بۆنە بۆگەنەی کە لە دەمتەوە دێت. تۆ مۆتەکەی منیت. خەونی جەنجاڵی منیت. تێشکانی منیت. خەجاڵەتباریی منیت. ڕەزالەت و ڕیسواییی منیت. بێزرانی منیت. دەبوو ئەمانەت بەشێوەیەکی دڕندانە پێ بڵێم. چیدی دڕدۆنگیم درێژە ناکێشێت. چیدی کامووسەکەم درێژە ناکێشێت. چیدی ئەم کاروبارە درێژە ناکێشێت کە دەمێکە لە مانا بەخشین کەوتووە.»

ڕاوەستاوە و ڕووی دەموچاوی لە کەنتۆرە کراوەکەیە و پشتیشی لە وێنەگرەکەیە، بەهێمنی و لەسەرخۆییەوە دەدوێت، دەنگی نزمە و چرپە چرپ دەکات. ئینجا دەکەوێتە خۆ ڕووتکردنەوە.

٣٠

ئەوە یەکەمین جار بوو کە لە بەردەمیدا بەو هەموو بێ شەرمییە و بەو هەموو پشتگوێخستنە بەلەسەیەوە ڕووت بووبووەوە. ئەم ڕووتبوونەوەیە مانای وایە کە بوونی تۆ ئا لێرە لەبەردەم مندا بەهیچ، بەهیچ کلۆجێك جێی بایەخ نییە، بوونی تۆ بەبوونی سەگێك یاخۆ مشکێك هاوتایە. تێڕامانەکەشت تاقەیەك خانەی لەشی من ناهەژێنێ. دەتوانم هەرچی شتێکم بوێت لە بەرچاوتدا ئەنجامی بدەم، ناپەسندترینی کردەوەکان ئەنجام بدەم، دەتوانم لە بەرچاوتدا بڕشێمەوە، گوێچکەکانم یاخۆ ناوگەڵم

بشۆرم، خۆم ڕەحەت بکەم، میز بکەم. تۆ نە چاویت، نە گوێچکەیت، نە کەللەسەریت. گوێ پێنەدانە پڕ لە شانازییەکەشم ئەو عەبایەیە کە وام لێ دەکات بتوانم بەئازادییەکی تەواو و بەبێ شەرمییەکی تەواوەوە لە بەردەمتدا بجوولێمەوە.

وێنەگرەکە ئەوە دەبینێت کە بەتەواوەتی لەشولاری دۆستەکەی بەبەرچاوییەوە دەگۆڕێت، ئەو جەستەیەی کە ئێستا بەئاسانی و دەستبەجێ خۆی دەداتە دەستییەوە، هەڵدەستێت و لە بەردەمیدا وەکو پەیکەرێکی گریکی سەر بنکەیەکی سەد مەتر بەرز ڕادەوەستێت. شێت و دێوانەی حەزە، حەزێکی غەوارەی ئەوتۆ کە هەستەوەرانە گوزارشت لە خۆی ناکات بەڵکو هەر سەری، تەنیا سەری تژی دەکات، حەزێك وەکو جادوویەکی زەینییە، وەکو بیرۆکەیەکی نەگۆڕە، وەکو دینۆیەکی سۆفیانەیە، وەکو یەقینی ئەوەیە کە هەر ئا ئەم جەستەیەیە و یەکێکی تر نییە، کە قەدەریەتی و بۆی نووسراوە ژیانەکەی وەدی بهێنێت، سەراپای ژیانەکەی وەدی بهێنێت.

هەست دەکات ئەو شەیدایی و خۆشەویستییە بەپێستەکەیەوە دەلکێن، شەپۆلێکی ساردیش بەرەو سەری بەرز دەبێتەوە. خودی خۆیشی ئا بەمە سەرسامە، پێشتر هەرگیز شارەزای ئەم جۆرە شەپۆلە نەبووە. شەپۆلێکی ساردە هەروەکو ئەو شەپۆلانەی سۆزداری و گەرما و شێتگیری. چونکە ئەو سەرمایەش لە هەقیقەتدا هەر سۆزدارییە، هەروەك چۆن خۆشەویستیی بێ کۆتاییی وێنەگرەکە و ڕەتکردنەوەی ڕەهای بێرك دوو ڕووی هەمان نەفرەت بوون کە ئەو بەربەرکانێی دەکرد، وەك ئەوەی بەرهەڵستییەکانی بێرك مەبەستی ئەوە بێت بیئاخنێتە نێو ئامێزی عاشقە ئاساییەکەی خۆی و تەنیا ڕێگەیەکیش بۆ خۆپاراستن لە بەرهەڵستییەکان ڕق لێبوونەوەیەکی بێ کۆتایی ئەو عاشقە بێت. بۆیە زۆر دڕندانە ئەو ڕەت دەکاتەوە و دەیەوێت بیکات بەمێشێك، ئەو مێشەیش بکات

بـەجـاڵـجـاڵـۆكـەیـەك، ئـەو جـاڵـجـاڵـۆكـەیـەش بـكـات بـەمـێشێك كـە جاڵجاڵۆكەیەكی تر لرفی دەدات.

دووبارە خۆی لەبەر كردووەتەوە، كراسێكی سپیی پۆشیوە و بڕیاری داوە بچێتە خوارەوە و خۆی پیشانی بێرك و ئەوانی تر بدات. خۆشحاڵە كە لەگەڵ خۆیدا ئەو كراسە سپییەی هێناوە، ڕەنگی هاوسەرگیرییە، چونكە وەك بڵێیت هەست بەوە بكات كە ئەمە ڕۆژی شایی و گواستنەوەیە، شاییەكی پێچەوانە، شاییەكی تراجیدیانەی بێ زاوا. لە ژێر كراسە سپییەكەشییەوە زامی غەدر و ستەمێك هەڵدەگرێت و هەستیش بەوە دەكات كە ئەو غەدر و ستەمە مەزنتریان كردووە، جوانتریان كردووە وەك ئەو كاراكتەرانەی كە لە تراجیدیاكاندا بەهۆی ئازار و ئەشكەنجەكانی خۆیانەوە جوانتر كراون. لە دەرگەكە نزیك دەكەوێتەوە، دەزانێت ئەو پیاوەی كە پێجامەی لەبەردایە، دووی دەكەوێت و چەشنی سەگێكی شەیدا بەدوایدا پابەند دەبێت، دەشیەوێت ئەئاوا بەشاتۆكەدا گوزەر بكەن، وەكو جووتێكی تراجی – گرۆتێسك(١٠٠)، وەكو قەڕاڵیچەیەك كە دەڕوات و گێلۆكەیەكیشی بەدووەوەیە.

## ٣١

بەڵام ئەم پیاوەش كە ئەو دای گرتووەتە دۆخی سەگ، سەرسامی دەكات. دەموچاوی كرژ و تووڕەیە و لە نێوەندی دەرگەكەدا وەستاوە. لەپڕێكدا ئارەزووی ملكەچكردنەكەی ڕەوییەوە. كەیلی تاسەیەكی نائومێد بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو جوانییەی كە هەر بەغەدر سووك و ڕیسوای دەكات. ناتوانێت بوێریی خۆی بۆ شەپازلە پێداكێشانی كۆ بكاتەوە، داركاری بكات، تووڕی هەڵبداتە سەر پێخەوەكە و بەزۆر لاقەی بكات، بەڵام بۆ ئەنجامدانی شتێكی ئەوتۆی لە چاكبوونەوە نەهاتوو، شتێكی

(١٠٠) Tragi - grotesque نامۆ، تراژیدی و دەعجاو، سەیروسەمەرە.

ئێجگار بێ ماریفەتانە و شەڕانگێز هەست بەئاتاجێکی مەزنتر دەکات.

ناچار دەکرێ لە لای دەرگاکەدا بوەستێت.

«لێم گەڕێ بابچمە دەرەوە.»

ئەویش پێی دەڵێت: ″ لێت ناگەڕێم بچیتە دەرێ″.

″تۆ چی تر بۆ من بوونت نییە″

″مەبەستت چییە، چی تر بوونم نییە؟″

″من ناتناسم″.

بەنارەحەتییەکەوە پێ دەکەنێت: ″تۆ نامناسیت؟″ ئینجا دەنگی هەڵدەبڕێت: ″ئا ئەم بەیانییە پێکەوە جووت بووین!″

«ڕێگەت پێ نادەم بەو شێوەیە و ئا بەم وشانە لەگەڵمدا بدوێیت!»

«ئا ئەم بەیانییە خۆت ئەو وشانەت بەمن گوت، خۆت وتت: ″بمگێ، بمگێ، بمگێ!″

«ئەوە کاتێك بوو کە هێشتا خۆشم دەویستی،» ئینجا بەنەختێك سەغڵەتییەوە دەڵێت:

″بەڵام ئێستاکە ئەم وشانە لە پیسی و سووکایەتیی بەولاوە هیچی تر نین″.

هاوار دەکات: ″بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، پێکەوە خەوتین!″

″ڕێگەت پێ نادەم!″

″دوێنێ شەویش گانمان کرد، گانمان کرد، گانمان کرد″.

″بیبڕەوە!″

″ئەی چۆن چۆنی دەتوانی بەیانی تامڵی جەستەم بکەیت و شەو تامڵی نەکەیت؟″

″تۆ دەزانی من قێزم لە سووك و چرووکی دەبێتەوە!″

″باکم بەوە نییە قێزت لە چی دەبێتەوە! تۆ قەحپەیت!″

ئۆی، نەدەبووایە ئەو وشەیە بەکاربەرێت، هەمان ئەو وشەیەی کە بێرك بەڕوویدا دابووی. بۆیە بەسەریدا دەقیژێنێ: ″سووك و چرووکیی قێزم دێنێتەوە و تۆیش قێزم دێنێتەوە!″

ئەویش دەقیژێنێ: ″کەواتە تۆ کەسێکت گا کە قێزت دەهێنێتەوە! بەڵام ئەو ئافرەتەی کەسێك دەیگێت کە قێزی دەهێنێتەوە بێ شك ئەوەیە، قەحپەیە، قەحپەیە، قەحپەیە!″

قسەی وێنەگرەکە تا دێ بازاڕییانەتر دەبێت و ترسیش تا دێ لەسەر سیمای ئیماکیولاتادا پەرە دەسێنێ.

ترس؟ تۆ بڵێی لە ڕاستیدا سڵی لێ بکاتەوە؟ لەو باوەڕەدا نیم: زۆر بەچاکی لە ناخی دڵەوە ئەوە دەزانێت کە پێویست ناکات لە بارەی بایەخی ئەم سەرپێچییەوە زیادەڕەوی بکرێت. ئەو شارەزای ملکەچیی وێنەگرەکەیە و هێشتاش هەر لێی دڵنیایە. بۆیە سووکایەتیشی پێ دەکات چونکە دەیەوێت خەڵکانی تر گوێیان لێی بێت، بیبینن، بایەخی پێ بدەن. سووکایەتیی پێ دەکات، چونکە بێ دەسەڵاتە و هەموو ئەوەیش کە هەیەتی و ڕێی لە هێز و توانای گرتووە بێ نەزاکەتییەکەی و ئاخاوتنە شەڕانییەکەیەتی. ئەگەر هەتا نەختێکی ناچیزیش خۆشی بویستایە، ئەوا دەبووایە بەتەقینەوەی ئەو بێ دەسەڵاتییە نائومێدە کارتێکراو بێت. وەلێ لەبری ئەوەی کارتێکراو بێت، هەست بەهەوەسێکی لە جڵەوبەدەر دەکات بۆ ئەوەی ئازاری بدات. هەر لەبەر ئائەو هۆیەش بەتایبەتی بڕیار دەدات لەگەڵ وشەکانیدا دەق و بێ کەم و زیاد مامەڵە بکات، باوەڕ بەسووکایەتییەکانی بکات و سڵیان لێ بکاتەوە. جا بۆیە بەو چاوەوە چاویان تێ دەبڕێت کە مەبەستیەتی ترسا و دەربکەون.

لە سیمای ئیماکیولاتادا ترس بەدی دەکات و هەست بەبوێری دەکات.

ئـەو، ئـەو کـەسەیـە کـە بـەردەوام تـرسی لـیّ نـیشتووە، بـەردەوام هـەرەس دەهێنێت، بەردەوام پۆزش دەخوازێت و لە پرتاویشدا، لەبەرئەوەی کە ئەو هێز و تواناکەی خۆی و شێتگیرییەکەی خۆی دەرخستبوو، ئەم وای لیّ هات بکەوێتە هەڵلەرزین. پێی وابوو کە ئەو ئیدی دانی بەبیّ دەسەڵاتی و لاوازیی خۆیدا دەهێنا و خۆ بەدەستەوەدانی خۆی ڕادەگەیاند. بۆیە دەنگی بەرز دەکاتەوە و سەرومڕ دەبیّ لە هەڵهێنانەوەی کەودەنییە شەڕانی و نەزۆکەکەی. ئەو پیاوە داماوە، ئەوە نازانێت کە هێشتاکە وازیچەیەکە هەتا لەو ساتەیشدا کارامانە بەکار هێنراوە کە لەو باوەڕەدایە لە نێو ڕق هەڵسانی خۆیدا هێز و سەربەخۆییی دەستەبەر کردووە.

ئیماکیولاتا پێی دەڵێت: ″تۆ دەمتۆقێنی، تۆ قێزەونی، تۆ دڕندەیت″، ئەو پیاوە کەساسە ئەوە نازانێت کە ئەمە تاوانبارکردنێکە هەرگیز پووچ ناکرێتەوە و ئەوەیش کە ئەو، ئەم بەرماوە کەمەی چاکە و ملکەچیی، بەم شێوەیە، ئێستا و هەتا هەتایە دەبێتە دەستدرێژکەر و ڕەیپیستێك(١٠١).

دووبارە دەڵێتەوە: ″تۆ دەمتۆقێنی″، و بۆ ئەوەش کە بتوانێت ژوورەکە بەجیّ بهێڵێت بەلایەکدا پاڵی پێوە دەنێت و دەڕوات.

ئـەمـیش دەهـێڵـێت تـیّ پـەڕێت و وەکـو ئـەو کـەودەنـەش کـە دوای قەڕاڵیچەیەك کەوتووە دوای دەکەوێت.

٣٢

ڕووتی. هەتا ئێستایش پارچە کلیپێکی کۆواری نۆڤێل ئۆبزێرڤاتۆری مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٣م هەیە، ڕا گیرییەکە هەزار و دوو سەد کەس کە خۆیان بەچەپ لە قەڵەم دەدا لیستێکی دوو سەد و دە وشەییان بۆ نێررا و داوایان لیّ کرا هێڵ بەژێر ئەو وشانەدا بکێشن کە شیفتەیان

(١٠١) Rapist: ئـەوەی بـەزۆرەمـلـیّ یـەکێك لاقـە دەکـات، ئـەوەی بـەزۆر دەستدرێژی سێکسی دەکاتە سەر ئافرەت.

دەکات، ئەو وشانەی کە ئەوان گرەوی دەیین، ئەوانەی کە سەرنجڕاکێش و گونجاو دەیانبینن. چەند ساڵێکیش بەر لەوە هەمان ڕاگیری ئەنجام درابوو. ئەوسا و لە هەمان ئەو دوو سەد و دە وشانەدا هەژدە وشە هەبوون کە چەپەکان لەسەریدا هاوکۆك بوون و ئا بەوە جەختیان لەسەر بوونی هەستیاریەکی هاوبەش کردبوو. لە ساڵی ١٩٩٣دا، وشە خۆشەویستەکان بۆ سێ وشە کەمبوونەوە. هەر تەنیا سێ وشەن ئەوانەی کە چەپ دەتوانێت لەسەریاندا هاوتەبا بێت؟ ئای لەو نوشووستییە! ئای لەو داڕمانە! ئەی ئەو سێ وشەیە کامانەن؟ گوێ لەمە ڕادێرە: «شۆڕش»، «سوور»، «ڕووتی». «شۆڕش»، «سوور»، ئەمانە دیار و ئاشکران. بەڵام، لە پاڵ ئەو دوو وشەیەی تر، هەر تەنیا وشەی «ڕووتی»یە کە گوڕوتین بەدڵی چەپەکان دەدات، هەر تەنیا ئەو ڕووتییەیە کە تا ئێستاش هەروەکو کەلەپووری سیمبولی هاوبەشیان ماوەتەوە و سەرسوڕهێنەرە. ئا ئەمانە هەموو بۆ ماوەکەی ئێمەن کە لە مێژووی نایابی دوو سەد ساڵ بۆمان ماوەتەوە کە بەویقارەوە شۆڕشی فەڕەنسی دەستی پێ کردبوو، ئا ئەمە کەلەپووری ڕۆبێسپیر، دانتۆن، جۆرێێی، ڕۆزا لۆکسمبۆرگە، ئەمەیە کەلەپووری لینین، گرامشی، ئەراگۆن، چێ گیڤارا؟ ڕووتی؟ سکی ڕووت، گوونە ڕووتەکان، سمتە ڕووتەکان؟ ئا ئەمە دوا ئاڵایە کە دوایین تابووری چەپ پێ بەپێ و بەدرێژایی سەدەکان لە ژێریدا ڕێگە ڕۆیشتنی مەزنی خۆی نومایان دەکات؟

بەڵام بۆچی دەقاودەق ڕووتی؟ مانای ئەم وشەیە چییە بۆ ئەو خەڵکە چەپەی کە لە نێو ئەو لیستەیەدا هەڵیان بژاردووە کە لە لایەن ئاژانسێکی ڕاگیرییەوە بۆیان ڕەوانە کراوە؟

کاروانی ئەڵمانە چەپەکانم وەبیر دێتەوە کە لە حەفتاکاندا تووڕەیی و ناڕەزایی خۆیان دژی شتێك یاخۆ هەر شتێکی تری وەکو ″ئێستگەی وزەی ئەتۆمی، جەنگ، دەسەڵاتی پارە و پوول، شتی تر کە نایەنەوە بیرم″ تۆمار

دەکرد، ئەویش بەداکەندنی جلوبەرگەکانیان و بە ڕووتی و هاوارکردنەوە ڕۆیشتن بەجادەکانی شارێکی گەورەی ئەڵمانیدا. ئەی ئیتر دەبووایە ئەو ڕووتییەیان چی دەربڕێت؟

یەکەمین گریمانە ڕووتیی بۆ ئەوان نمایشی خۆشەویستترینی هەر هەموو ئازادییەکانی دەکرد، ئەو بەهایەی کە تا ئەوپەڕی لە خەتەرناکیدایە. ئەڵمانە چەپەکان بەشارەکەدا ڕادەبوردن و ئەندامە زایەندییە ڕووتەکانی خۆیان دەردەخست، بەهەمان ئەو شێوەیەی کە کریستییانە چەوساوەکان بەهەڵگرتنی خاچێکی دارین بەسەر شانەکانیانەوە بەرەو مەرگی خۆیان دەڕۆیشتن.

دووەمین گریمانە: ئەڵمانە چەپەکان نەیاندەویست سیمبۆلی بەهایەکی دیاریکراو بخەنە ڕوو، بەڵکو زۆر بەساکارییەوە دەیانویست جەماوەرێکی قێزەون بخەنە شۆکەوە. بیخەنە شۆکەوە، زارەترەکی بکەن، خەشمگینی بکەن. بەشیاکەی فیل بۆردومانی بکەن. گەندوگووی هەموو گەردوونی بەسەردا بڕێژن.

تەنگژەیەکی سەیر و عاجباتییە: ئایا ڕووتیی ڕەمزی مەزنترینی هەر هەموو بەهاکانە، یاخۆ مەزنترین پیسایی و گەندووگوویەکە دەبێ وەکو بۆمبایەکی گوو بۆ سەر قەرەباڵغیی دوژمنەکاندا هەڵبدرێت؟

دوای ئەوەش ئەوە بۆ ڤینسینت چی دەگەیەنێت کە دووبارە بەجوولی دەڵێتەوە:

″جلەکانت داکەنە″، و ئەوەیشی دەخاتە سەر کە: «ڕووداوێکی بێ پایان هەر ڕێك بەبەرچاوی ئەو دۆڕاوە خەسیوانەوە ڕوو دەدات!»

ئەوەیش بۆ جوولی چی دەگەیەنێت کە بەگوێڕایەڵی و تەنانەت نەختێك بەحەماسیشەوە دەڵێت: ″بۆ نا؟″ و ئینجا دوگمەکانی کراسەکەی دەکاتەوە.

ڕووت و ڕەجاڵە و ئەو ڕاستییەش تۆزقاڵێك سەراسیمەی دەكات، پێكەنینێكی گەرووانەی پەتیی پێ دەكەنێت كە پتر بۆ خۆیەتی وەك لەوەی بۆ ئەو بێت، چونكە ڕووتبوون ئەئاوا و لەم جێگە بێ هاوتا شووشەبەندەدا بۆ ئەو هێند لە ڕاهاتن بەدەرە كە هەموو ئەوەی پێی دەكرێ بیری لێ بكاتەوە بەدبەختی حاڵ و بارەكەیە. مەمكبەندەكەی تووڕ هەڵداوە، دواتر دەرپێكەی، بەڵام ئەوی ڕاستی بێت ڤینسینت نایبینێت: دەزانێت كە ئەو ڕووت و ڕەجاڵە، بەڵام بەبێ ئەوەی بزانێت كە ئاخۆ ڕووتیی چۆن چۆنییە. دەبا بیهێنینەوە بیرمان، هەر تەنیا بەر لە چەند خولەكێك بەوێناكردنی كونی قنگییەوە گرەویدە ببوو، تۆ بڵێی هێشتایش هەر بیری لێ بكاتەوە دوای ئەوەی كە كونەكە لە ئاوریشمی دەرپێكەی ئازاد بووبوو؟ نا. كونی قنگەكە لەسەریدا ڕەوییەوە. لە بری ئەوەش كە بەوردی و بایەخەوە لەو جەستەیە خوردبێتەوە كە خۆی لە حزووریدا ڕووت كردبووەوە، لە بری ئەوەش كە لێی نزیك بێتەوە و بەهێوری لێی حاڵی بێت. كە ڕەنگە دەستیشی پێدا بماڵێت، ڕوو وەردەگێڕێ، خۆی هەڵدەدات و لە نێو ئاوەكەدا خۆی نقوم دەكات.

ئەم ڤینسینتە منداڵێكی عەجایەبە. لۆمەی سەماكارەكان دەكات، بەورێنەوە دەربارەی مانگ دەدوێت و لەودیو هەموو ئەوانەشەوە هەروەرزشكارێكە و هیچی تر. لە نێو ئاوەكەدا نقوم دەبێت و مەلە دەكات. دەرحاڵ ڕووتبوونەكەی خۆی لە یاد دەچێتەوە. جوولی لە بیر دەچێتەوە و لە مەلە بەولاوە بیر لە شتێكی دیكە ناكاتەوە. لە دوای ئەوەوە، جوولی ڕاوەستاوە، نازانێت چۆن خۆی نقوم بكات، بەپارێزێكەوە بەقاڵدرمەكەدا ڕێ دەگرێت و دانگەڕێزە دەكاتە خوارەوە. ڤینسینت تەنانەت سەریشی وەرناگێڕێت بۆ ئەوەی سەیری بكات. ئا ئەوە خەسارەتەكەی ئەوە چونكە

جـوانـكـيـلـەيـە، بـەڵـێ جـوولـی زۆر جـوانـكـيـلـەيـە. وەك ئـەوەی جـەسـتـەی بدرەوشێتەوە، نەك لەبەر شەرم و فەدی، بەڵكو بەهۆی شتێكی ئا لەو بـابـەتـە نـاسك و هـەسـتـەوەرەوە، بـەهـۆی ئـەو نـاڕەحـەتـيـيـەی كـە لـە تايبەتمەنديەتی تەنيايييەوە پەيدا دەبێت، چونكە كاتێ كە سەری ڤينسينت لە ژێر ئاوەكەدايە، لەوە خاترجەمە كە هيچ كەسێك تەماشای ناكات، ئاوەكە دەگاتە تووكەبەری و هەست بەساردييەكەی دەكات، حەز دەكات بەتەواوی بچێتە ناوەوە بەڵام يارای بەبەرەوە نييە. ڕادەوەستێت و خۆی ماتڵ دەكات، ئينجا بەپارێز و ئاگاوە بەپێپليكانەيەكی ديكەدا دەچێتە خوارەوە و سەرەنجام ئاوەكە تا ئاستی ناوكی بەرز دەبێتەوە، دەستی تێدا نقوم دەكات و بەنەوازشەوە مەمكەكانی پێ فێنك دەكاتەوە. لە ڕاستيدا زۆر جوانە ئاوها لێی ڕابمێنێت. كەچی ڤينسينتی دڵسادە هيچ ئايديايەك شك نابات، وەلێ سەرەنجام ئەوەی كە من لێرەدا دەبيينم ئەو ڕووتييەيە كە هيچ شتێك ناگەيەنێت، نە ئازادی دەگەيەنێت نە بەدڕەفتاريش، ڕووتييەكە لە هەموو مانايەك ڕووتكار كراوە، ڕووتييەكی ڕووتكراوەيە، هەر تەنيا ئەوە نەبێ كە پاقژ و تەليسماوييە بۆ مرۆڤ.

لە ئاكامدا دەست بەمەلەكردن دەكات. زۆر لە ڤينسينت هێواشتر مەلە دەكـات، بـەشێوەيـەكـی گـەلـۆرانـە سەری بـەسـەر ئـاوەكـەدا بـەرز بـووەتـەوە، كاتێك كە ئەو بەرەو نێردەوانەكە دەبێتەوە بۆ ئەوەی پێيدا سەركەوێت و بچێتە دەرەوە، ڤنيسينت سێ جار مەودا پازدە مەترييەكە دەبڕێت. ئەو بەپەلە بەدوايدا دەڕوات. لە لێواردان كاتێك كە گوێيان لەو دەنگانە دەبێ كە لە سەرەوە دێن. دنەدراو بە نزيكييەكەی ئەو غەوارە ناديارانە، ڤينسينت دەكـەوێـتـە شيـتـەشيت: "هـەمـرە نـێرگـێيـانـە سوارت دەبم!" و، وەكـو ساتيرێك(١٠٢) دانەكانی لێ جيڕ دەكاتەوە و هەڵپەی بۆ دەكات.

(١٠٢) Satyr: لە ئەفسانەی يۆنانيدا خواوەندی دارستانەكانە. كلك و گوێيەكانی هينی ئەسپن و بە گرەوييدەييەكی توندوتيژ و بەتينە وە بەگرمە و هەڵڵای ئاژاوە و نقومبوون لە لەزەت و چێژ و خۆشييەكانەوە ناسراوە.

چۆنە کەوا لە پیاسەکردنە تایبەتمەندە سەر بەسەرەکەیاندا هەرگیز جورئەتی واژەکردنی یەك تاقە وشەی ناماقووڵی چکۆڵەشی نەدەکرد، کەچی ئێستا، کاتێك کە ڕیسکی ئەوە دەکات لە لایەن هەموو چەشنە خەڵکێکەوە ببیسترێت، هاواری شتگەلی ئاوا پیس و وەحشەتناك دەردەپەڕێنێ؟

بێ شك، چونکە بەبێ ئەوەی هەست بکات مەودای ئولفەتی بەجێ هێشتووە. وشەیەك کە لە ڕووبەرێکی داخراوی بچکۆلانەدا وترابێت مانایەکی جوداوازی هەیە لەگەڵ مانای هەمان وشەدا کە لە تەلارێکدا دەنگ بداتەوە. چی تر ئەو وشەیە نییە کە ئەو بەرگەی تەواوی بەرپرسیاریەتییەکەی بگرێت و هەروەها ئەوەیش نییە کە تایبەتمەندانە ئاراستەی هاوبەشەکەی کرابێت، بەڵکو ئەو وشەیەیە کەوا خەڵکانی تر دەیانەوێ گوێیان لێی بێت، ئەو خەڵکەی کە لەوێدان و تەماشایان دەکەن. ڕاستە، شانۆکە خەیاڵییە، بەڵام وێڕای ئەوەیش کە چۆڵوهۆڵە، جەماوەرە خەیاڵکراو و خەیاڵئامێزەکە، جەماوەرە گریمانکراو و واقیعییەکە، لەوێدایە، لەگەڵیاندایە.

ڕەنگە بپرسن: کێ ئەم جەماوەرە پێك دەهێنێت، من لەو باوەڕەدا نیم کە ڤینسینت وێنای ئەو خەڵکە بکات کە لە کۆنفرانسەکەدا بینیبوونی، ئێستا ئیدی جەماوەرەکەی دەوروبەری بێ پایانە، سەرنجڕاکێشە، فرەداوایە، وررووژاوە، لاپرەسەنە، بەڵام سەرباری ئەوەش بەتەواوەتی دەستنیشانکراو نییە، ڕووالەتی دەموچاویان تەماوی و لێڵە، ئاخۆ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو جەماوەرەی ئەو خەیاڵی دەکات هەر هەمان ئەو جەماوەرەیە کە سەماکارەکان خەونی پێوە دەبینن؟ جەماوەری نەبینراوە؟ ئەوەی کە پۆنتیڤین تیۆرییەکانی خۆی لەسەر بنیات دەنێت؟ سەرلەبەری هەموو دونیایە؟ ئەو هەتا هەتایییەیە کە شەقڵی نییە و ئەبستراکتە؟ نابەتەواوەتی وا نییە: چونکە لەودیوی ئەو پەلەقاژێ بێ شوناسە هەر

تـەنیـا چـەند ڕووخسارێکی دیـارکراو دەردەکـەوێت، پـۆنـتـیـڤین و هـەندێ دۆستی گیانی بەگیانیی تر، بەهەندێ کەیفخۆشییەوە چاودێریی سەراپای دیمەنەکە دەکەن، چاودێریی ڤینسینت و جوولی و ئەو چەردە خەڵکە ڕمۆکەیش دەکەن کە دەوری داون. ڤینسینت وشەکانی خۆی بۆ ئەوان بـەهـاوارەوە دەردەپـەڕێنێت. تـەنـیـا نـیـازیشی دەسـتـەبـەرکردنـی سـتـایش و خۆشنوودیی ئەوانە.

"سانـێرگـێیـانـە سوارم نـابیت!" جوولـی کـە لـە هـەقیقـەتدا هـیـچ شتێك دەربـارەی پۆنتیڤین نـازانێت ئەو گوزارەیە دەردەبڕێت، بەڵام ئەو خۆیشی ئـەو گـوزارەیـە بـۆ ئـەوانـە دەردەبـڕێت کـە لـەوێنـدەردا نین، بـەڵام دەشێ لەوێندەر بن. داخۆ ئارەزووی دڵپەسەندی ئەوان دەکات؟ بەڵێ، بەڵام هەر تـەنـیـا بـۆ بـەختـەوەرکـردنـی ڤـینسنیت ئـەوەی دەوێت. دەیـەوێت لـە لایـەن جەماوەرێکی نەزانراو و نەبینراوەوە چەپڵەی بۆ لێ بدرێت بۆ ئەوەی ئەو پیاوە خۆشی بوێت کە بۆ ئەو شەوە و –کێش دەزانێت؟ – لەوانەیە بۆ چـەنـدەهـا شەوی دیکـەیش هـەڵـی بژاردبـێ. بـەدەوروبـەری ئـەستێڵـەکـەدا ڕادەکـات و مـەمـکـەکـانیشی شادحـاڵانـە بـەلای ڕاست و بـەلای چـەپـدا دەلەرێنەوە. هەتا دێ وشەکانی ڤینسینت ڕەقتر و ڕەقتر دەبن، هەر تەنیا سروشتـە مـیـتـافـۆرییـەکـەیـان دومـانێکی تـەنك بـەسەر بـازاڕیـەتـییـە بـێ پەردەکەیـان دا دەدات.

"وەکو بزمار چووکمت تێ دەخەم و بەدیوارەکەوە دەتکوتم!"

"بەهیچ شوێنێکەوە نامکوتیت!"

"ئا لەوێ بەساپیتەی حەوزەکەدا بەچوار مێخە کێشراوی هەڵت دەواسم!"

"بەچوار مێخە کێشراوی لەوێدا هەڵناواسرێم!"

"کونی قنگت وا هەڵدەدڕم و دەیکەمەوە کە هەموو دنیا بیبینێت!"

"هەڵی نادڕیت و نایکەیتەوە!"

″هەموو کەسێك کونی قنگت دەبینێت!″

جوولی دەقیژێنیٚ: ″هیچ کەسێك کونی قنگم نابینێت!″

ئا لەو دەمەدا، هەمدیس، گوێیان لەو دەنگە دەبێتەوە کە ویٚ دەچێت نزیکییان هەنگاوە سووکەکانی جوولی پڕکێش بکەن، ئەمەیش وا دەگەیەنێت کە پێویستە ڕاوەستێت، بەدەنگێکی بەرز و تیژەوە دەست بەزریکە و قیژەقیژ دەکات، وەکو ئەو ئافرەتەی کە خەریکە بەتۆپزی لاقە دەکرێت. ڤینسینت پەلاماری دەدات و پێکەوە دەکەونە سەر عەرزەکە. چاوەکانی داپچڕاوە، تەماشای دەکات، چاوەنۆڕی تێخستنێك دەکات کە بڕیاری داوە بەرهەڵستی نەکات. لاقەکانی بڵاو دەکاتەوە. چاوەکانی وێك دەهێنێتەوە و سەریشی تۆزقاڵێك بەرەو ئەملا وەردەچەرخێنیٚ.

٣٤

تێخستنەکە نەهاتە دی. نەهاتە دی؛ چونکە ئەندامەکەی ڤینسینت وەکو چەلیکێکی کێویلەی پەژمووردە چکۆلانەیە، وەکو ئیسکیفی(١٠٣) داپیرەگەورەیەك وایە.

بەڵام لەبەرچی هێندە بچکۆلانەیە؟

ڕاستەوخۆ ئەو پرسیارەم ئاراستەی ئەندامەکەی ڤینسینت کرد و بەسەرگەشتەییەکی ڕوون و ئاشکراوە وەڵامی دایەوە: «جا بۆچی بچکۆلانە نەبم؟ هیچ پێداویستییەك لە گەورەبوونمدا نابینم! بڕوام پیٚ بکە لە هەقیقەتدا ئەم بیرۆکەیە بەکەڵکەڵەی مندا ختوورەی نەکرد! هەراسانیش نەبووم. من و ڤینسینت هەردووکمان چاودێریی ئەو ڕاکردنە ڕمۆکەی ئەومان کرد بەدەوری حەوزەکەدا و بەتاسەشەوە بووم تا ئەوە ببینم کە دواتر چی ڕوودەدات! شتێکی زۆر خۆش بوو! ئێستاکە ئیدی

---

(١٠٣) Thimble: پەنجەوانە. کلکەوانە. ئەنگوشتانە.

ڤـینسیـنت بـەزایـەند سستـی  تـاوانـبـار دەکـەیت! داوای لێبووردن دەکـەم! ئەوەیش باری وەحشەتناکی گوناهباریم دەخاتە ئەستۆ و ئەمەش زوڵمە، چونکە پێکەوە لە هاوئاهەنگییەکی تەواودا هەڵدەکەین، سوێندیشت بۆ دەخۆم کە من و ئەو هەرگیز یەکدیمان شەرمەندە نەکردووە! هەمیشە شانازیم بەوەوە کردووە و ئەویش شانازیی بەمنەوە کردووە!»

ئەندامەکەی ڕاستی دەکرد. لە واقیعیشدا، ڤینسینت زیاد لە پێویست بەو ڕەفتـارەی تـەنگـەتـاو نـەبـوو. ئـەگـەر ئـەنـدامـەکـەی بـەو شێوەیـە لـە نێو تـایبـەتمەندیـەتی ئـەپـارتمانـەکـەی خۆیدا هـەڵسوکـەوتی بکـردبـایـە، ئەوا قـەتـاوقـەت نـەیـدەبـەخشی. بـەڵام ئـا لـەم بـارودۆخـەدا، حـەز دەکـات وای دابنێت کە پەرچەکردارەکەی ماقووڵە و ڕەنگە تا ڕادەیەك گونجاویش بێت. بۆیە بڕیار دەدات کاروبارەکان هەروەکو خۆیان قبووڵ بکات و دەستیش دەکات بەوێناکردنی جووتبوونێکی خەیاڵی. جوولیش نە تەنگەتاوە و نە نائومێدیشە. لەسەر جەستەی خۆیدا هەست بەجووڵانەوەکانی ڤینسینت دەکات و هەست بەهیچ نەکردن لە ناو گیانیدا وەکو شتێکی عەجایەب درك پـێ دەکـات، بـەڵام هـەمـوو شتێکیش پـەسنـدکـراو لـە قـەڵـەم دەدرێت و بەجووڵانەوەکانی خۆی وەڵامی کوت لێدانە خەفەکراوەکانی عاشقەکەی دەداتەوە.

ئەو دەنگانەی گوێبیستی بووبوون دوور کەوتنەوە، بەڵام دەنگێکی نوێ لـە فـەزای سەدا دانـەوەی مـەودای حـەوزەکـەدا دەنگ دەداتـەوە، دەنـگـی هەنگاوی ڕاکردوویەکە کە زۆر لە نزیکیانەوە تێ دەپەڕێت.

هەناسەبڕکێی ڤینسینت بەلەزتر و بڵندتر دەبێت، دەناڵێنێ و دەبۆڕێنێ، هـاوکـات جـوولـی هـینـکـە هـینـکـی دێت و هـەنـیسك دەدات، بـەشێکـی لەبەرئەوەی جەستە تەڕەکەی ڤینسینت جار دوای جار دەکەوێت بەسەریدا و عـەزیـەتـی پـێ دەگـەیـەنێت، بـەشێکیشی لـەبـەرئـەوەی ئـەوە شێوەی کاردانەوەی ئەو بوو بۆ نەڕەنەڕەکەی ڤینسینت.

زانا چیکییەکە لە دواساتدا چاوی پێیان کەوت، نەیتوانی خودداریبان لێ بکات. بەڵام وەکو ئەوەی لەوێ نەبن ڕەفتار دەکات و هەوڵ دەدات چاو ببڕێتە شوێنێکی تر. دەستەپاچەیە، هێشتاکە لەگەڵ ژیانی ڕۆژئاوادا ئاشنا نییە. لە ئیمپراتۆریەتی کۆمۆنیستدا، جووتبوون لەسەر لێواری حەوزی مەلەکردندا شتێکی مەحاڵ بوو. وەکو، هەر بۆ ئا ئەو مەسەلەیە، شتگەلێکی فرەی دیکەیش کە دەبێ ئێستاکە ئیدی بەدان بەخۆداگری و هێمنییەوە فێریان ببێت. دەگاتە لایەکەی تری حەوزەکە و هەوەسێکی ناگەهان دای دەگرێت ئاوڕ بداتەوە و لانی کەم سەیرێکی بەپەلەی ئەو جووتە بکات کە لە حاڵەتی جووتبووندان. چونکە شتێك هەیە سەرقاڵی دەکات: ئەویش ئەوەیە ئاخۆ ئەو پیاوەی کە خەریکی سێکس کردنە، لەشولاری لە حاڵ و بارێکی جواندایە؟ چ شتێکیش بۆ بنیاتنانی لەشولاری بەسوودترە، پراکسیسی سێکس یاخۆ کاری دەستی و جەستەیی؟ بەڵام خۆی جڵەوگیر دەکات، چونکە نایەوێت بەچاوباشقاڵ و لاپرەسەن لە قەڵەم بدرێت.

لە سەر لێوارەکەی بەرامبەردا ڕادەوەستێت و دەکەوێتە مەشقە وەرزشییەکانەوە، سەرەتا هەر لەو جێگەیەدا ڕادەکات، چۆکەکانی زۆر بەرز هەڵدەبڕێت، ئینجا لەسەر دەستەکانی ڕادەوەستێت و قاچەکانیشی لە حەوادا ڕادەگرێت، بەمنداڵی فێری ئەوە بووبوو کە ئەو پۆزە جومناستیکییە دەستەبەر بکات کە پێی دەوترا "ڕاوەستان لەسەر دەست"، ئەمڕۆیش هەر وەکو ئەو کاتانەی جاران بەهەمان کارامەیی ئەنجامی دەدات. پرسیارێك بەهەزریدا دێت: چەند دانە لە زانا فەرەنسییە مەزنەکان پێیان دەکرێت بەهەمان ئەو شێوەیەی کە ئەم دەیکات ئەنجامی بدەن؟ ئەی چەند دانەیش

لە وەزیرەکانی کابینەی دەوڵەت؟ کە بەزنجیرە وێنای هەموو ئەو وەزیرانە دەکات کە بەناو و شێوەش دەیانناسێت، تەقەلا دەدات ئا لەو ڕۆژەدا، پارسەنگانە لەسەر دەستەکانیاندا وێنایان بکات، هەرکە دەیانبینێت، تەواو بەلاوازی و حەپۆلبوونیان قایلە. دوای ئەوەی حەوت جار ڕاهێنانی ڕاوەستان لەسەر دەست ئەنجام دەدات، تەخت لە سەر سکی خۆی ڕادەکشێت و ئینجا بەهۆی باسکەکانییەوە خۆی بەرز دەکاتەوە.

٣٦

نە جوولی و نەیش ڤینسینت گوێ بەوە نادەن کە لە دەوروبەریاندا ڕوو دەدات. خۆپیشاندەر نین، هەوڵی ئەوە نادەن هەستی خۆیان بەهۆی تێڕامانی خەڵکانی ترەوە بورووژێنن، ئەو تێڕامانە بەکێش بکەن، یاخۆ چاودێریی ئەو کەسە بکەن کە چاودێرییان دەکات، ئا ئەمە ئۆرجییەك نییە کە ئەوان کارڕاییی دەکەن، هەر تەنیا نمایشێکە و لەکاتی پێرفۆرمەنسەکەدا ئەکتەرەکان تەقەلا دەدەن کارێك بکەن چاویان بەچاوانی جەماوەر نەکەوێت، هەتا جوولی لە ڤینسینتیش زیاتر، لەسەر ئەوە پەیگیرە کە هیچ شتێك نەبینێت، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو تێڕامانەی کە ئێستا هات و لەسەر ڕوخساریدا سەقامگیر بوو گەلێك لەوە قورستر بوو کە هەستی پێ نەکات.

چاوەکانی هەڵدەبڕێت و دەبینێت: ژنەکە دەستەجلێکی سپی دانسقەی لەبەردایە و چاوی تێ بڕیوە، تێڕامانەکەی زۆر سەیرە، دوورە، بەڵام پڕکێشە، ئێجگار پڕکێشە، پڕکێشە وەك نائومێدی، قورسە وەك گوتەی "نازانم چی بکەم"، لە ژێر ئەم قورساییەشدا، جوولی وەك بڵێی هەست بەئیفلیجی بکات. بزووتنەوەکانی هێواشن، ساتمە دەدات، ڕادەوەستێت و، ئینجا دوای چەند هینکەهینکێ بێدەنگ دەبێت.

ئافرەتە سپی پۆشەکە لەگەڵ مگێزیکی نائاسایی هاوارکردندا ململانێ

دەکات. نایشتوانێت خۆی لەو مگێزە قوتار بکات، کە لە ڕاستیدا ئەمەندە بەهێزە ئەو پیاوەی کە ئەو دەیەوێت هاواری بەسەردا بکات نایبیستێت. لە پڕێکدا، دوای ئەوەی کە چیدی لە توانایدا نییە دان بەخۆیدا بگرێت، زریکەیەك دەردەپەڕێنێت، زریکەیەکی زۆر تیژی ترسناك.

جوولی دەستبەجێ لە سڕبوونەکەی خۆی بەئاگا دێتەوە و سەرپێ دەکەوێت، دەرپێکەی دەقۆزێتەوە و لەبەری دەکات، بەپەلەپڕووزێ خۆی بەجلوبەرگە پەرش و بڵاوەکانی دادەپۆشێت و بەغار تێی دەتەقێنێت.

ڤێنسینت لەسەرخۆترە. سەرەتا پیراهەنەکەی، ئینجا پانتۆڵەکەی دەقۆزێتەوە، بەڵام دەرپێکەی لە هیچ جێگەیەکی دەوروپشتیدا نابینێتەوە. لە دووریی چەند هەنگاوێکیشەوە، پیاوێکی بێجامە لەبەر بێ جووڵە ڕاوەستاوە، هیچ کەسێك نای بینێت و ئەویش هیچ کەسێك نابینێت، ئا بەو تەرزە تەرکیزی کردووەتە سەر ئافرەتە سپیپۆشەکە.

## ٣٧

نەیدەتوانی لە بیرۆکەی ئەوەی کە «بێرك» ڕەتی کردبووەوە چاوپۆشیی بکات، بۆیە بۆ دەمارگرتنی، ئەم بیرۆکە شێتانەیەی هەبوو، کە لە بەردەمیدا بەبەرگە سپییەکەیەوە نمایشی جوانییەکەی خۆی بکات ″دەبێ جوانییەکەی ئیماکیولاتا سپی بێت؟″ بەڵام بە گوزەرکردنی بەداڵان و لۆبییەکانی شاتۆکەدا هیچ شتێکی بەدەست نەهێنا، چونکە بێرك لەوێ نەمابوو، وێنەگرەکەیش وەکو گەمژەیەکی ئوفتادە بەبێدەنگییەوە دوای نەکەوتبوو، بەڵکو بەدەنگێکی بەرز و ناخۆشەوە بۆی دەدوا. ڕاستە لە ڕاکێشانی سەرنجدا سەرکەوتبوو، بەڵام ڕاکێشانی سەرنجێکی قێزەون و گاڵتەجاڕانە، بۆیە هەنگاوی بەپەلەی هەڵنا، ئەئاوا، بەڕاکردن، گەیشتە ڕۆخی حەوزەکە، لەوێدا ڕووبەڕووی کەپڵێك بووەوە کە خەریکی سێکسکردن بوون و ئینجا هاوارە بێ هاوتاکەی خۆی دەرپەڕاند. ئەو

هـاوارە بەئاگای هێنایەوە، ئێستاکە ئیتر بەڕوونییەکی تەواوەوە کتوپڕ ئەو داوە دەبینێت کە لە دەوروبەریدا تەنگ دەبێتەوە، تاقیبکەرەکەی لە دواوەیە و ئـاوەکـەیش لـە بـەردەمـیـدایـە. زۆر بـە بـاشی پـەی بـەوە دەبـات کـە ئـەم ئابلۆوقەیە ڕێی چوونە دەرەوەی تێدا نییە، پەی بەوە دەبات کە تاکە ڕێی فەراهەمی چوونە دەرەوە بۆ ئەو ڕێیەکی شێتانەی چوونە دەرەوەیە، پەی بەوە دەبات کە تاقە هەڵسوکەوتی بەجێ و ماقووڵ کە بۆی مابێتەوە بـیـکـات بـێگـومـان هـەڵسوکـەوتـێکـی شێتـانـەیـە، بـۆیـە بـەهـێزی تـەواوی ئیرادەکەی خۆی شێتیی هەڵدەبژێرێت، دوو شەقاو بەرەو پێشەوە دەنێت و خۆی دەهـاوێتە نێو ئاوەکەوە. ئەو شێوەیەی کە خۆی پێ هـاویشت گەلێك سەیر و ڕمۆك بوو: بەپێچەوانەی هینەکەی جوولییەوە، ئەم زۆر بەچاکی ئـەوەی دەزانـی کـە چـۆن خـۆی نـقـوم بـکـات. لـەگـەڵ ئـەوەیشدا سەرەتـا بەپێیەکانی چووە ناو ئاوەکەوە و قۆڵەکانیشی کەمتەرخەمانە لە دەرەوەدا مانەوە.

لەبەرئەوەی هەموو هێماکان لەودیوی وەزیفەی پراکتیکیی خۆیانەوە ئەو مانایانەیان هەیە کە لە مەبەستی ئەوانە دەچنە دەرەوە کە ئەنجامی دەدەن، کاتێك ئەو خەڵکەی کە لە کۆستیوومی مەلەکردندان و خۆیان دەهاوێژنە نێو ئاوەوە، بەردەوام خودی شادی لە نێو هێماکانیاندا بەدی دەکرێت، سەرەڕای هـەمـوو خـەمـبـاریـیـەکـیش کـە لـە هـەقیـقـەتدا دەشێ مەلەوانەکان هەستی پێ بکەن. بەڵام کە یەکێك بەسەرتاپای جلەکانییەوە خۆی دەهاوێتە نێو ئاوەوە، ئەوە مەسەلەیەکی تەواو جیاوازە، ئەو تاقە کەسەی کە بەتەواوی جلوبەرگەکانی خۆیەوە خۆی دەهاوێتە نێو ئاوەوە، کـەسێکـە هـەوڵ دەدات نـقـوم بێت، ئـەو کـەسەیش کـە هـەوڵـی نقومبوون دەدات، سەرەتا سەری خۆی نقوم ناکات، بەڵکو لە خۆی دەگەڕێت بکەوێت، چونکە زوبانی باستانیی جووڵە و ئیشارەتەکان ئاوا دەڵێت.

جا بۆیە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئیماکیولاتا مەلەوانێکی بێ هاوتایە، کەچی

بە کراسە نایابەکەیەوە هەر تەنیا ئەوەی پێ دەکرێ کە بەشێوەیەکی ناقۆڵا خۆی بهاوێتە نێو ئاوەکەوە. ئەوەتا ئیدی لەبەر نەبوونی هۆیەکی بەجێیش خۆی لە نێو ئاوەکەدا دەبینێتەوە، ئا لەوێدایە، لە ژێر هەژموونی ئەو ئیشارەتەدایە کە ماناکەی هێدی هێدی ڕۆحی لێوانلێو دەکات، هەست بەوە دەکات کە مومارەسەی خۆکوژییەکەی خۆی و نوقومبوونەکەی خۆی دەکات و هەرچی شتێکیش کە لە ئێستا بەدواوە پێی هەڵدەستێت هەر تەنیا دەبێتە سەمایەکی بالێ، دەبێتە پانتۆمایمێك کە لە میانییەوە ئیشارەتە تراجیدییەکەی زوبانە گۆنەکەرەکەی خۆی بەربڵاوتر دەکاتەوە.

دوای کەوتنە نێو ئاوەکەوە، قیت و ڕاست ڕادەوەستێت. ئا لەو شوێنەدا حەوزەکە زۆر قووڵ نییە، ئاوەکە دەگاتە نێوقەدی، بۆ چەند ساتێك ئاوها دەمێنێتەوە، سەری بەرزە و جەستەی نوشتاوەتەوە. ئینجا دووبارە خۆی دەداتەوە دەست کەوتن. دەسماڵێك لە جلەکەیەوە خۆی ڕەها دەکات و وەك چۆن یادەوەرییەکان لە دوای مردووانەوە دەردەکەون ئە ئاوها لە دوایەوە سەر ئاو دەکەوێت. دووبارە ڕادەوەستێتەوە، سەری نەختێك بۆ دواوە لاربووەتەوە، قۆڵەکانی بڵاو کردوونەوە وەك ئەوەی هەوڵی ڕاکردن بدات، چەند هەنگاوێك دەچێتە پێشەوە، بۆ ئەو شوێنەی کە عەرزی حەوزەکە تێیدا لێژ دەبێتە خوارەوە، ئینجا دیسان دەچێتەوە ژێر ئاوەکە. ئە ئاوا بەرەو پێشەوە دەڕوات، وەکو گیانداریکی ئاوی، وەکو مراوییەکی ئەفسانەیی کە لێ دەگەڕێت سەری لە ژێر ئاوەکەدا پێوار بێت و ئینجا دواتر بەرزی بکات و بۆ لای سەرەوە لاری بکاتەوە. ئەم جووڵانەوانە بۆ ژیان لە بەرزاییەکاندا، یاخۆ ونبوون لە قووڵاییە ئاوییەکاندا، گۆرانیی تاسە و ئارەزوو دەچڕن.

پیاوە پێجامە لەبەرەکە لەپڕا دەکەوێتە سەر ئەژنۆکانی و دەداتە گریە و زاری: "بگەڕێوە، بگەڕێوە، من تاوانکارم، من تاوانکارم، بگەڕێوە!"

لە لایەکی تری حەوزەکەدا، نزیك ئا ئەو شوێنەی کە ئاوەکە تێیدا قووڵترە، زانا چیکییەکە شناوی دەکرد و بەسەرسامییەکی بێ ئەندازەوە چاودێریی دەکرد: سەرەتا پێی وابوو کە ئەو جووتە تازە گەیشتووە بۆ ئەوە هاتبوون بەشداریی ئەو کەپڵە بکەن کە بەسێکسکردنەوە خەریکبوون و ئا ئەوەیش کە سەرەنجام یەکێکی ئا لەو ئۆرجییە ئەفسانەییانە دەدیت کە گەلێکی لە بارەوە بیستبوون، کاتێك کە لەسەر سکافۆڵدینگەکانی(١٠٤) ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی کۆمۆنیستدا کاری دەکرد. هەتا بەهۆی لوتف و ناسکیشەوە وای بۆ چوو لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە جووتبوونی بەکۆمەڵی تێدا ڕوودەدات پێویستە لەسەری دەوروبەری حەوزەکە بەجێ بێڵێ و بۆ ژوورەکەی خۆی بچێتەوە. بەڵام ئەو قیژە و هاوارە گوێچکەکانی سمی و قۆڵەکانی لەیەك ئاڵان و هەر بەو شێوەیە مایەوە وەك ئەوەی بووبێت بەبەرد، سەرباری ئەوەش کە هەر تەنیا هەژدە شناوی کردبوو پێی نەکرا لەسەر مەشقەکانی بەردەوام بێت. ئافرەتە سپیپۆشەکە، بەبەرچاوەکانیەوە کەوتە ناو ئاوەکەوە و دەسماڵێکیش بەدوایەوە پێ بەپێ لەگەڵ چەند گوڵێکی دەستکردی بچکۆلانەی شین و پەمەیی دەستی بەسەر ئاوکەوتن کرد.

لە ئاکامدا زانا چیکییەکە کە قەد و باڵای ڕاوەستاو و بێ جووڵەیە ئەوە تێ دەگات کە ئەم ئافرەتە نیەتی ئەوەیە خۆکوژی بکات. هەوڵ دەدات سەری لە ژێر ئاوەکەدا بهێڵێتەوە بەڵام ئیرادەی بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەهێز نییە و بۆیە پەیتا پەیتا و جار دوای جار هەڵدەستێتەوە سەرێ. ئەوەتانێ شایەدحاڵی خۆکوژییەکی ئاوایە کە پێشتر هەرگیز وێنای نەکردووە. ڕەنگە ئافرەتەکە دڵی تێك هەڵبێتەوە، یاخۆ بریندار بێت یان جێ پێی

(١٠٤) scaffolding: داربەستی خانوو دروستکردن. داربەندی خانووسازی.

هەڵگیرابێت، جار دوای جار هەڵدەستێت و لە ژێر ئاوەکەدا بزر دەبێتەوە، بێگومان لەوانەیە مەلە نەزانێت، هەرکە پێ بەپێی سەرەولێژی حەوزەکەش دەچێتە پێشەوە، هەر جارەی قووڵتر و قووڵتر دادەگەڕێتە خوارێ، بەرادەیەك کە هێند نابات ئاوەکە بەتەواوەتی دای دەپۆشێت و لەبەر تێڕامانی پاسیڤی پیاوێکی پێجامە لەبەردا دەمرێت کە لە ڕۆخی حەوزەکەدا چۆکی داداوە، چاودێریی دەکات و دەگریەت.

زانا چیکییەکە چی تر ناتوانێت درێژە بەدوودڵییەکەی خۆی بدات، هەڵدەستێت، بەسەر ئاوەکەدا دەنووشتێتەوە، قاچەکانی قەمچ بوونەتەوە و باسکەکانیشی لە دوایەوە کێشمانن.

پیاوە پێجامە لەبەرەکە چی تر ئافرەتەکە بەدی ناکات، بەڵام شیفتەی جەستەی ئەو پیاوە نەناسراوە – بەژن بڵندە، بەهێزە، بەشێوەیەکی عەجایەب نارێکوپێکە-یە کە ڕاستەوخۆ لەوبەری ئاوەکەوە هەمبەری دەوەستێت، کە ڕەنگە هەر پازدە مەترێك لێیەوە دوور بێت، خەریکە خۆی هەڵقورتێنێتە نێو ئەو درامایەی کە هیچ پێوەستییەکی بەوەوە نییە، ئەو درامایەی کە پیاوە پێجامە لەبەرەکە بەغیرەکردنێکەوە بۆ خۆی و بۆ ئەو ئافرەتە دەیپارێزێت کە خۆشی دەوێت. چونکە هیچ گومانێك لە بارەی ئەوەوە نییە کە خۆشی دەوێت، کینە تۆزییەکەشی هەر تەنیا کاتی و زوو گوزەرە، چونکە ئەو توانایەی نییە بەڕاستی و بەردەوام قینی لێ بێتەوە هەتا ئەگەر ببێتە هۆی ژان و ئازار چەشتنیشی. ئەوە دەزانێت کە ئەو لە ژێر حوکمی هەستەوەرییە چەمووش و نالۆژیکییەکەیدا هەڵسوکەوت دەکات، ئەو هەستەوەرییە مۆجیزە ئاسایەی کە ناتوانێت لێی حاڵی بێت، بەڵام ڕێزی لێ دەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەر لە ماوەیەك کەڵەکەیەك بەدرەفتاری بەرامبەر کردبوو، بەڵام لە ناخی دڵەوە لەو بڕوایەدا بوو کە بێ گوناهە و لە ڕاستیدا یەکێکی تر بەرپرسیاری ناکۆکییە کتوپڕەکەیانە. نازانێت کێیە، نازانێت لە کوێ بیدۆزێتەوە، بەڵام سوورە لەسەر ئەوەی

ونجڕ ونجڕی بکات، لەو حاڵ و بارە دەروونییەدا دەڕوانێتە پیاوەکە کە بەشێوەیەکی وەرزشکارانە بەسەر ئاوەکەدا نووشتاوەتەوە، وەك بڵێی هیپنۆتیزە کرابێت، دەڕوانێتە لەشولاری بەهێزە، ماسوولکە- ئەستوورە و بەشەکانیشی بەشێوەیەکی سەمەرە جیا و نەگونجاون، ڕانەکانی پانوپۆڕ و ئافرەتانەن و پووزەکانیشی قەبە و ناقۆلان، جەستەیەکە هەروەکو بەرجەستەبوونی زوڵم ئەبسێردە. هیچ شتێك دەربارەی ئەم پیاوە نازانێت، بۆ بڕوا پێ نەکردنیشی هیچ سۆنگەیەکی نییە، بەڵام لەبەرئەوەی ئازار چەشتن کوێری کردووە لەم مۆنیومێنتی درێوییەدا بێجگە لە وێنەی کلۆڵییە لە گوزارشت بەدەرەکەی خۆی بەولاوە چی دی نابینێت و ڕق و کینەیەکی لە شکست نەهاتوو بەرامبەر بەو پیاوە دەستی بەسەردا دەگرێت.

زانا چیکییەکە خۆی نقوم دەکات و بەچەند تەکانێکی هێزدار لە ئافرەتەکە نزیك دەکەوێتەوە. پیاوە پێجامە لەبەرەکە دەشیرێنێ: ″وازی لێ بێنە!″ و ئەویش خۆی هەڵدەداتە ناو ئاوەکەوە. زاناکە هەر تەنیا دوو مەتر لە ئافرەتەکەوە دوورە و قاچەکانیشی لە عەرزەی نێو حەوزەکە دەدەن.

پیاوە پێجامە لەبەرەکە بەرەو لای مەلە دەکات و دیسانەوە دەشیتێنێت: ″وازی لێ بێنە! دەستی لێ مەدە!″

زانا چیکییەکە دەستێك لە ژێر جەستەی ئافرەتەکە ڕایەڵ دەکات و لەو ئانەدا ئافرەتەکە لەگەڵ دەرپەڕاندنی ئاهێکی دووروودرێژدا گرموڵە دەبێت.

ئێستاکە ئیدی پیاوە پێجامە لەبەرەکە پێیان گەیشتووە و دەڵێت: ″بەرەلای کە ئەگینا دەتکوژم!″

لە میانەی فرمێسکەکانیشییەوە، هیچ شتێك لە بەردەمی خۆیدا نابینێت، لە شەبەنگێکی دەعجا و بەولاوە شتێکی تر نابینێت. شەپیلکێکی دەگرێت و بەتوندی ڕای دەوەشێنێت. زاناکە پارسەنگی خۆی ون دەکات و ئافرەتەکە لە دەستەکانی بەردەبێتەوە. هیچ یەکێکیان بیرێکی تری لێ ناکاتەوە.

بەڵام ئەو بەرەو لای قاڵدرمەکە مەلە دەکات و پێیدا سەر دەکەوێت. زاناکە تەماشای چاوە پڕ لە قینەکانی پیاوە پێجامە لەبەرەکە دەکات و چاوەکانی خۆشی بەهەمان قین دەدرەوشێنەوە.

پیاوە پێجامە لەبەرەکە لەوە زیاتر خۆی پێ ناگیرێت و دەکەوێتە پێداکێشان و لێدانی.

زاناکە هەست بەئازاری دەمی دەکات. بەزمانی ددانێکی پێشەوەی بەسەر دەکاتەوە و پەی بەوە دەبات کە ددانەکەی شلۆقە، ئەمە ددانێکی دەستکردە و زۆر بەسەختی کاتی خۆی لە لایەن دانسازێکی پراگەوە بەبێخەکەوە مەحکەم و توند کراوە و لەملا و لەولاشیدا ددانی دەستکردی تری جێگیر کردووە، دانسازەکە، لێبڕاوانە ئەوەشی بۆ شرۆڤە کردووەتەوە کە ئەم ددانە دەبێتە پاڵپشتێك بۆ ئەوانی تر و ئاگەداری ئەوەیشی کردووەتەوە کە ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان لە کیسی بدات، ئەوا مەحکومی دانانی تاقمێك ددان دەبێت، شتێك کە زانا چیکییەکە ئێستا بەسڵێکی لە ڕادەبەدەرەوە تێی دەفکرێت. زمانی ددانە لەقەکە تاقی دەکاتەوە و ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێت، سەرەتا لەبەر ئازار و دواتریش لە بەر خەشم و توورەیی. سەراپای ژیانی لەبەردەمیدا ڕادەپەڕێت و ئەو ڕۆژە بۆ دووەمین جار ئەشك چاوەکانی لێوانلێو دەکەن، بەڵێ دەگریەت و لە قووڵاییی ئا ئەو فرمێسکانەشەوە بیرۆکەیەك بەرەو سەری بەرز دەبێتەوە، هەموو شتێك لە دەست چووە، ئەوەی کە بۆی ماوەتەوە هەر تەنیا ماسوولکەکانیەتی، بەڵام ئەو ماسوولکانە، ئەو ماسوولکە زەبوونانە چ سوودێکیان بۆی دەبێت؟ پرسیارەکە وەکو سپرینگێك قۆڵی ڕاستەی دەخاتە جووڵانەوەیەکی ترسناکەوە، ئا لەوەوە سیخورتمەیەك دەردەچێت، سیخورتمەیەك کە بەقەدەر خەم و خووسەی تاقمە ددانێك گەورەیە، بەقەدەر نیو سەدە گانکردنی کێوییانەی قەراخی هەموو حەوزەکانی مەلەکردنی فەرەنسا گەورەیە. ئینجا پیاوە پێجامە لەبەرەکە لە ژێر ئاوەکەدا بزر دەبێت.

هـەرەسهێنـانـەکـەی هـێنده بـەلـەز و سەرتـاپـاگـیر هـاتـە دی، زانـاکە پێی وابـوو کـوشتـوویـەتـی، پـاش چرکـەساتـێکـی سەرسامـبـوونـیش، بـەسەریدا نووشتایەوە، هەڵی گرت، چەند زللەیەکی هێواشی بەدەموچاویدا کێشا، پیاوەکە چاوەکانی ئاواڵە کردەوە، تێرامانە گەمژانەکەی لەسەر تارماییە دەعجاوەکەدا گیرسایەوە، ئەوسا خۆی ڕەها کرد و بەرەو لای قاڵدرمەکە مەلەی کرد، تا بەئافرەتەکە بگات.

٣٩

لەسەر قەراخی حەوزەکەدا کروشکە کردوو بەئاگاوە چاودێریی شەڕ و هەرەسهێنانی پیاوە پێجامە لەبەرەکەی دەکرد. هەرکە ئەو بەسەر ڕۆخی کاشیکراوی حەوزەکەدا سەردەکەوێت، ئەم هەڵدەستێت و بەرەو قادرمەکە دەڕوات، بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، بەڵام بەهێواشییەکی ئەوتۆوە دەڕوات تا ئەو دوای بکەوێ. ئاوا بێ ورتە، بێ ڕادە تەڕ و خووسا و لۆبییەکە دەبڕن ″ کە زۆر دەمێکە چۆڵ کراوە″ و بەرەو ژوورەکەیان ڕاڕەوەکان دەگرنەبەر. جلوبەرگەکانیان ئاویان لێ دەچۆڕێتەوە، لە سەرماندا هەڵدەلەرزن، بێگومان دەبێ جلەکانیان بگۆڕن.

– ئەی دوای ئەوە؟

مەبەستت چییە لە «دوای ئەوە»؟ ئایا پراوەی سێکس دەکەن، وای بۆ چوویت؟ ئەوشۆ بێدەنگ دەبن، هەر وەکو کەسێك نارەوایی لەگەڵدا کرابێت نـەخـتـێك دەبـۆڵـێنـێ. ئـاوا دەشێت هـەمـوو شتـێك بـەردەوام بـێت و ئـەو شانۆگەرییەش کە ئەوشۆ بۆ یەکەمین جار نواندیان لە ڕۆژ و هەفتە هاتووەکاندا دووبارە بێتەوە. بۆ ئەوەیش کە دەری بخات لە سەرووی هـەمـوو بـەرەڵایـی و بـازاڕیـیـبـوونـێکـەوەیـە، لـە سەرووی ئـەو دنـیـا ئاساییەوەیە کە دەیبێزێت، دووبارە چۆکدادانی بەسەردا دەسەپێنێتەوە، ئـەویش لـۆمـەی خـۆی دەکـات و دەگـریـەت، نـەك هـەر ئـەمـە بـەڵکو ئێسك

قورستریش دەبێت، بەنمایشکردنی ناپاکییەکانی دەیکات بەگەواد، عەزابی دەدات، ئەویش هەوڵ دەدات بەرپەرچی ئەو دژایەتییە بداتەوە، قسەی ڕەق و هەڕەشەئامێز بێت، پێداگرە لەسەر ئەوەی شتێکی ئەوتۆ بکات کە باسکردنی شیاو نەبێت، ئینجانەیەك ورد و خاش دەکات، بەهاوارەوە کۆمەڵێ سووکایەتیی دزێو و پیس دەردەپەڕێنێ، کە لە سەرەنجامی ئەوەیشدا بەترسێکی ساختەوە خۆی دەنوێنێ و بەڕەپیست و دڕندە و پەلامارەدەر تاوانباری دەکات، دووبارە دەکەوێتەوە سەر ئەژنۆکانی و دیسان دەگریەتەوە، دووبارە گوناهباریەتیی خۆی ڕادەگەیەنێت، ئەوسا لێی دەگەڕێت لەگەڵیدا بخەوێت و ئاوهایش بۆ حەفتە و مانگ و ساڵەکان و هەتا هەتایە دەمێننەوە.

٤٠

ئەی زانا چیکییەکە؟ زوبانی بەددانە لەقەکەوە چەسپ بووە و بەخۆی دەڵێت: ئەمە هەموو ئەوەیە کە لە سەرتاپای ژیانم ماوەتەوە، ددانێکی لەق و شڵەژان و خۆتێکدانم بەوەی کە ئیدی دەبێ تاقمە ددانێك بەکار بهێنم. هەر ئەوە و هیچی تر نا؟ هەر ئەوە و تەواو؟ هیچی تر. لە درەوشانەوەیەکی کتوپڕیشدا، سەرانسەری ڕابردووی بۆ بەدیار دەکەوێت، نەك وەکو موغامەرەیەکی باڵا و سوبڵایمی دەوڵەمەند بەبەسەرهاتی دراماتیکی و ناوازە، بەڵکو وەکو بەش بەشی زۆر بچووکی نێو ئەو ڕووداوە تێکقژاوانەی کە بەخێراییەك ئەم هەسارەیەیان بڕی، ئیدی مەحاڵ بوو ڕواڵەتیان ببینرێ، تا ئەو ڕادەیەی کە ڕەنگە لەسەر هەق بووبێت، کاتێك وای لە قەڵەم دا کە هەنگاری بێت یاخۆ پۆڵەندی بێت، چونکە دەشێ لە ڕاستیدا هەنگاری، یاخۆ پۆڵەندی بێت، یاخۆ ڕەنگە تورك بێت، یان ڕووسی بێت، یان هەتا ئەو منداڵەیش بێت کە لە سۆماڵدا لە گیانەڵادایە. کاتێك کە شتەکان بەخێرایی ڕوو دەدەن، هیچ کەسێك ناتوانێت لە بارەی هیچ

شتێکەوە دڵنیا بێت، هەرگیز ناکرێت لە بارەی هیچ شتێکەوە هەتا لە بارەی خۆیشییەوە دڵنیا بێت.

ئەو کاتەی کە شەوەکەی «مەدام دی تی»م وەسف کرد، ئەو هاوکێشە زۆر بەناوبانگەی کە لە یەکێك لە چاپتەرە سەرەتاییەکانی کتێبی ماتماتیکی بوونگەراییدایەم وەبیر هێنانەوە:

پلەی خێرایی ڕاستەوخۆ لەگەڵ زەبر و تینی بیرچوونەوەدا هاوڕێژەیە. دەکرێ ئا لەم هاوکێشەیەوە دەرەنجامگیریی چەندین دەرەنجامی تر بکەین، بۆ نموونە ئەم دانەیە:

سەردەمەکەمان خۆی داوەتە دەست شەیتانی خێرایی و ئەمەیش هۆی بەئاسانی خۆ لە بیرچوونەوەیەتی. ئێستاش ئەو گوزارەیە هەڵاوگێڕ دەکەمەوە و دەڵێم:

سەردەمەکەمان بەئارەزووی لەبیربردنەوە ئاشیفتەیە، هەر بۆ وەدیهێنانی ئەو ئارەزووەش خۆی دەداتە دەست شەیتانی خێراییەوە، پێ هەڵدەگرێت هەتا ئەوەمان پیشان بدات کە چی تر ئارەزووی ئەوە ناکات کەس وەبیری بهێنێتەوە، چونکە لە خۆیشی ماندووە، لە خۆیشی بێزارە و دەیەوێ گڕی بێ تین و بچکۆلانەی یادەوەری بکوژێنێتەوە.

هاووڵاتی ئازیزم، هاوڕێم، ئەی دۆزەرەوەی بەشۆرەتی موسکا پراجینسیز، ئەی کارگەری قارەمانی سەر سکافۆڵدینگەکان، چی تر ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم کە لە نێو ئاوەکەدا ئاوا بێ جووڵە ڕاوەستاو بتبینم! لە سەرما دەمریت! هاوڕێم! برام! واز لە ئەشکەنجەدانی خۆت بێنە! وەرە دەرەوە! بچۆرە نێو جێوبالینگ. خۆشحاڵ بە بەوەی کە لە بیر کراویت. پەنا بەرە بەر شاڵی نەرمونیانی ئەمنیژیای بەکۆمەڵ. چی تر بیر لەو پێکەنینە مەکەرەوە کە برینداری کردیت – ئێستە چی تر بوونی نییە، هەروەکو چۆن ئەو ساڵانەی سەر سکافۆڵدینگەکانت بوونیان نییە و

شکۆمەندیشت وەکو قوربانییەکی چەوسانەوە چی تر بوونی نییە، ئاوا ئەو پێکەنینەیش چی تر بوونی نییە.

شاتۆکە هێمن و ئارامە، پەنجەرەکە ئاوەڵا بکەرەوە بەرامەی درەختەکان ژوورەکەت ژاوە دەکات. هەناسە هەڵکێشە. ئەوانە درەختی تەمەن سێ سەد ساڵەی شابەڕوون. خشە خشەکەیان هەر هەمان ئەو خشە خشەیە کە مەدام دی تی و شێڤالێرەکەی گوێدێری بوون کاتێك کە لەو پەڤیلیەنەی کە ئەوسا لە پەنجەرەکەی تۆوە دیار بوو پراوەی سێکسیان دەکرد، بەڵام ئەفسووس کە ئیدی هەرگیز نایبینیتەوە، چونکە پازدە ساڵ دوای ئەوە لە سەروبەندی شۆڕشی ١٧٨٩دا نوغرۆ کرابوو، هەمووی ئەوەیش کە لێی ماوەتەوە ئەو چەند لاپەڕە کەمەی ڕۆمانەکەی ڤیڤان دینۆنە، کە هەرگیز نەتخوێندووەتەوە و ڕەنگیشە قەتاوقەت نەیخوێنیتەوە.

## ٤١

ڤینسینت دەرپێکەی خۆی نەدۆزییەوە. پانتۆڵەکەی و قەمیسەکەی پۆشییە بەرجەستە تەڕەکەی و بەدوای جوولیدا کەوتە ڕاکردن. بەڵام ئەو زۆر چوست و ئەمیش گەلێك هێواش بوو. بەدالانەکاندا ڕای کرد و پەی بەوە برد کە دیار نەماوە. لەبەرئەوەیش کە نەیدەزانی چۆن ژوورەکەی بدۆزێتەوە، هەستی بەوە کرد کە فرسەتەکانی زۆر لاوازن. بەڵام لە گەڕان بە کاریدۆرەکاندا بەردەوام دەبێت، بەو ئومێدەی کە دەرگەیەك ئاوەڵا بێتەوە و دەنگی جوولی بڵێت: "وەرە، ڤینسینت، وەرە ئێرە". بەڵام هەموو خەوتوون، تەنانەت تاقە دەنگێکیش چییە نابیسترێت. هەموو دەرگەکانیش بەداخراوی دەمێننەوە. بەچپەدووەوە دەڵێت: «جوولی، جوولی!» ئینجا بەدەنگێکی بڵندتر دەسرتێنێ، سرتە سرتەکەی بەهاوارەوە دەردەپەڕێنێ، کەچی هەر تەنیا بێدەنگیی وەڵام دەداتەوە. وێنای دەکات، وێنای سیمای دەکات کە بەهۆی تریفەی مانگەکەوە شەفاف هەڵگەڕا بوو.

وێنای کونی قنگی دەکات. ئای، ئەو کونە قنگەی کە ڕێك لە تەنیشتیدا ڕووت بوو، لە کیسی چوو، بەتەواوەتی لە کیسی چوو. کە نە دەستی لێ دا و نەیشبینی. ئای، ئەو وێنە نایابەی دووبارە بۆ دەگەڕێتەوە و چووکە بەستەزمانەکەشی بەخەبەر دێت، هەڵدەستێت، ئۆی، بێ سوودانە هەڵدەستێت، بێ هەست و خوستانە، توندوتیژانە هەڵدەستێت.

دەگەڕێتەوە ژوورەکەی خۆی، خۆی بەسەر کورسییەکدا دەدات و لە ئارەزووکردنی جوولی بەولاوە هیچ شتێکی تری لە کەللەدا نییە. ئامادەیە هەرچی شتێك لە دنیادا هەیە بیکات بۆ ئەوەی دووبارە بیدۆزێتەوە. لێ ئیدی هیچ شتێك نییە بکرێت. سبەی بەیانی بۆ قاوەڵتیکردن دێتە هۆڵی نانخواردن، بەڵام داخەکەم ئەو لە پاریس لە نێو ئۆفیسەکەی خۆیدا دەبێت، ئەدرێسەکەی نازانێت، دوا ناویشی نازانێت و نایشزانێت لە کوێدا کار دەکات، هیچ شتێکی نازانێت. ئەوەتانێ تاق و تەنیا لەگەڵ ئەو ناهومێدییە بێ هاوتایەیدا سەر بەسەرە کە بەهۆی قەبارەی سەیر و نەگونجاوی ئەندامەکەیەوە بووەتە ڕاستییەکی هەستپێکراو.

هەر سەعاتێك بەر لەوە بوو، کە ئەندامی ناوبراو هەست و هۆشێکی ستایش ئەنگێزی پیشان دا بەوەی کە هەر بەقەبارە ماقووڵەکەی خۆیەوە وابەستە بوو، کاتێك کە لە گوتەیەکی بەرجەستەدا بەو ئارگومێنتە سەلماندی کە عەقڵانییەتەکەی کاریگەریی لە هەمووماڼ کرد، بەڵام ئێستاکە هەندێك بەگومانم دەربارەی سەلامەتی عەقڵیی خودی ئەو ئەندامە خۆی، کە ئا لەم ساتەوەختەدا هەموو عەقڵانییەتەکەی خۆی لە دەست دا، بەبێ بوونی سۆنگەی ماقووڵیش وەکو سیمفۆنیای نۆیەمی بیتهۆڤن دژی هەموو گەردوون ڕادەوەستێت و بەنەڕەنەڕەوە سرووتی شادمانییەکەی بەڕوخساری حوزنئاوەری مرۆڤایەتیدا دەدات.

ڤێرا بۆ جاری دووەم هەڵدەستێتەوە.

″بۆچی بەو ئاستە گوێ کەڕکەرەوە ڕادیۆکە هەڵدەکەیت؟ بەخەبەرت هێنام″.

″من گوێ لە ڕادیۆ ناگرم. ئا لێرەیش دەنگەکەی لە هەموو شوێنێکی تر نزمترە″.

″نەخێر، تۆ ڕادیۆکەت کردبووەوە. ئەمەش شتێکی زۆر خراپ بوو. چونکە من نوستبووم″.

″سوێند دەخۆم″

″ئەی ئەو سرووتی شادمانییە کەودەنە چی بوو، ئەی سەرەڕای ئەوەیش، چۆن دەتوانیت گوێ بۆ ئەوە ڕادێریت؟″

″بمبوورە. ئەوە دیسان خەتای خەیاڵمە″.

″مەبەستت چییە، لە «خەیاڵت»؟ ئایا تۆ ئەو کەسەی کە سیمفۆنیای نۆیەمی نووسیوە؟ ئایا ئێستا ئیدی لەو بڕوایە دایت کە بیتهۆڤنی؟″

″نا، مەبەستم ئەوە نەبوو″.

«ئەم سیمفۆنیایە قەت ئاوا لە تامڵ بەدەر نەبووە، زۆر نەشازە، فرە ناپەسندە، زۆر مندالانە بەدەنگ و زایەڵەیە، زۆر ساویلکانە و سایلۆحانەش بازاڕییە. ناتوانم چی تر تامڵ بکەم. بێگومان ئەوە دوامین پووشە. ئەم شاتۆیە شەبەنگ زەردەیە و نامەوێ یەك ساتی تر تیێدا بمێنمەوە. تکایە، بابڕۆین. بەهەرحاڵ، ئەوا هەتاویش خەریکە هەڵدێت».

ئینجا لە جێوبالینگەکەوە دێتە دەرێ.

بەیانی زووە. لە دوا دیمەنی ڕۆمانەکەی ڤیڤان دینۆن تێ دەفکرم. شەوی عیشقبازی لە ژووری نهێنیئامێزی شاتۆکەدا، هەر لەگەڵ گەیشتنی کەنیزەکە جێ باوەڕەکەدا کۆتاییی پێ دێت، کە بەعاشقەکان دەڵێت ئەوا بەیان دەکەوێت. شێڤالیێرەکە بەخێراییەکی لە ڕادەبەدەر جلەکانی دەپۆشێت و ژوورەکە بەجێ دەهێڵێت، بەڵام لە ڕاڕەوەکانی شاتۆکەدا ڕێگەکەی خۆی وێڵ دەکات. لە ترسی ئەوەیش کە کەس پەی پێ نەبات، بڕیار دەدات بچێتە نێو باخچەکە و خۆی وا بنوێنێ کە لەوێدا وەکو ئەو کەسەی کە دوای خەوی قووڵی شەوێکی تەواو، زۆر زوو هەستاوە و پیاسە دەکات.

هێشتا هەر سەرەگێژەیەتی، هەوڵ دەدات لە مانای سەرچڵییەکەی خۆی حاڵی بێت: ئایا مەدام دی تی لەگەڵ مارکیزە عاشقەکەیدا تێکی داوە؟ ئایا لە پرۆسەی ئەنجامدانی ئەوە دایە کە تێکی بدا؟ یان هەر تەنیا هەوڵی بۆ ئەوە بوو کە سزای بدا؟ ئەی چی بەدوای ئەو شەوەدا دەهات کە تازە بەسەر چوو بوو؟

لە نێو ئەو پرسیارانەدا ون بوو، لە پڕێکدا مارکیزە عاشقەکەی مەدام دی تی لە بەردەمی خۆیدا دەبینێتەوە. پیاوەکە تازە گەیشتووەتە ئەوێ، بەرەو شێڤالیێرەکە هەڵپە دەکات و بەتاسەوە دەپرسێت: ″چۆن بوو؟″

ئەو دایەلۆگەی کە دوای ئەوەش دێت سەرەنجام بۆ شێڤالیێرەکەی دەردەخات کە چ شتێك دنەی سەرکێشییەکەی ئەوی دا: دەبووایە سەرنجی مێردەکە بۆ لای عاشقێکی ساختە ڕابکێشرێت، ئەو ڕۆڵەیش بەر شێڤالیێرەکە کەوت. ڕۆڵێکی زۆر جوان نییە، لە ڕاستیدا ڕۆڵێکی سەیر و گاڵتەجاڕانەیە، مارکیزیش بەپێکەنینێکەوە قبووڵی دەکات. هەر وەکو

ئەوەیش کە پاداشتی قوربانیدانەکەی شێڤالێر بداتەوە، هەندێك نهێنیی بۆ دەدرکێنێ: مەدام دی تی ئافرەتێکە شایستەی ڕێز و خۆشەویستییە و لە سەرووی هەموو شتێکیشەوە ئافرەتێکە خاوەن وەفایەکی بێ وێنەیە. هەر تەنیا یەك تاقە خەوشیشیی هەیە، ئەویش ساردوسڕییە جنسییەکەیەتی.

هەردوو پیاوەکە بۆ شاتۆکە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ڕێز و نەوازشی خۆیان بەمێردەکە پێشکێش بکەن. مێردەکە لەگەڵ مارکیزدا دۆستانەیە و بەرامبەر بەشێڤالێرەکەش بێزەوەرە، پێشنیازی ئەوە دەکات کە جحێڵەکە بەزووترین کات بڕوات، دەرحاڵیش مارکیزە خۆش خووەکە بۆ گەیاندنی، گالیسکەکەی خۆی پێشکێش دەکات.

دوای ئەوە مارکیز و شێڤالێرەکە دەڕۆن سەر لە مەدام دی تی بدەن. لە کۆتاییی گفتوگۆکەشدا، هەر لە بەردەرگاکەدا، پێی دەکرێت هەندێك وشەی پڕ مەحەببەت بەشێڤالێرەکە بڵێت، ئەمانە ئەو دوا دێرانەن کە ڕۆمانەکە گوزارەیان لێوە دەکات: "ئێستاکە خۆشەویستییەکەت ڕات دەکێشێتە دواوە، ئەویش کە ئۆبژێکتی ئەو خۆشەویستییەیە شایانیەتی... دیسانەوە ماڵئاوا. ئەی دلبەر... کۆنتێسەم لێ هان مەدە".

"کۆنتێسەم لێ هان مەدە": ئەوانە دوا وشەکانی مەدام دی تی بوون بۆ دڵدارەکەی خۆی. دوای ئەوەش دەستبەجێ وشە دواینییەکانی ڕۆمانەکە دێن: "سواری ئەو گالیسکەیە بووم کە لەوێدا چاوەڕوان وەستابوو. سۆراغی مەغزای سەراپای ئەو موغامەرەیەم کرد و... هیچم نەدۆزییەوە".

لەگەڵ ئەوەشدا مەغزاکە لەوێدایە: مەدام دی تی بەرجەستەی دەکات: درۆی لەگەڵ مێردەکەیدا کرد، درۆی لەگەڵ مارکیزی دڵداریدا کرد، درۆی لەگەڵ شێڤالێرە جحێڵەکەدا کرد. ئەو خۆی مریدی ڕاستەقینەی ئەپیکۆرە. عاشقی ئۆخژنی خۆشەویستە. درۆزنی خۆپارێزی جێنتڵە. پاسەوانی خۆشبەختییە.

چیرۆکی ئەم ڕۆمانە لە لایەن شێڤالێرەکەوە بەڕاناوی کەسی یەکەم دەگێڕدرێتەوە. هیچ ئایدیایەکی لە بارەی ئەوەوە نییە کە مەدام دی تی لە ڕاستیدا بیر لە چی دەکاتەوە و هەتا ئەو خۆشی تا ڕادەیەك لە قسەکردن دەربارەی هەست و تێفکرینەکانی خۆی دەست قووچاوە. ئاوا جیهانیی ناوەوەی هەردوو کاراکتەرەکە شاراوە، یاخۆ نیمچە شاراوە دەمێنێتەوە.

سبەینێ زوو، کاتێك کە مارکیز دەربارەی ساردوسڕیی دڵدارەکەی دەدوا، شێڤالێرەکە لەودیو ئاسینەکەیەوە پێ دەکەنی، چونکە مەدام دی تی بەر لە نەختێك بەرعەکسی ئەوەی بۆ ئەم سەلماند. بەڵام لەو تاقە یەقینەش بترازێ شتێکی تری نەبوو. ئاخۆ ئەوەی کە مەدام دی تی لەگەڵیدا کردی بۆ ئەو شتێکی ڕۆتینی بوو، یان موغامەرەیەکی تەواو ناوازە و دەگمەن بوو؟ ئایا دڵی پێی هەژا یاخۆ هێشتایش هەر نەسمراو مایەوە؟ ئایا شەوی عەشقبازییەکەی وای لێ کرد دڵپیسی لە کۆنتێسە بکات؟ ئایا ئەو وشانەی دوایین کە کۆنتێسەی بەشێڤالێرەکە ڕاسپارد، ڕاستگۆ بوون؟ یان بەئاسانی بەهۆی پرسی ئەمن و ئاسایشەوە هان درابوون؟ ئایا غیابی شێڤالێرەکە وای لێ کرد نۆستالْژیك(١٠٥) بێت، یاخۆ هەروا بەکەمتەرخەمی لێی گەڕا؟

بەڵام لە بارەی ئەو خۆیشییەوە: کە مارکیز ئەو بەیانییە زووە سەرکۆنەی کرد، بەزرنگی وەڵامی دایەوە و توانیی هەڵوێستەکە لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا هەستی بەچی دەکرد؟ ئەی پاش بەجێ هێشتنی شاتۆکە هەست بەچی دەکات؟ لە بارەی چییەوە تێ دەفکرێت؟ لە

(١٠٥) Nostalgic: حەنین بۆ ڕابردوو. خۆزگە خواستن بە... بیری نیشتمان، ماڵەوە،.... کردن.

بارەی ئەو ئۆخژنەی کە ئازمایشی کردووە، یاخۆ ئەو ئابڕووەی کە وەکو تووتەڵەیەکی گاڵتەئامێزە؟ ئایا وەکو سەرفرازێك هەست دەکات، یاخۆ وەکو نوشوست خواردوویەك؟ ئایا وەکو دڵشادێك هەست دەکات، یاخۆ وەکو بەدبەختێك؟

بەواتایەکی تر: ئایا شیاوە لە ئۆخژندا و لە پێناوی ئۆخژندا بژیت و کامەران بیت؟ ئایا دەکرێ ئارمانی هێدۆنیزم بێتە دی؟ ئایا ئومێد لەوەدا هەیە؟ یاخۆ لانی کەم هەندێك تیشکی کزی ئەو ئومێدە؟

٤٥

تا ڕادەی مەرگ شەکەتە. بەئاواتە لەسەر پێخەفەکەدا ڕاکشێت و بخەوێت، بەڵام ناتوانێت ڕیسکی ئەوە بکات کە لە کاتی خۆیدا لە خەو هەڵنەستێت. پێویستە لە ماوەی سەعاتێکدا بڕوات، نەك لەوە درەنگتر. دانیشتوو لەسەر کورسییەکە، بەزۆر خوودەی ماتۆڕەکە دەنێتە سەری و دەزانێت کەوا قورساییەکەی خەوەنووچکەی لێ دوور دەخاتەوە. بەڵام دانیشتنی مرۆڤێك بەخوودەیەکەوە لەسەریدا و نەتوانینیشی بۆ خەوتن هیچ مانایەك نابەخشێ. هەڵدەستێت و بڕیاری ڕۆیشتن دەدات.

ڕۆیشتنی نزیك بووەوە پۆنتیڤینی وەبیر دەهێنێتەوە! ئای، پۆنتیڤین! پۆنیتڤین تاقی دەکاتەوە. ئاخۆ دەبێ چی پێ بڵێت؟ ئەگەر هەر هەموو ئەوانە بڵێت کە ڕوویان دا، ئەوا بێگومان پۆنتیڤین سەرحاڵ دەبێت و ئەو دوای خەڵکی قەرەباڵغییەکەیش هەروەها سەرحاڵ دەبن.

چونکە هەمیشە خەنداوەرە کاتێك کە گێڕەرەوە ڕۆڵێکی کۆمیدییانە لە چیرۆکەکەی خۆیدا بگێڕێت. لە ڕاستیشدا هیچ کەسێك لە پۆنتیڤین باشتر ئەوە ئەنجام نادات. بۆ نموونە: کاتێك کە لە بارەی ئەزموونەکەی خۆیەوە دەدوێت لەگەڵ ئەو تایپێستەی کە بەپرچ بەملا و لادا ڕای کێشابوو، چونکە لەگەڵ ئافرەتێکی تردا لێی تێك چووبوو. بەڵام ئاگەدار بە! پۆنتیڤین

موسیبەتە! هەموو کەسێك لەو باوەڕەدایە کە حیکایەتە گاڵتەجاڕەکەی ڕووپۆشێکە بۆ ئەو شتە هەقیقییەی کە زۆر لەوەش مەغرورترە. گوێگرەکان لەبەر دڵدارەکەی ئیرەیی پێ دەبەن، چونکە پەیجۆری ئەوەی لێ دەکات کە دڕندانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و ئیرەیی بارانەیش شێوەی تایپێستێکی جوانکیلە دەکەن کە هەر خوا خۆی دەزانێت چی لەگەڵدا دەکات. کەچی ئەگەر ڤینسینت چیرۆکی ئەو جووتبوونە ساختەیەی سەر لێواری حەوزەکە بگێڕێتەوە، ئەوا گشت کەسێك باوەڕی پێ دەکات و بەخۆی و تێشکانە ئابڕووبەرەکەی پێ دەکەنن.

لە ژوورەکەدا هاموشۆ دەکات و تەقەلای ئەوە دەدات کە نەختێك بەچیرۆکەکەیدا بچێتەوە، دووبارە دای بڕێژێتەوە و هەندێك ڕتووشی بخاتە سەر. یەکەمین شت کە دەبێ ئەنجامی بدات گۆڕینی ئەو جووتبوونە خەیاڵکراوەیە بۆ جووتبوونێکی ڕاستەقینە. خەیاڵی ئەوە دەکات کە خەڵك بۆ حەوزەکە دێن و بە تێکئالانی حیشەرییانەی ئەو جووتە، شیفتە و سەرسام دەبن و هەموو بەپەلەپەل ڕووت دەبنەوە، هەندێك چاودێرییان دەکەن و هەندێکیش لاساییان دەکەنەوە، کاتێکیش کە ڤینسینت و جوولی ئەو جووتبوونە بەکۆمەڵە دەبینن کە تەواوی دەوروبەریانی داگرتووەتەوە، بەهەستێکی زۆر وردی کارامەییەکی شانۆییانەوە هەڵدەستن و دیسان بۆ چەند چرکەیەك لەو جووتە بە سەروسەدایانەی زێوارییان ڕادەمێنن و ئەوسا، وەکو ئەو هێزە ئافریدەکەرانەی دوای خولقاندنی جیهان پاشەکشێ دەکەن و لێك دادەبڕێن. وەکو چۆن پێکەوە هاتن، ئاوا بەدوو ئاڕاستەی جیاوازدا دەڕۆن و جارێکی تر هەرگیز بەیەك ناگەنەوە.

هەر لەگەڵ ئەوەی کە ئا ئەم دەستەواژە ترسناکەی «جارێکی تر هەرگیز بەیەك ناگەنەوە» بەسەریدا ختووره دەکات ئەندامەکەی دووبارە ڕەپ دەبێتەوە، بەلام ڤینسینت دەیەوێت سەری خۆی لە دیوارەکە بدات. ئا لێرەشدا شتێکی سەیر هەیە کاتێك کە ئەو خەریکی خولقاندنی دیمەنی

ئـۆرجـیـیـەکـە بـوو، ڕەپـبـوونـە جـاڕسکـەرەکـەی ڕەوییـەوە، بـەپێچـەوانـەی ئـەوەیشەوە کاتێك کە جوولی ڕاستەقینەی بزر، وێنا دەکاتەوە، دیسان شێتـانـە ڕەپ دەبێتـەوە. بـۆیـە بـەچیرۆکـی ئـۆرجـیـیـەکـەی خـۆیـەوە پـابـەند دەبێت، وێنـای دەکات و جار دوای جار بۆ خۆی دەیگێڕێتەوە: مومـارەسـەی سێکس دەکەن، هەموو جووتەکانی تریش دێن، چاودێرییان دەکەن. ڕووت دەبنەوە و زوو بەزوویش لە دەوروبەری حەوزەکەدا لە هینکە و جۆش و خرۆشی جووتبوونی بەکۆمـەڵ بـەولاوە هیچی تر نـابیستریێ. لـە دواییشدا، پـاش چـەند جـارێك دووبـارەکردنـەوەی ئـەم فـلـیمـە پـۆرنـۆگرافییە کورتـە، هـەست بـەچاکتربوونـەوە دەکات، ئـەندامـەکـەشی هـەڵسوکـەوتی خـۆی چـاك دەکاتەوە و تەقریبەن ئارام دەبێتەوە.

وێنـای قـاوەخـانـەکـەی گـاسکـۆن دەکـات، هـاوەڵـەکـانـی هـەمـوویـان گـوێیـان لێی گرتووە. پۆنتیڤین، مـاچوو بـەزەردەخـەنـە سـەرنجڕاکێشە گـەمژانـەکـەی، گۆجارد و بەیانکردنی کۆمێنتارە پڕ لە مەعریفەکانی و ئەوانی دیش. لـە ئـاخر و ئۆخریشدا پێیان دەڵێت: ″کوڕگەلینە من لـەجیاتی ئێوە گانم کرد، چووکتـان لـەویێ لەو ئۆرجییە نایابە لەگەڵ مندا بوو، من بریکاری ئێوە بـووم. بـاڵـوێزی ئـێوە بـووم، نمـایـنـدەی گـانـکـردنـتـان بـووم، مـن چـووکـی کرێگرتەی ئێوە بووم، من چووکێکی بەکۆمـەڵ بووم!″

بـەژوورەکـەدا هـاموشۆ دەکات و چـەند جـارێك بـەدەنگی بـەرز دوا گوزارە دووپـات دەکـاتـەوە. چووکێکی بەکۆمـەڵ، ئـای کـە داهێنـانێکی مـەزنـە! دوای ئـــەوە (ئـــەو ڕەپـبـوونـە جـاڕسکـەرە بـەیـەکـجـاری دەڕەوێتـەوە) و ئـــەویش جانتاکەی هەڵدەگرێت و دەڕوات.

٤٦

ڤێرا ڕۆیشتووە لە نووسینگەکەدا حیسابی مانەوەکەمان بدات، منیش باوڵێکی بچکۆلانە هەڵدەگرم و بەرەو ئۆتۆمبێلەکەمانی دەبەم کە لە نێو

حەوشەکەدایە. پەشیمانم لەوەی کە سیمفۆنیای بێ نەزاکەتی نۆیەمین خەوی ژنەکەمی تاراند و ڕۆیشتنمانی لەم جێگەیەدا خێراتر کرد کە تێیدا گەلێك خۆشنوود بووم، تەماشایەکی خەفەتبارانەی دەوروبەری خۆم دەکەم. ئا لەوێدا، لە پێپلیکانەکانی بەردەمی شاتۆکەدا بوو کە مێردەکە بەنەزاکەت و ساردییەکەوە بۆ پێشوازیکردنی ژنەکەی هات کە لەگەڵ شێڤالێرە جحێڵەکەدا بوو، کە گالیسکەکەیش کەوتە جووڵە شەو دەستی پێ کردبوو. ئا لەوێ دوای نزیکەی دە سەعات، شێڤالێرەکە دەردەکەوێت، ئێستاکە ئیدی تاق و تەنیایە و هیچ هاودەمێکی لەگەڵدا نییە. کاتێك کە بەدوایدا دەرگەی ئەپارتمانەکەی مەدام دی تی داخرا، گوێی لە پێکەنینی مارکیز بوو، دەرحاڵیش پێکەنینێکی تری بەدوادا هات، کە پێکەنینی ئافرەتێك بوو، بۆ چرکەساتێك هەنگاوەکانی هێوربوونەوە: بۆچی پێ دەکەنن؟ ئایا مەزاقی پێ دەکەن؟ لەبەرئەوە نایەوێت گوێی لە هیچ شتێکی تر بێت، بۆیە بەبێ دواکەوتن بەرەو دەرگەی چوونە دەرەوە مل دەنێت، لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا هەر لە نێو ڕۆحی خۆیدا گوێی لەو پێکەنینە دەبێت، ناتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات، کۆمێنتارەکەی مارکیزی وەبیر دێتەوە: "کەواتە تۆ نازانیت ڕۆڵەکەت چەند کۆمیدییە؟" کاتێك کە ئەو سەرلەبەیانییە زووە مارکیز ئەو پرسیارە نەگریسەی لێ کرد، ئەو چاوی نەترووکاند. دەیزانی کە مارکیز بووەتە گەواد، بەشادییەکەوە ئەوەی بەخۆی وت کە یانێخۆ (مەدام دی تی) خەریکبوو مارکیز بەجێ بهێڵێت، چونکە ئەو خۆی لەوە دڵنیا بوو کە جارێکی تر هەر دەیبینێتەوە، یانێ خۆ تۆڵەی خۆی دەسەندەوە، بۆیە لەوانە بوو جارێکی تر بیبینێتەوە «چونکە ئەو کەسەی کە ئەمڕۆ تۆڵەی خۆی بستێنێتەوە سبەینێیش هەر تۆڵە دەستێنێتەوە». ئەمە ئەوەبوو کە بەر لە کاتژمێرێك بیری لێ دەکردەوە، بەڵام ئێستا دوای وشە دوایینەکانی مەدام دی تی، هەموو شتێك ڕوون بووەوە: کە ئەو شەوە ئیتر شەوێکی تری ئاوای بەدوادا نایەت. سبەینێیشی نییە.

لەگەڵ سارد و سەرمای بەیانییە خەڵوەتەکەدا شاتۆکە بەجێ دەهێڵێت و ئەوە بەخۆی دەڵێت، ئا لەو شەوەی کە تێیدا ژیا هیچ شتێك بۆ ئەو نەماوەتەوە، هیچ شتێك نەماوەتەوە تەنیا ئەو پێکەنینە نەبێت: ئەو حیکایەتە بڵاو دەبێتەوە و ئەویش دەبێتە مەسخەرەیەك. ئەوەیش ڕاستییەکی زانراوە کە هیچ ژنێك ئارەزووی پیاوێکی قەشمەرجاڕ ناکات. بەبێ مۆڵەت خواستن، کڵاوی لێبووکیان خستە سەری و هەستیش ناکات کە لە سەری کردووە. بەڵام لە ناو ڕۆحی خۆیدا گوێی لە دەنگی یاخیبوون دەبێت و هانی دەدات چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە، بەوجۆرە بیگێڕێتەوە کە ڕووی داوە، بەڕاشکاوی و بۆ هەموو کەسێك بیگێڕێتەوە.

بەڵام ئەو دەزانێت کە لە توانایدا نابێ ئەوە ئەنجام بدات. هەتا گەوجی و نەفامییش لەوە خراپترە کە قەشمەرجاڕ بێت. بۆیە ناتوانێت ناپاکیی لەگەڵ مەدام دی تی دا بکات و ناپاکیشی لەگەڵدا ناکات.

٤٧

لە دەرگەیەکی ترەوە، دەرگەیەکی پەنامەکئامێزتری نزیك بە نووسینگەی پێشوازیکردنەوە، ڤینسینت بۆ نێو حەوشەکە دەچێتە دەرێ. لە دووبارەکردنەوەی چیرۆکی ئەو ئۆرجییەی تەنیشت حەوزەکە بەردەوامە، چی تر لە پێناوی کاریگەریی دژە- ڕەپبوونەکەی[١٠٦] نییە ئەو ئێستا لە هەموو ڕەپبوونێکەوە دوورە بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو یادەوەرییە حوزنئاوەرە لە تامڵ بەدەرەی جوولی بسڕێتەوە. ئەوە دەزانێت کە هەر تەنیا ئەو چیرۆکە داهێنراوە دەتوانێت ئەوەی لە بیر بەرێتەوە کە لە ڕاستیدا چی ڕووی دابوو. دەیەوێ ئەو چیرۆکە تازەیە بەڕاشکاوی و زوو بەزوویی بگێڕێتەوە و بیکات بەئاوازێکی سێریمۆنییانەی شەیپوور کە یادەوەری ئەو جووتبوونە ساختە حەقارەتئامێزە بسڕێتەوە و نەیهێڵێت، کە بوو

(106) anti- arousal: ڕەپنەبوون.

بەهۆی ئەوەی جوولی لە دەست بدات.

(کێرێکی بەکۆمەڵ بووم) ڤینسیت ئەمە بۆ خۆی دووبارەی دەکاتەوە و گوێی لە پێکەنینی دەسیسەگەرانەی پۆنتیڤین دەبێت و پاکۆی دەداتەوە، ئەو زەردەخەنە تاوانبارکەرە لەسەر سیمای ماچوودا دەبینێت کە دەڵێت: ″تۆ چووکێکی بەکۆمەڵیت، بێجگە لە چووکی بەکۆمەڵیش بەهیچ ناوێکی تر بانگت ناکەین″ ئەو فیکرەیەشی بەدڵە و بزەخەندەی بۆ دەکات.

لەگەڵ ڕۆیشتنیدا بەرەو ماتۆڕەکەی کە لە کۆتاییی حەوشەکەدا ڕاگیراوە، پیاوێکی نەختێك لە خۆی گەنجتر دەبینێت، جلوبەرگی دەورانێکی زۆر قەدیمەی لەبەردایە و بەرەو ڕووی دێت. ڤینسینت بەسەرسامییەوە لێی ڕادەمێنێت. ئۆی، لە ڕاستیدا ڕەنگە دوای ئەو شەوە شێتانەیە بێ حاڵ و پرزەبڕاو کرابێت، ناتوانێت هیچ ڕاڤەیەکی ماقووڵ بۆ ئەم دەرکەوتنەی بهێنێتەوە. ئایا ئەو هەر ئەکتەرێکە و دەستە جلێکی مێژوویی پۆشیوە؟ تۆ بڵێی وابەستەی ئەو ئافرەتەی تەلەفزیۆن بێت؟ تۆ بڵێی دوێنێ یەکێك ئا لێرە لە شاتۆکەدا ڕیکلامێکی تەسویر کردبێ؟ بەڵام کە بەرخوردی چاوەکانیان دەکات، لە ڕوانین پیاوە گەنجەکەدا ئەو حەپەسانە زۆر ڕاستەقینەیە بەدی دەکات کە هیچ ئەکتەرێك توانای بەسەریدا ناشکێت.

٤٨

شێڤالێرە جحێڵەکە تەماشای پیاوە نامۆکە دەکات، بەتایبەتی خوودەکەیە کە سەرنجی ڕادەکێشێت. بەر لە دوو یاخۆ سێ سەدە، شێڤالێرەکان کە دەچوونە جەنگ دەبووایە خوودەی ئا لەو بابەتە لەسەر بکەن. بەڵام نامۆییی نارێکوپێکییەکەی ئەو پیاوە هیچ لە نامۆییی خوودەکە کەمتر نییە. پانتۆڵێکی درێژ، پفکردوو، تەواو بێ شەقڵ و ناشیرینی لەبەرە، لەو جۆرانەیە کە لەوانەیە هەر تەنیا وەرزێڕە هەژارەکان لە بەری بکەن. یاخۆ لەوانەیە هەر تەنیا ڕەبەنەکان لەبەری بکەن.

هەست بە شەکەتی و پرزە بڕاوی و تەقریبەن بیماری دەکات. دەشێ خەوتبێت؛ دەشێ خەون ببینێ، دەشێ ورێنە بکات. سەرەنجام پیاوەکە ڕێك لەبەردەمیدا قوت دەبێتەوە، زاری دادەپچڕێت و ئەو پرسیارە دەکات کە سەرسوڕمانی شێڤالیێرەکە پتەوتر دەکات: "ئایا تۆ خەڵکی سەدەی هەژدەمینی؟"

پرسیارەکە زۆر سەیرە، ئەبسێردە، بەڵام بەو شێوەیەی کە پیاوەکە دەیپرسێت سەیرتر و ناماقووڵتریشە، بەنەغمەیەکی سەیرەوە دەیڵێت، وەکو ئەوەی پەیامبەرێك بێت و لە شانشینێکی بێگانەوە هاتبێت و زوبانی فەڕەنسی لە دەربارادا فێر بووبێت. بەبێ ئەوەی شارەزای فەڕەنسا بێت. ئا ئەو نەغمەیەیە، ئا ئەو واژەکردنە لە باوەڕبەدەرەیە کەوا لە شێڤالیێرەکە دەکات وای بۆ بچێت ئەو پیاوە لە ڕاستیدا دەشێ سەر بەسەردەمێکی تر بێت.

دەپرسێت: "بەڵێ، ئەی تۆ؟"

"من؟ من خەڵکی سەدەی بیستەمم" ئینجا درێژەی دەداتێ: "کۆتاییی سەدەی بیستەم" دوای ئەوەیش زیاتر درێژەی دەداتێ و دەڵێ: "ئا ئێستا لەبەسەربردنی شەوێکی نایاب بوومەوە" ئەو سەرنجە شێڤالیێرەکە دەهەژێنێ و دەڵێت: "منیش هەروەها"

وێنای مەدام دی تی دەکات و لەناکاوڕا دووچاری قەدردانی و پێزانین دەبێت. ئەی خوای گەورە، چۆن دەتوانێت هێندە بیری خۆی بەو پێکەنینەی مارکیزەوە مژووڵ بکات؟ وەکو ئەوەی جوانیی ئەو شەوەی کە بەسەری بردبوو گرینگترین شت نەبووبێ، ئەو جوانییەی کە هێشتایش لە بەدمەستییەکی ئەوتۆوە دەیئاڵێنێ کە تارماییەکان ببینێت و خەون لەگەڵ واقیعدا تێکەڵاو بکات و هەست بەوە بکات کە تووڕ هەڵدراوەتە دەرەوەی زەمەن.

پیاوە خوودە لەسەرەکەش، دووبارە بەنەغمەی قسەکردنە غەریبەکەیەوە

دەڵێت: ″ئا ئێستا لە بەسەربردنی شەوێکی تەواو نایاب بوومەوە″.

شێڤالێرەکە سەری دەلەقێنێ وەکو ئەوەی بڵێت: بەڵێ، دەزانم چیت مەبەستە هاورێ، کێ لە من باشتر لە تۆ حاڵی دەبێت؟ دوای ئەوەیش لەو کارە تێ دەفکرێت: ئەو گفتی پەنهانگیریی دابوو بۆیە هەرگیز ناتوانێت بۆ هیچ کەسێکی بدرکێنێت کە چی بەسەرهاتبوو، بەڵام ئایا پەنهانگیریی پاش دوو سەد ساڵی دییش هەر پەنهانگیرییە؟ هەست بەوە دەکات کە خواوەندی لێبەرتاینەکان ئەم پیاوەی بۆ ئەوە بۆ ناردووە هەتا لەگەڵیدا بئاخڤێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ناپەنهانگیر بێت و هاوکاتیش بەگفتی پەنهانگیرییەکەی خۆیەوە پابەند بێت، بۆ ئەوەی ساتێك لە زیندەگیی خۆی لە شوێنێکدا، لە شوێنێك لە ئایندەدا تۆمار بکات و بیکات بەشکۆمەندی و فرێی بداتە نێو نەمرییەوە.

«ئایا تۆ بەراستی خەڵکی سەدەی بیستەمی؟»

«بێگومان ئەی پیرەمێرد من خەڵکی سەدەی بیستەمم. شتی فرە سەیر و سەمەرە لەم سەدەیەدا روودەدات. ئەم سەدەیە رەهابوونی ئاکار و رەوشتە. پێت دەڵێم: «ئا ئێستا لە بەسەربردنی شەوێکی نایاب بوومەوە.»

″منیش هەروها″، شێڤالێرەکە جارێکی دیش دەیڵێتەوە و خۆی بۆ ئەوە تەیار دەکات کە لە بارەی شەوەکەی خۆیەوە بۆی بدوێت.

″شەوێکی سەیر، زۆر سەیر و لە باوەرپەدەر″، پیاوە خوودە بەسەرەکە ئەمە دووپات دەکاتەوە و تێروانینەکەشی سووربوون سەنگینی دەکات.

شێڤالێرەکە لەو تێرامانەدا مەیلێکی کەللەشەقانە بۆ ئاخاوتن بەدی دەکات. شتێك لە ناو ئەو کەللەشەقییەدا دەیشڵەژێنێ. لەوە حاڵی دەبێت کە بێ ئۆقرەیی بۆ ئاخاوتن لە هەمان کاتدا بەتەنگەوەنەهاتنێکی گومان هەڵنەگری گوێگرتنە. بەپێکدادان لەگەڵ ئەم مەیلەی ئاخاوتنیشدا، شێڤالێرەکە دەمودەست هەوەسی وتنی هیچ شتێکی نامێنێت و

دەمودەستیش هیچ هۆیەك بۆ درێژەپێدانی دیدەنییەکە نابینێت. هەست بەشەپۆلێکی تازەی ماندووبوون دەکات. بەدەست نەوازشی دەموچاوی خۆی دەکات و بەرامەی ئەو خۆشەویستییە دەقۆزێتەوە کە مەدام دی تی لە سەری ئەنگوستەکانیدا بەجێی هێشتبوو. ئەو بەرامەیە بەرەو نۆستالژیا ڕای دەماڵێت و دەیەوێت لە نێو گالیسکەکەدا تاق و تەنیا بێت و بەهێواشی و خەوبینانە بەرەو پاریس ببرێت.

٤٩

پیاوە جلوبەرگ باستانییەکە بۆ ڤینسینت زۆر گەنج بەدیار دەکەوێت و ڕەنگە بۆ ئەوە پێداویستی بەوە بووبێت کە بایەخ بە دانپێدانانی ئەو خەڵکە بدات کە لە خۆی بەتەمەنترن. کاتێك کە ڤینسینت دووجار پێی وت: «ئا ئێستا لە بەسەربردنی شەوێکی نایاب بوومەوە». ئەویش بە «منیش هەروەها» وەڵامی دایەوە، وای بۆچوو کە لە ڕوخساریدا جۆرە لاپرەسەنییەکی سەیری بەدی کرد، بەڵام دوای ئەوە، لەپڕێکدا، لاپرەسەنییەکەی بەشێوەیەکی نادیار و سەیر ڕەوییەوە و دووبارە ئەو بایەخ پێ نەدانە لەخۆباییە ڕوخساری داگرتەوە. ئەو ئەتمۆسفیرە دۆستانەیەیش کە بۆ بڕوایی بەخشین گونجا بوو، بەحاڵ خولەکێك درێژەی کێشا و پاشان ڕەوییەوە.

بەسەغڵەتییەکەوە دەڕوانێتە جلوبەرگی پیاوە جحێڵەکە. بەهەرحاڵ، ئەم لێبووکە کێیە؟ ئەو پێڵاوە بەبەرەزوانە زیوویندارانە، ئەو پانتۆڵە سپییەی کە بەلاق و سمتەکانییەوە چەسپیوە، هەموو ئەو جابۆت[١٠٧] و مەخمەڵ و شریتە جیاوازانەیش کە سەر سینەی دادەپۆشن و دەیڕازێننەوە. بەدوو پەنجە ئەو شریتە دەگرێت کە لە دەوری ملی پیاوەکەدا گرێ دراوە و بە

(١٠٧) Jabot: ئەو پارچە قوماشەی کە دێرزەمان پیاوان لە ئێخەیان دەدا یاخۆ لە ملیان دەکرد.

زەردەخەنەیەکەوە ئازمایشی دەکات کە لاساییکردنەوەی ستایش دەگەیەنێت.

دۆستانەییی ئیشارەتەکان پیاوە جلوبەرگ دێرزەمانییەکە دەهری دەکات. دەموچاوی کرژ دەبێتەوە و ڕق و کینە لێوانلێوی دەکەن. دەستی ڕاستی هەڵدەبڕێت وەکو ئەوەی بیەوێت بەو پیاوە بێ ئابڕووەدا بیکێشێت. ڤینسینت شریتەکە بەردەدات و هەنگاوێك پاشەکشێ دەکات. پاش ئەوەی نیگایەکی حەقارەتئامێزی دەکات، پیاوەکە وەردەچەرخێت و بەرەو لای گالیسکەکە دەڕوات.

ئەو حەقارەتەی کە بەسەریدا تفاندییەوە دووبارە ڤینسینتی توورِ هەڵدایە نێو کێشمەکێش و شپرزەیییەوە. لەپڕێکدا هەست بە بێتوانایی دەکات. دەزانێت کە حیکایەتی ئۆرجییەکە بۆ کەس ناگێڕێتەوە. توانای ئەوەشی نابێت درۆ بکات. هێند غەمگینە لە تاوا درۆی پێ ناکرێت. هەر تەنیا یەك ئارەزووی هەیە ئەویش لە بیرکردنی بەپەلەی ئەو شەوەیە، لەبیرکردنی ئەو شەوە تەواو کارەساتاوییەیە، سڕینەوەیەتی، نەهێشتنەیەتی، هەڵوەشاندنەوەیەتی و ئا لەم ساتەیشدا هەست بەتینوویەتییەکی لەبن نەهاتوو دەکات بۆ خێرایی.

بەشەقاوی جێگیر و پتەو، خێرا بەرەو ماتۆڕەکەی دەڕوات، ئارەزووی ماتۆڕەکەی دەکات، خۆشەویستیی ماتۆڕەکەی دای دەگرێتەوە، ئەو ماتۆڕەی کەلە سەریدا هەموو شتێك و تەنانەت خۆیشی لە بیر دەکات.

ڤێرا سواری ئۆتۆمبێلەکە دەبێت و لە تەنیشتم دادەنیشێت.

پێی دەڵێم: «سەیری ئەوێ بکە،»

«کوێ؟»

«ئەوێ! ئەوە ڤینسینتە! نایناسیتەوە؟»

«ڤینسینت؟ ئا ئەوەی کە سواری ماتۆڕەکە دەبێت؟»

«بەڵێ. دەترسم زۆر بەخێرایی پێی بڕوات. بەڕاستی ترسم لێی هەیە.»

«حەز دەکات بەخێرایی باژوێ؟ ئەویش هەر ئەوە دەکات؟»

«هەموو جارێك نا، بەڵام ئەمڕۆ وەکو شێت دەڕوات.»

«ئەم شاتۆیە ڕۆحزەدەیە، بۆ هەموو کەسێك شوومی دەهێنێت. تکایە، ئۆتۆمبێلەکە بخەرە کار!»

«ساتێك چاوەڕوان بە.»

دەمەوێ سەرومڕ بیر لە شێڤالێرەکەم بکەمەوە، کە بەهێواشی بەرەو گالیسکەکە دەڕوات. دەمەوێ لەزەت لە ڕیتمی هەنگاوەکانی بەرم تا پتر بڕوات، هەنگاوەکانی هێواشتر دەبنەوە. وای بۆ دەچم کە ئا لەو هێورییەیدا پەی بەهێمای بەختەوەری دەبەم. گالیسکەوانەکە سڵاوی لێ دەکات، ڕادەوەستێت، قامکەکانی لە کەپووی نزیك دەخاتەوە، ئینجا سوار دەبێت و لە جێگەکەیدا دادەنیشێت، لە سووچێکیدا هەڵدەکورمێت، قاچەکانی بەئاسوودەیی لە بەردەمی خۆیدا درێژ دەکات. گالیسکەکە دەکەوێتە جووڵە، هەر زوو تاوێك خەوەتۆتکە دەیباتەوە، ئینجا بەخەبەر دێتەوە، بەدرێژاییی ئەو وەختەش کۆششی ئەوە دەکات تا پێی بکرێت لەم شەوەوە نزیك بێت کە سەرسەختانە لە نێو ڕووناکییەکەدا دەتوێتەوە.

سبەینێ نییە.

جەماوەر نییە.

تکات لێ دەکەم هاورێ، بەختەوەر بە. من هەستێکی نادیار و سەیری ئەوەم هەیە کە تاقە ئومێدمان بەتوانای بەختەوەربوونتەوە بەندە.

گالیسکەکە لە نێو تەمتوومـاندا ون دەبێت و منیش ئۆتۆمبێلەکە دەخەمە گەڕ.